

# ئیفادەی کوردەکان بۆ ماجەرای رەفا و ئەربەکان

## مێزگرد و گفتوگۆ

ئامادەکردنی: ستران عەبدوڵڵا

سلێمانی - ٢٠١٢

ئیفادەی کوردەکان
بۆ ماجەرای رەفا و ئەربەکان

ئامادەکردنی: ستران عەبدوڵڵا

سلێمانی - ٢٠١٢

## چیرۆکی ئەم کتێبە

ناوەڕۆکی مێزگردێکی کوردستانییە لەسەر یەکەم بردنەوەی حزبێکی ئیسلامی لە تورکیا (حزبی رەفا کە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٩٥-ی بردەوە) کەچەندین نووسەرو سیاسەتکاری کورد بەشدارییان تێداکردو بە دوای خۆیدا زنجیرەیەک نووسین و بەدواداچوونی هێنا. کۆی ئەم نووسینانە قۆناغێک لەبیرکردنەوەو هەڵسەنگاندنی نووسەرانی کورد، لەو سەردەمە، دەردەخەن.



**ئیفادەی کوردەکان**

**بۆ ماجەرای رەفا و ئەربەکان**

# ئیفادەی کوردەکان
# بۆ ماجەرای رەفا و ئەربەکان
## مێزگرد و گفتوگۆ

**ئامادەکردنی: ستران عەبدوڵڵا**

**سلێمانی ـ 2012**

- ناوی کتێب: **ئیفادەی کوردەکان بۆ ماجەرای رەفا و ئەربەکان**
- بابەت: **مێزگرد و گفتوگۆ**
- چاپ: **چاپی یەکەم**
- تیراژ:
- بەرگ:
- چاپخانە:

## پێشەکی

هەر کتێبێـک چیرۆکێکـی هەیە، کە دەشـێ لاوەکـی بێـت لەچـاو ناوەڕۆکەکەیدا، بەڵام ئەم کتێبە چیرۆکێکی خۆشـی هەیە، شـایانی ئەوەیە لێرەدا بیگێڕمەوە، بۆ ئەوەی تاموچێژی باسوخواسەکانی بـۆ خوێنەران خۆشبکات.

لە (1995/12/25)دا، یـانی پێـنج ڕۆژ پـێش سـەری سـاڵی (1996)، لە وڵاتـی تورکیـا هەڵبژاردنێکـی گـشتی کـرا، کە بـۆ یەکەمـین جـار حزبێکـی ئیـسلامی پـلەی یەکەمـی لە ڕیزبەنـدیی براوەکانـدا بەدەسـتهێنا. حزبـی ڕەفـای ئیـسلامیی بە سـەرۆکایەتی ئەنـــدازیار نەجمەدیـــن ئەربەکـــان ســـاڵی نـــوێی بەو بـــردنەوەیە دەسـتپێکرد، کە هەژانێکـی گەورە بـوو لەنـاو جەرگەی قەڵایەکـی سەرسەختی سیکولاریزم لە شێوە کەمالییەکەیدا.

نزیکەی دوو مانگ تەنگژەی سیاسی ڕێی لە وەگرت ئیئتیلافێکی تۆکمە حکومەتی نوێ پێکبهێنێت، کەس نەیدەتوانی حزبی ڕەفا نادیدەبگرێت و کەسیش نەیدەوێرا پێشنیازی هاوپەیمانێتی ئیئتیلافی لەگەڵ بکات، لە گەرمەی ئەو تەنگژەیەدا، وەک ڕۆژنامەنووسێکی تازەکار لەناو ڕۆژنامەنووسیی تازە سەرهەڵداوی کورد لە سایەی ئازادیی کوردستاندا، بیرۆکەی مێزگردێکم لا گەڵاڵەبوو، ئەو کاتە کوردستانی نوێ، ئەو ڕۆژنامەیەی کارم تێدا دەکرد، بارەگا

سەرەکییەکەی لە هەولێر بوو، وام بەبیرداهات هەمە رەنگییەک لە کارەکەدا بکەم، بەو شێوەیەی یەک تیمی و فرە ئاڕاستەیی تێدا بێت: خۆم لە هەولێر کاردەکەم، مێزگردەکە لە سلێمانی و بەناوی نووسینگەی رۆژنامەکەوە لە سلێمانی، سازبکەم، میوانەکانیش هەر لە سلێمانی بن.

بەمجۆرە لەگەڵ مەرحوم مامۆستا محەمەد نوری تۆفیق، بەرپرسی ئەو کاتی نووسینگە، رێککەوتم کە ئەو بەناوی نووسینگەوە ئامادەبێ و تاوتوێی میوانەکانیشم لەگەڵدا کرد، هەوڵم دا میوانەکان لە ڕووی حزبی و ئایدیۆلۆژییەوە، هەمەڕەنگ بن. میوانەکان بەم شێوەیە و بەناونیشانی ئەوکاتی خۆیانەوە، دیاریکران:

- شەهید کاک عەبدولستار تاهیر شەریف مامۆستای زانکۆ، سیاسەتکار و شارەزا لە کاروباری تورکیا.
- کاک مەحمود رەزا بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان.
- کاک دڵشاد رەشید سەرنووسەری گۆڤاری دیموکراسی ئۆرگانی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان.
- کاک ئاوات محەمەد لە سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.
- کاک حەمە شوان لە حزبی شیوعی کوردستان- عیراق.

هەوڵێکی زۆرم دا کاک عومەر عەبدولعەزیز سەرنووسەری ئەو کاتی رۆژنامەی (یەکگرتوو) لەگەڵمان بەشداربێت، بەڵام بەداخەوە لە بەرواری مێزگردەکەمان لە هەولێر بوو، ئەوکاتە تۆڕی تەلەفۆن لە ئابلۆقەو نەداریی کوردستاندا بە زۆر دەنگی دابیندەکرد، چەندی پەیوەندیمان بەست، کەڵکی نەبوو.

کــاک مەحمــود ڕەزا پێــشنیاریکرد لە بارەگــای ســەنتەری لێکــۆڵینەوەی ســتراتیژی، لە گەڕەکــی عەقــاری، میوانــداری مێزگـردەکە بکرێـت، کـاک حەمە شـوان لـوتفی نوانـد و سـووربوو لەســەر ئەوەی لە بـارەگـای محەلـی سـلێمانی، لە نزیـک هـۆڵی ڕۆشـنبیری و جەمـاوەر، بەچـایی و قـاوەی حزبـی شـیوعییەوە لە خزمەتدا بێـت. گوتمـان ڕۆژنـامە هـی یەکێتـی، بـا میوانـداری هـی هاوڕێیانی حزب بێت.

بەداخەوە ڕۆژی مێزگردەکە پابەندییەکی سیاسی هـاتە پـێش، بە جۆرێک کاک حەمە شوان نەیتوانی بەشداربێت، دواتر بەنامەو وەڵام قسەی خۆی لەسەر تەوەرەکان وت، بەڵام هاوڕێیانی حزبی شیوعی، لە جێی ئەو، قسووریيان لە میوانداری نەکرد.

مێزگردمان کرد و کاسێت و کـاغەزی خـۆم بـردەوە بـۆ هەولێـر، بەداخەوە هیچ وێنەیەکی ئەو دەمی مێزگردەکەم لانەمـاوە. وەکـو لە ژمارەکـانی ڕۆژنامەشـدا بڵاوبـۆتەوە، پێـدەچێت هــیچ وێنەیەکــی یادگاریمان نەگرتبێت، حەیـف و مەخـابن. هەرچەنـدە سێ ئەڵـقەی مێزگـردەکە بە وێـنە و تیفتـیفەی جـوانەوە ڕازێنـراوەتەوە، وێـنە و نەخــشەی کارەکتەرەکــانی ئەو دەمــی سیاســەتی تورکیــایە کە میوانەکان شرۆڤەی ڕەوش و ڕەوتیان کردووە.

ئەو کـاتە چـالاکی مێزگـردی ڕۆژنـامەوانی و کـردنەوەی دۆسـێ لەســەر کێـشەیەک کەمتـر لە ڕۆژنامەکانـدا بـاوی بـوو، ئەسـڵەن تەجــرەبەی ڕۆژنــامەوانی ئــازاد لە کوردســتانی دوای ڕاپەڕینــدا هەمووی چوار ساڵ بوو خۆی نمایانکردبوو، بەتایبەتی تەجـرەبەی ڕۆژنـــامەوانی سیاســـی لاوازبـــوو، شـــتێکی نـــوێ بـــوو لە ڕۆژنامەیەکی (8) لاپەڕەییـدا لاپەڕەیەکـی تەواوی سـێ ژمـارە بـۆ باسوخواسـێک تەرخانبکرێـت. دۆسـێ دەنگیـدایەوەو ڕەدوبەدەلـی

لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە هەموویان دەرخەری ئەوە بوون ئەندێشەو روانینی دەستەبژێری کورد لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکان، لە گەرمەی ئابلۆقەی ئابووری و رۆشنبیری و نەهاتنی کتێبدا، گەشاوەو دەوڵەمەند و فراوانە.

وەک چۆن بەشداریی میوانەکان هەمەڕەنگ بوو، تاقیبکارانیش پەلکەزێڕینەی بیرکردنەوەی جیاجیابوون. لەسەر یەک ئەم بەڕێزانە هاتنە سەر خەتی وەڵامدانەوە:

- بەڕێز عومەر عەلی سیمانی (رۆژنامەوان و نووسەر عومەر عەلی غەفور) لە یەکگرتووی ئیسلامی، روانینێکی ئیسلامی لەسەر حزبی رەفا و پرۆژەکەی بەرامبەر بە کورد.

- بەڕێز عەلی شان ئاراس، لە رێکخراوی کاوە، لە تەڤگەری کوردایەتیی کوردستانی باکوور.

- نیاز سەعید عەلی، لێکۆڵیارو بەڕێوەبەری پەیمانگەی پێگەیاندنی کادیران، وەڵامدانەوەیەکی عەلمانی.

- بەڕێز رێناس سەمەد (د. یوسف گۆران) وەڵامدانەوەیەک لەسەر مەنهەجی مێژوویی.

کاک عومەر عەلی لە دەروازەی مافی تاقیبکردن، لە روانگەیەکی ئیسلامییەوە، وەڵامەکەی خۆی نووسی، وەڵامەکانی تر هەموویان وەڵامدانەوە بوون بۆ شرۆڤەکەی بەڕێزیان. پشتی چەند ساڵ کە بەتەلەفۆن پەیوەندیم پێوە کردو زانیم ئەم عومەر عەلی سیمانی-یە هەمان عومەر عەلی غەفوری رۆژنامەوانی چالاکە. پێیگوتم ئەویش لەلایەن خۆیەوە جوابی جوابکارانی داوەتەوەو ناردویەتی بۆ کوردستانی نوێ، بەڵام بڵاونەبۆتەوە. بەداخەوە من نە لەبیرم ماوەو نە وەڵامەکەی دواییشم بینیوە، هەروەکو بۆی گێڕامەوە کە لە بەشێکی

گێـــڕانەوەی ئەزمـــوونی خـــۆی لەنـــاو یەکگرتـــووی ئیـــسلامی کوردســـــتاندا (بەچەنـــد ئەڵـــقەیەک لە رۆژنـــامەی بـــاس بڵاویکـردۆتەوە) وێستگەیەکی بـۆ تەجـرەبەی بەشـداریکردن لەو دۆسێیەدا تەرخانکردووە. کە زانـی ئەم مەیلـی پەیوەنـدییەم بـۆ مەیلی چاپکردنی مێژگرد و گفتوگۆکـانیەتی، دوای (16) سـاڵ، بەشـۆخییەوە پێیگـوتم: کـاکە دانەیەکـی ئەو کتێـبەش بـۆ مـن بنێرە، چونکە زۆربەی گفتوگۆکـان سـەروگوێلاکی منـی گـرتەوە، هەقی خۆمە! راستیشی دەکرد.

من بـــــۆ تازەکردنەوەی ئەم مەیلە (16) سـاڵییە پەیوەنـدیم بە هـــــەموو دۆستانی بەشدارەوە کرد، تـا هـــــەم ژیاننامەیـان و هـــــەم روخـسەتی چـاپـــکردنەوەیـــان لـێ وەربـــــگرم. ئـــــــەوی لە نـاوەوەو ئەوی لە دەرەوەی وڵات بـــوون، تەنهـا کـاک عـــــەلی شـان ئـاراس و کۆچکـــــردوو د. عـــەبدولستار نەبێت، کـــــە بەداخەوە دەستی تیرۆری سیاسی رەشـی خـۆی لەگەڵدا نواند.

ئەوی میوانەکان و دۆستانی بەشدار لەم دۆسـێیەدا گوتیـان هـی ئەوەن لە دووتوێی کتێبێکدا چاپبکرێت، تا شاهیدی وێستگەیەک بن لە لێکـدانەوەو شـرۆڤەی رۆژانەی رونـاکبیرو سیاســەتکاری کـورد لەسـەر رەوشـی وڵاتێکی گرنگـی وەکـو تورکیـا، لە سـاتەوەختێکی هەسـتیاری مێـژوودا کە کـاریگەریی لەسـەر رەوشـی کوردسـتان و مەسەلە نەتەوەییەکەشی هەبـوو. ئەم بیرۆکـانەی لێـرەو لە زەمەنـی خۆیاندا وتراون جێی رێـزو ئامـاژە بـۆ کـردنن و پـێکەوە، سـەرەڕای فرە ئاڕاستەیی و بەریەککەوتنیان، وێنەیەکمـان لەسـەر قۆناغبەنـدی گەشـەی هوشـیاری شـرۆڤەکاری کـورد دەدەنـێ. هیـوادارم بەم لە چاپـدانەوەیە هەم دۆسـتایەتیم لەگەڵ بەشـداران زینـدووکردبێتەوەو

هەمیش خوێنەرانی ئەوساو ئێستای ڕۆژنامەی کوردستانی نوێشم لەسەر یەک خوانی لێکدانەوەو مشتومڕی جیاجیا کۆکردبێتەوە.

## حزبی ڕەفای تورکی

بۆ ئەوەی خوێنەران بزانن گفتوگۆکاران باسی کام حزب و کام قۆناغی سیاسی تورکیا دەکەن، وەکو وەبیرهێنانەوە ئەم زانیاریانە دەنووسمەوە.

حزبی ڕەفا میراتگری ئایدیۆلۆژی دوو حزبی پێشووی ئەندازیار نەجمەدین ئەربەکانە:

حزبی نیزامی نیشتمانی و حزبی سەلامەت کە بەهەرسێکیان ڕەوتی پراکتیزەکردنی بیرۆکەی (میللی گـوێروش)ن. بیرۆکەی میلیگەرایی (Milli gorus) ، بیرۆکەیەکە نەتەوایەتی تورک لەگەڵ ئیسلامێتی تێکەڵدەکات.

ڕەفا ساڵی (1983) هاتە کۆڕی ململانێی سیاسییەوە، بەڵام لەبەر بەربەستگەلێک نەیتوانی بەشداریی یەکەم هەڵبژاردنی سایەی حکومەتەکەی تورکوت ئۆزال بکات، کە دوای کودەتای ساڵی (1980) دەیخواست وردەوردە ژیانی دیموکراتی و حزبایەتی بگێڕێتەوە. بۆیە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە (25)ی ئاداری (1984)دا، بەختی خۆی تاقیکردەوەو لە کۆی (69) پارێزگا تەنها سەرۆکایەتی دوو شارەوانیی بردەوە، کە ئەوانیش هەردوو پارێزگای کوردستانی باکوور: ئورفە و وان بوون.

ساڵی (1987)، کە تابۆی سیاسی لەسەر سەکردە سیاسییەکانی پێش کودەتای ساڵی (1980) نەما، نەجمەدین ئەربەکان هاتەوەکایە و سەرۆکایەتی حزبی ڕەفای لە ئەحمەد تکدال

وەرگرتەوە. تکدال کرابووە سەرۆکی حزب، چونکە ئەربەکان بۆی نەبوو سیاسەت بکات، تاوەکو قەدەغەیان لەسەر لابرد. کە ئەفەندی گەڕایەوە، تکدال یەکسەر بەرەو پۆستی جێگیری کشایەوە.

ساڵی (1987) هەڵبژاردنی گشتی کرا، بەڵام ڕەفا هیچی بەهیچ نەکرد، ساڵی (1989) لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بازێکی گەورەی داو (40) شارەوانی بردەوە.

لە هەڵبژاردنی گشتیی ساڵی (1991)دا ڕەفا لەگەڵ دوو حزبی نەتەوەپەرست هاوپەیمانێتی کرد و (38) کورسی لە ئەسڵی (62) کورسی هاوپەیمانێتییەکە مسۆگەرکرد.

ساڵی (1994) لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان زەنگێکی دەنگدەرەوەی بەگوێی سوپا و حزبە عەلمانییەکان دا، وەختێک لە (19.1%) دەنگەکانی مسۆگەرکرد.

ئینجا نەبەردییە گەورەکە لە هەڵبژاردنەکەی (1995/12/25)دا هات، ئەو هەڵبژاردنەی بابەتی ئەم مێزگردەو گفتوگۆ و تاقیبەکانێتی. بەرنامەی ڕەفا بۆ ئەو هەڵبژاردنە بریتی بوو لە:

1 – جێگیرکردنی برایەتی ئیسلامی بۆ چارەسەری کێشەی کورد.

2- دابینکردنی پەیوەندی و دۆستایەتی لەنێوان دەوڵەت و گەلدا.

3- بەرەنگاری بێکاری.

4- دەرکردنی هێزی چەکوشی ئامادە لە تورکیا (ئەو هێزەی ئەمریکا کە لە بنکەی ئینجەرلیکەوە ناوچەی دژە فڕینی لە

کوردستان دەپاراست و گوایە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی حکومەتەکەی سەددام حسین بوو لە دژی کورد).

5- هەڵوەشاندنەوەی باری نائاسایی لە ویلایەتەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا (لە کوردستانی باکوور).

6- کارکردن بۆ لابردنی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر عیراق.

7- بایەخدان بە بەها مەعنەوییەکان لە پەروەردەو پەیڕەویکردنی رێبازی میللی، کە ئیسلام و تورکیایی بوون تێکەڵدەکات.

8- لابردنی بەربەستەکانی بەردەم بەرهەمهێنان و گواستنەوە بۆ سیستمێکی ئابووری دادپەروەرانە.

(بڕوانە کتێبی الدین والدولة فی ترکیا المعاصرة – صراع الاسلام و العلمانیة – د.کمال حبیب الناشر مکتبة الایمان – مکتبة جزیرة الورد – چاپی یەکەم ساڵی 2010، ل253.)

ئەم خشتەیە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەو ساڵە دەردەخات

| حزبەکان | حزبێك دەنگی هەیە | رێژەی لەسەدا | ژمارەی کورسییەکان |
|---|---|---|---|
| رەفا | 6012450 | ٪12.4 | 158 |
| رێگای راست | 5396009 | ٪19.2 | 135 |
| حزبی دایك | 5527288 | ٪19.6 | 132 |
| چەپی دیموکرات | 4118025 | ٪14.6 | 76 |
| پارتی گەلی کۆماری | 3011076 | ٪10.7 | 49 |
| بزووتنەوەی نەتەوەیی | 2301343 | ٪8.2 | |
| حزبی دیموکراتی گەلی | 1171623 | ٪4.2 | |
| بزووتنەوەی دیموکراتی نوێ | 133889 | ٪0.48 | |
| پارتی نەتەوە | 127630 | ٪0.45 | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پارتی خۆری نوێ | 95484 | ٪0.34 | |
| پارتی کارێکاران | 61428 | ٪0.22 | |
| حزبی نوێ | 36853 | ٪0.13 | |
| سەربەخۆکان | 133895 | %0.5 | |

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل255.

بەم بردنەوەیە دەبوایە نەجمەدین ئەربەکان وەک سەرۆکی حزبی براوە حکومەت پێکبێنێت، بەڵام (ژمارەی کورسییەکانی حزبی رەفا بۆ پێکهێنانی حکومەت و بەدەستهێنانی دەنگی متمانە وەرگرتن بەس نەبوو، پێویستی بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ حزبەکانی تر هەبوو، نەجمەدین ئەربەکان زۆر هەوڵی دا تا حزبی نیشتمانی دایک بۆ هاوپەیمانێتی هان بدات). (بڕوانە کتێبی ئیسلام و عەلمانیەت لە تورکیا — سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان — سلێمانی ساڵی 2008 ل291.)

بۆیە دۆخەکە وا کەوتەوە تانسۆ چیللەر لە حزبی رێگای راست و مەسعود یەلماز لە حزبی نیشتمانیی دایک حکومەتێکی ئیئتلافی ناچاری پێکبێنن، کە شەش مانگ بەرگەیگرت و ئەوە بوو تۆمەتی دارایی درایە پاڵ یەڵماز، ئینجا رێگا لەبەردەم ئەربەکان تەخت بوو، کە لەگەڵ چیللەر حکومەتێکی وا پێکبێنن:

دابەشکردنی گرنگترین پۆستە وەزارییەکان لەنێوان رەفاو رێگای راستدا

| **گرنگترین پۆستەکان** | **ئەندامانی کابینە** | **حزب** |
|---|---|---|
| سەرۆک وەزیر | نەجمەدین ئەربەکان | رەفا |
| جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە | تانسوو چیللەر | رێگای راست |
| وەزیری بەرگری | تورها تایان | رێگای راست |

| | | |
|---|---|---|
| وەزیری ناوخۆ | محەمەد ئاگار | ڕێگای ڕاست |
| وەزیری پەروەردە | محەمەد سەجلام | ڕێگای ڕاست |
| وەزیری پیشەسازی و بازرگانی | یالیمە ئەریز | ڕێگای ڕاست |
| وەزیری تەندروستی | یلدیرم ئەقتونا | ڕێگای ڕاست |
| وەزیری گەشتوگوزار | بورهاتین بوسیل | ڕێگای ڕاست |
| وەزیری وزە | ڕەجائی تۆفان | ڕێگای ڕاست |
| وەزیری دارایی | عەبدوللەتیف شەنەر | ڕێگای ڕاست |
| وەزیری داد | شەوکەت قازان | ڕێگای ڕاست |
| وەزیری نیشتەجێکردن | جەودەت ئیهان | ڕێگای ڕاست |
| وەزیری ڕۆشنبیری | ئیسماعیل کەهرەمان | ڕێگای ڕاست |
| وەزیری کشتوکاڵ | موس دەمرس | ڕێگای ڕاست |
| وەزیری ژینگە | زیادەدین تورکار | ڕەفا |
| وەزیری کار | نساتی سلیك | ڕەفا |
| وەزیری دەوڵەت | فەهیم تەداك | ڕەفا |

الدین و الدولە، سەرچاوەی پێشوو ل314-315

.

سەرەنجام گەلەکۆمەکێ لە ئەربەکانی سەرۆک وەزیر کراو کودەتایەکی مۆدێرن ئەم حزبەی گەیاندە قۆناغی قەدەغەکردن لە ساڵی 1998دا و سەرۆکەکەشی کەوتە زیندان.

وەک عادەتی سیاسەتی تورکیا، کە حزبێک قەدەغەدەکرێت، بەناوێکی ترەوە دێتەوە مەیدان، بۆیە حزبی (فەزیلە) جێی ڕەفای گرتەوە، فەزیلەش لە ساڵی 2000 قەدەغەکراو ئینجا دوو حزبی نوێ پێکهاتن:

یەکەمیان سەعادەت وەک ڕەوتی دێرینی ئەربەکان و دووەمیان حزبی داد و گەشەپێدان، کە ڕەوتێکی نوێ بوو لە منداڵدانی ناڕەزایی و ڕاستکردنەوەی ڕێبازی ئەربەکان لەدایکبوو، (سەعادەت)

هەر بەنـاو وابـوو دەنـا تووشـی پەژارەی شکـست و کەوتـن هـات، حزبەکەی تـریش، دادو گەشـەپێدان بە سـەرۆکایەتی رەجەب تەیـب ئەردۆگــان، وا دە ســاڵە حــوکمڕانی تورکیــایەو لە ســایەی ئەودا ئەربەکان لە زیندان دەرکرا. تا ڕۆژی 27ی شوباتی 2001 وەفـاتی کرد.

هێـشتاش چیرۆکـی ئیـسلامی سیاسـی لە تورکیـا درێـژەی هەیەو هێــشتاش خەبــاتی کــوردایەتی، لە بــاکوور، لە چــاوەڕوانی بەری رەنجدایە.

**ستران عەبدوڵڵا**

**2012/7/14**

# فەسڵی یەکەم

### مێزگردی کوردستانی نوێ

# ئایندەی حوکمرانی لە تورکیا

ئەم مێزگردە بەسێ بەش لە ژمارەکانی (1228، 1230، 1234)
لە ڕۆژانی (3ـ 5ـ 1996/3/10)ی
ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبۆتەوە.

## ناساندنی بەشداران



***د.عەبدولستار تاهیر شەریف:** ساڵی **1935** لە شاری کەرکوک لەدایکبووە، ساڵی **1958** بۆتە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵانی **1966** بۆ **1969** بەرپرسی لقی سێی پارتی - باڵی مەکتەبی سیاسیی بووە لە کەرکوک. سکرتێری پارتی شۆڕشگێری کوردستان بووە لە (**1973-1985**) کە لەگەڵ حکومەتی عیراق هاوکاری و هەماهەنگی هەبوو. وەزیری نیشتەجێکردن، شارەوانی و گواستنەوە بووە لە حکومەتی ئەحمەد حەسەن بەکردا، ساڵی **1975** خانەنشینکراوە. ساڵی **1995** بەغدای جێهێشتووەو گەڕاوەتەوە کوردستان، لە زانکۆ کاری مامۆستایەتی کردووە (دکتۆرای هەیە لە دەروونناسی). رۆژی **2008/3/5** لە کەرکوک تیرۆرکراوە- چەندین کتێبی هەیە کە دیارترینیان (کۆمەڵە و رێکخراو و حزبە کوردییەکان لەنێو سەدەدا **1908-1958**)دایە.



***محمد رەزا ئەمین:** لە **1954/7/1** لە سلێمانی لە دایکبووە.

ساڵی خوێندنی **1978-1979**، لە بەغدا دبلۆمی تەکنیکی (دبلوم فنی) لە سامانی ئاژەڵدا، وەرگرتوە.

ساڵی **1980-1985** لە کارگەی ئالفی کەنەکەوەو دەواجنی سلێمانی فەرمانبەر بووە. لە ماوەی ساڵانی هەشتاکانەوە تا ئێستا، هەزاران وتار و دەیان لێکۆڵینەوەی نوسیوە.

-لە دوای راپەرینەوە هەتا ناوەراستی **1996** کە تیایدا چووە بۆ هەندەران، لە خولی کادران و پەیمانگای پێگەیاندنی ئەفسەرانی ئاسایش و کۆلێجی سەربازیی قەڵاچوالان، وانەی ئەمنی قەومی وتۆتەوە.

-ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان (**1992**)و بەرێوەبەری سەنتەر (**1993-1996**) و ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکەی سەنتەر (**1992-1997**) بووە.

-ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگای پێگەیاندنی ئەفسەرانی ئاسایش و وانەبێژی پەیمانگاکە بووە (**1996**).

-لە **1972-1975** ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و پارتی و ئەندامی لە ماوەی **1977-2008** دا لە یەکێتی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی کردووە، لە دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕانەوە هەڵسوراوی بزوتنەوەکەیە.



*ئاوات محەمەد ئەمین: دەرچووی بەشی زمانی ئینگلیزی زانکۆی بەغدایە.

-بۆ ماوەیەکی زۆر لە رێکخراوە مەدەنییەکاندا کاریکردووە.

-بەشداریی چالاکیی سیاسیی کردووەو ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی زەحکمەتکێشان بووە. لە چەندین کۆرو کۆنفرانسی ناوخۆیی و دەرەکی بەشداریکردووە.

-لە بواری روناکبیریشدا چالاکی هەیە و چەندین لێکۆڵینەوەی سیاسیی و فیکری بڵاوکردۆتەوە. لە ساڵی 2005ەوە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکە لەسەر لیستی برایەتی.



*دڵشاد رەشید عەلی: لەدایکبووی ساڵی 1948- سلێمانی دەرچووی کۆلێجی ئەندازیاری بەشی شارستانی- زانکۆی بەغداد ساڵی 1970.

-پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلول ساڵی 1974 بۆ ماوەی ساڵێك خۆی کاندیدکردووە بۆ یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1992، لەسەر لیستی دیموکراسیخوازان، سەرنوسەری گۆڤاری دیموکراسی بووە، ئێستا کاری ئازاد دەکات.



*حەمە شوان رەسول: لە 2956/7/1 لە سلێمانی لەدایکبووە.

فەلسەفەی لە بەغدا تەواوکردووە.

تێکۆشەری ریزەکانی حزبی شیوعی عیراق و حزبی شیوعی کوردستان بووە.

لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانەوە چۆتە هەندەران و ماوەیەك ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بووە.

-1-

ڕۆژی 1996/2/23 نووسینگەی سلێمانی کوردستانی نوێ مێزگردێکی لە بارەی ئایندەی حوکمڕانی لە تورکیا لە ژێر ڕۆشنایی قەیرانی ئێستای حوکم و دەرکەوتنی حزبی رەفاهی ئیسلامی، وەکو رکابەرێکی سەرسەختی حزبە عەلمانییەکان، سازکرد، لە گفتوگۆ و چەندین موداخەلەی ئازاددا ئەم بەڕێزانەی خوارەوە راو سەرنجی خۆیان خستەڕوو: **د.عەبدولستار تاهر شەریف** (سیاسەتمەدار و نووسەر) **دڵشاد رەشید** (سەرنووسەری رۆژنامەی شارستانی) **ئاوات محمد** (نووسەر و رووناکبیر) **مەحمود رەزا** (نووسەر و رووناکبیر) **حەمە شەوان ڕەسوڵ** (سیاسەتمەدارو روناکبیر). مێزگردەکە بەسەر چوار تەوەردا دابەشکرابوو، هەریەک لە بەشداربووە بەرێزەکان لە کۆتایی هەر تەوەرەیەکدا تێبینی و بیروڕایان گۆڕییەوە، بە سوپاسەوە لیژنەی پارێزگای سلێمانی لە حزبی شیوعی کوردستان-عیراق میوانداری مێزگردەکەی گرتەئەستۆ. هەروەها بەرێز حەمە شوان وەڵامەکانی بە نامەیەک بۆ رەوانەکردین، چونکە دەرفەتی بەشداری راستەوخۆی بۆ نەڕەخسا.

## دڵشاد ڕەشید: لە ساتەوەختێکی دراماتیکیدا، ئەتاتۆرک دەوڵەتی عەلمانی ڕاگەیاند

لەسەرەتادا بەڕێز **محەمەد نوری تۆفیق** بەخێرهاتنی میوانانی کرد و بایەخ و سروشتی مێزگردەکەی روونکردەوە. پاشان گفتوگۆ دەربارەی تەوەرەی یەکەم (پێشینەو چۆنیەتی سەرهەڵدانی تەیاری ئیسلامی لە تورکیا و خەسڵەتەکانی) دەستپێکرد. بەڕێز دڵشاد رەشید: ئاماژەی بۆ پێشینەی ئامادەگی ئیسلام لە تورکیا کرد، کە چۆن تورکەکان لە ڕێگای گواستنەوەی خەلافەتەوە وەک (نتیجە)ی خولەفای راشیدین و دامەزراندنی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی توانییان وڵاتانی رۆژهەڵات، بە کوردستانیشەوە، داگیربکەن و ئەو فراوانخوازییە بەرەو رۆژئاواش پەلی هاویشت، تا لە شوێنێکدا چەقی بەست و گوتی: (لە سەردەمێکی تردا، دوای شەری جیهانی یەکەم، ئەو ئیمبراتۆریەتە عوسمانییەی عەرەبەکان پێیدەڵێن تێکەڵییەک بووە لە بەداوەتی توورکی و ئیسلام، شکستیخواردو وڵاتانی ژێر سایەشی پارچەپارچەکران. تورکەکان سەرەرای ئەو شکستە توانیان خودی تورکیا بپارێزن. ئەتاتورک و هاوکارانی پێشیانوابوو کە ئیسلام رێگری پێشکەوتنی تورکیا بووە. بۆیە لە ئەنجامی ئەو (صدمە)یە و لە دژەکرداری تێکشکاندا، لە ساتەوەختێکی دراماتیکی و بە مەرسومێک راستییە جوگرافی و مێژووییەکانی کەلتوری رۆژهەڵاتی تورکیا و بگرە پێکهاتەی فرە نەتەوەیی تورکیا، کە کوردیش دەگرێتەوە، ئاوەژووکرانەوەو پشتیان تێ کرا. سەرەنجام ئەتاتۆرک دەوڵەتی تورکیای عەلمانی دامەزراند. لایەنی ئیجابی ئەو وەرچەرخانەی

ئەتاتۆرک ئەوە بوو، کە یەکپارچەیی تورکیای پاراست و پێشکەوتنی پیشەسازی وەدیهێناو تا سەردەمی فرەحزبی لە تورکیا ئەم وەزعە درێژەی کێشا).

## دەرکەوتنی هێزی کۆمەڵایەتیی تازە و گەرانەوە بۆ کەلتوری رۆژهەڵاتی

هەر دۆخی فرەحزبییەکەی خۆی و پێشکەوتنی پیشەسازی بوو (درێژەی قسەکانی دلشاد رەشید)ە، کە هێزی کۆمەڵایەتی نوێی هێنایە مەیدانەوە، لێرەوە ئیسلام رۆژ بە رۆژ لە شێوەی روالەتی سەرپۆش و نوێژکردنی هەینی و.. هتد لە تورکیا سەریهەڵدایەوە. حزبە عەلمانییەکانیش بۆ وەدەستهێنانی دەنگی زیاتر بە شێوەیەکی دیماگۆگییانە موجامەلەی ئەو خەڵکەیان دەرکرد و هەستی ئاینی ئەوانیان بە ئاراستەی دەعمی خۆیان دەبرد.

لەو سەروبەندەدا، کە رێگای پرۆژەی کەمالیستی گەیشتە بنبەست، بەهۆی سنووورداری توانای خودی تورکیاوە، لایەنی سەلبی دەرکەوت. (دیاردەی هەڵاوسان: بێکاری، گرفتی کۆمەڵایەتی و کێشەی کورد) هاوشانی ئەمەش فاکتەری دەرەکی بە سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران، رووخانی سۆڤیەت و شکستی پرۆژەی ناسیۆنالیستی عەرەب و ئینجا دەرکەوتنی ئەمریکا وەک رابەرێکی بەناو سیستمی نوێی جیهانی، ئەمانە هەموو پاڵنەربوون بۆ ئەوەی رەفاە-دەرکەوێ، دەبینین ناوەکەشی ئیسلامی نییە، چونکە لە تورکیا حزبی دینی قەدغەیە، بەڵام ناوەرۆکەکەی ئیسلامی سیاسییە، بۆیە خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەوە. لە سەرەتادا مەترسی نەبوو. لە (10-15٪) دەنگەکان، کە دەکاتە (62) کورسی پەرلەمانیان وەدەستهێنا، دواتر

گەشـەیکرد، تورکەکـان دەیـانەوێ بەلای رۆژهەڵاتـدا بـادەنەوە، بە پرۆژەیەکی ئیـسلامی کە لە بنەرەتـدا ئـابوورییە: ئەوان پیـشەسازییان هەیە و پێویستیان بە وزەی وڵاتانی رۆژهەڵات هەیە، تەنانەت حزبە عەلمانییەکـــانیش نیازیـــان گەرانەوەیە بـــۆ رۆژهەڵات، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز، چونکە دەرکەوت ئەو دەلاقە شارسـتانییەی نێـوان تورکیا و رۆژئاوا هەروا بە ئاسـانی پڕنـاکرێتەوە. وڵاتێکـی پـر گرفتـی دونیای سێ لە یانەی ئەوروپاییدا جێی نابێتەوە.

**ک.ن: بەڵام دروشـــــــمی (لادانەوە بە لای رۆژهەڵات) کە رەفاهی ئۆپۆزسیۆن هەڵگرێتـی ئەگەر پەسـەندبوایە، ئەوا حـزبە عەلمانییەکان رەفاهیان لە گەمەکەدا قبولدەکرد و هەوڵی چوونە نێو یەکێتی گومرگی ئەوروپایان نەدەدا؟**

**دڵشاد رشـید:** هەروەکو وتم هەردوولا بە شێوەیەکی جیاواز ئـیش بۆ بادانەوە بە لای رۆژهەڵاتدا دەکەن عەلمانییەکان بە هۆی هێرشـی ئابوورییەوە (گاپ بۆ نموونە) بەشێوەیەکی هاوچەرخ و بێ وازهێنـان لە رۆژئاوا. ئیسلامییەکان هەمان ئامانجیان هەیە: تورکیـایەکی گەورە، وزەو بـازاری چـاک و هەرزان، چـونکە پیـشەسازی تورکیـا نـاتوانێ کێبرکێ لەگەڵ کاڵا و بەرهەمی رۆژئاواییەکاندا بکات.

**ک.ن: بەرای جەنابـت حزبـی رەفـاهی نـوێنەری چ تـوێژێکی کۆمەڵگەی تورکیایە؟**

**دڵشاد رشـید:** پێـشکەوتنی تورکیـا چـوون یەک نەبـوو، بەڵکـو لە شـێوەی سـتوونی بـوو. پیـشەسازییەکی گەشـەکردوو، بـێ ئەوەی کـشتوکاڵ پێـشبکەوێ و لە خزمەتـی کەرتـی پیـشەسازیدا بـێ، بـۆیە

کـۆچێکی زۆر لە لادێ-وە بـۆ شـار رووی دا. جـاران رێـژەی لادێ نـشینان لە 70٪-ی خەڵکـی تورکیـا بـوو، ئێـستا بەرامـبەرن لەگەڵ شارنشیناندا. ئەم لادێ نشینانە هەمـان کەلتـووریی خۆیـان گواسـتەوە شارو رەفاه-یش شەعبیەتی لەنێو ئەواندا هەیە.

## مەحمـود رەزا: کچـی ئەربەکـان لە کۆبـوونەوەیەکی فراوانـدا گوتـوویەتی نەتەوەی تـورک بە شـەرەفترین نەتەوەی سەر زەمینە!

**کاك مەحمود رەزا:** لە موداخەلەیەکـدا تێبینی لەسەر قـسەکـــانی کاک دڵشاد دەربری و گـوتی: (سـەردەکەی کـاک دڵـشاد-م پـێ بـاش بوو، بەڵام هەندێک سەرنجم هەیە. پێش سەردەمی فـرە حـزبیش لە تورکیا، حزبی شیوعی کارتۆنی هەبوو، کە ئەتاتۆرک خۆی لەناویبردن. دوای ئەوە کە ساڵی 1945 لە سەردەمی (عیسمەت ئەنینۆ) فرەحزبـی راگەیەندرا. حزبـی شـیوعی تـازەش دامەزرا. شـیوعییەکان روویـان لە سۆڤیەت و رۆژهەڵات و دژی ناتۆ بوون. لە بەرامبەردا عەلمانییەکـان لە ململانێ و شـەری سـاردی نێـوان رۆژهەڵات و رۆژئـاوا دڵنەوایـی ئیسلامییەکانیان کـرد. (عەدنـان مەنـدریس) لە شەسـتەکاندا خوێنـدنی دینی گەراندەوە تورکیا، بانگی مزگەوتی کردەوە عەرەبی و...هتد.

دەربارەی بـادانەوە بەلای رۆژهەڵاتـدا بە دژواری دەبیـنم. چـونکە ئەگەر ئەوە لە سایەی عەلمانییەکاندا رووبـدات، ئەوا لەگەڵ عەرەبـدا دەکەونە ململانێوە. عەرەب تورکیا بەهۆی شکـستی ئیـسلام دەزانـێ. ئابووری تورکیاش بەستراوەتەوە بە رۆژئاواوە. راستە گاپ و بەنـداوی ئەتـاتۆرک هەیە، بەڵام لە ئایـندەدا هەر ئەوە خـۆی دەبێـتە مـایەی گرفت، چـونکە ئەوە تـورک دەکـات بە هێزێکـی ئیقلیمـی پـڕ توانـا. پێموایە لە ئایندەدا شەڕ لەسەر ئاو لەنێوان هەردوولا دروست دەبێ.

ئەگەر بـادانەوەکە لە سـایەی ئیـسلامییەکان رووبـدات، ئەوا هێـشتا گرفت هەر دەبێت. تورکیای ئیسلامی دەکەوێتە ململانێی نفوز لەگەڵ ئێران لەسەر ناوچەی ئاسیای ناوەراست، هەروەها دەکەوێتە ململانێی مەزهەبییەوە لەگەڵ عەرەبداو دەکەوێتە کێشەی هەقانیەتی هەڵگرتنی ئاڵای ئیسلام کە عەرەب لەمەدا خۆیان بە خاوەن حەق دەزانن.

**ک.ن: خیتابی سیاسی یان ئامـانجی حزبـی رەفـاهی ئیـسلامی چییە؟**

**مەحمود رەزا:** مــن هەر گــوێم لە لێــدوانەکانیان بــووە، خیتــابی سیاسیان زۆر شۆڤینیە، لەژێر پەردەی ئیسلامیدا دەیـانەوێ دەسـەڵاتی فراوانخوازی تورکیـا بگێـرنەوە. رەفـاه تـوێژاڵێکی ئیـسلامی بە خـۆدا داوە، بەڵام لێدوانەکانیان ئاشکرایە، ئەوان دەبێ قورئانی پیرۆز بکەن بە رێــرەوی خۆیــان و لە قورئانــدا ئــایەتێکی وانیــیە تــورک گەلــی هەڵبــژاردەی خــوایە. کەچــی کچــی ئەربەکــان دەڵێــت تــورک بە شەرەفترین نەتەوەی سەر زەمینە کە ئەوە ئەو پەری شۆڤینیەتە.

## د.عەبدولستار تاهر شەریف: رەفاه بۆشایی سیاسی و شکستی عەلمانییەکانی قۆستەوە

**د.عەبدولــستار تــاهر شــەریف:** بە بۆچـــوونی مـــن هـــۆی گەشەســەندنی رەفــاه ئەو بۆشــاییە سیاســیيە بــوو، کە حــزبە عەلمانییەکان دروسـتیانکرد. ئەوان وەکـو ئیـسلامییەکانی جەزائیـر، کە چۆن کەمتوانایی بەرەی رزگاریخوازی جەزائیری حوکمرانیـان لە چارەسەرکردنی هەڵاوسان و کورتهێنانی دارایی قۆسـتەوەو خۆیـان وەکــو ئەلتەرناتیفێــک خــستەروو. دەســتیانکرد بە خــستنەرووی بەرنـامەیەکی تـازە. بە تـایبەتی کە رەفـاه پێـشتر حـوکمی نەگرتـۆتە

دەست، تاوەکو بزانرێ شکست یان سەرکەوتن بەدەستدێنێ؟ بۆیە شکستی عەلمانییەکان و شەری کورد کە تورکیا وەکو عیراق نەوتی نییە تاوەکو بودجەی ئەو شەرە پڕبکاتەوە، ئەمانە هەمووی رۆڵیان لە سەرکەوتنی رەفاهدا¯بینی. تێبینییەک لەسەر قسەکەی کاک مەحمود رەزا، بەرنامەی رەفاه کە جاران حزب (السلامة) ئینجا (الخلاص) بوو، بەرنامەیەکی ئیسلامییە و شۆڤێنی نییە، من لە ساڵی (1976)دا چاوم بەئەربەکان کەوتووە.

ئەگەرچی کچی ئەربەکان وابڵێ مانای وانییە لێدوانەکە رەنگدانەوەی بەرنامەی حزبەکەیە، بەرنامەی رەفاه نزیکە لە (ئیخوان موسلمین) واتە سەرەتا خەڵک، پاشان کۆمەڵگە دەگۆڕن. بەشێنەیی نەک بەکودەتا و شۆڕش.

تێبینییەکی تر: کاک دڵشاد باسی ناهاوسەنگیی گەشەکردنی پیشەسازی و کشتوکاڵی کرد، بەڕای من لە تورکیا ئەو دەلاقەیە گەورەنییە و لەوانەیە دوای پرۆژە تازەکانیش گرفتەکان کەمتر ببنەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین پیشەسازی و کشتوکاڵی سەرکەوتوو نەبوو، راستە کوردستانەکەی دواکەوتووە، بەڵام شوێنێکی وەکو (قۆنیا) لە کشتوکاڵدا لە ئەوروپادا وێنەی دەگمەنە و من خۆم پێشکەوتنی کشتوکاڵی ئەو شوێنەم بینیوە.

## ئاوات محەمەد: عەلمانییە راسترەوەکان بۆ راگرتنی پەرەسەندنی بزاڤی چەپ، ئیسلامییەکانیان هاندا.

**ک.ن: کاک ئاوات تۆ تێبینیت چییە لەم بارەیەوە؟ ئایا هۆی گەشەسەندنی رەفاه لاوازی و ناکۆکیی نێوان حزبە عەلمانییەکانە، یاخود چۆنایەتی پرۆژەکەیەتی؟**

**ئاوات محەمەد:** مامۆستا د.عەبدولستار ئاماژەی بە جەزائیر کرد، لەو وڵاتەدا پەرەسەندنی خەباتی سەندیکایی و بزووتنەوەی رادیکاڵی چەپ و دواتر مانگرتنی کرێکاران لە (1989)دا روویدا، ئەو مانگرتنە بەهێزی سەربازی سەرکوتکرا، (شازلی بن جدید)و حکومەتی عەلمانی قەومی بڕیاری تەعدیلاتیان لە یاسای حزبەکان-دا بەمەبەش شەپۆلی بزووتنەوەی ئیسلامیان بۆ راگرتنی تەیاری چەپ هێنایەپێش، تورکیا چەندین جار ئەم تاقیکردنەوەیەی ئەنجامداوە، ئەو کودەتایانەی روویاندا هەمووی بۆ پێشگرتن بە چەپ بووە.

کودەتای حەفتاکان دوای ئەوە بوو کەحزبی (کار) (حزبی کرێکاری تورکیا) بنکەی جەماوەری بۆ خۆی پێکهێناو تەنانەت دانی بەبوونی گەلی کوردیش-دانا، هەروەها تاساڵی (1979) و ئینجا بەهاتنی (کەنعان ئیڤرن)، بەم شێوەیە بەربەست لەبەردەم ئیسلامییەکاندا نەبووە، چونکە بەشێک بوون لە ستراتیژی ئەمنی قەومی تورکیا و پاراستنیان بە ئەرکی نیشتمانی دادەنرێ، ئەو مەرجانەی بۆ هەڵبژاردن (لە 10٪) دانراون بۆ ئەوەیە پێش بە تەیاری چەپ بگیرێت و نەتوانێ بەرامبەر بە تەیاری عەلمانی راسترەو بێتەمەیدان، بەڵام عەلمانییە راسترەوەکان نەیانزانی مونافسێکیان لە تەیاری ئوسولی (رەفاه) بۆ پەیدادەبێ، تەنها جیاوازییەک ئەوەیە رەفاه ئایدۆلۆژیای جیایە، پرۆژە ریفۆرمیستەکەی نە سەرکەوتووتر و نە ئیجابیترە لەوەی چیللەر و یلماز، ساڵی (1993) ئەربەکان لە لێدوانێکدا گوتی هۆی پەرەسەندنی کێشەی کورد لە تورکیا گرفتی ئابوورییەو گەشەپێدانی ئابووری وا لە خەڵک دەکات واز لە خەباتی چەکداری بێنن، هەرگیز بەلای کێشەی کورددا نەچووە

وەکو کێشەیەکی سیاسی کە دەبێ دانی پیابنرێ و چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، هۆی ئەمە لاوازی چەپە، چونکە ڕاسترەو بەعەلمانی و رەفاهەوە زۆرینەن، خۆ ئەگەر راسترەوەکان یەکیان نەگرتووە هۆیەکەی ئەوەیە، چونکە قەیرانی حوکم هەیەو رەفاو هەموو ئەوانیتر تێیدا بەشدارن، قەیرانەکانی تورکیا وایان لە خەڵک کردووە کەوا بزانن رەفاهی ئیسلامی چارەسەری کێشەکانی پێیە.

لەباری مێژوویشەوە ئەوەی لە تورکیا روویدا دابڕان نەبوو لە ڕۆژهەڵات، تورکیا دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی کەوتە نێوان پاشماوەی دەوڵەتەکە کە خودی تورکیاو هەندێ وڵاتی لاوازو ناکامڵ و دواکەوتوو لەلایەک و رۆژئاواییەکی سەنعەتی پێشکەوتووبوو، دەبوایە رێگە چارەیەک بدۆزێتەوە. دەوڵەتی عوسمانی (200) ساڵ دەبوو کەناڵی پەیوەندیی لەگەڵ رۆژئاوا دروستکردبوو، (تورکیای لاو) و سوپای عوسمانی لە هاتنی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە ئاراستەی بەرەو رۆژئاوا دەستپێکرد. عەبدولحەمید دەرکی بە هەڕەشەی تەیاری عەلمانی کرد، بۆیە هەردوو ئەنجومەنی هەڵوەشاندەوەو دەستووری تازە داڕێژراوی پەکخست و بەمجۆرە خۆ دەربازکردنێک هەبوو لە ڕۆژهەڵات، بەڵام سەبەبەکەی خۆبەستنەوە بوو بە ڕۆژئاواییەکی پێشکەوتوو لە ڕووی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە. ئێستاش تەنانەت (رەفاه) نایەوێ بگەڕێتەوە بۆ رۆژهەڵات، بەڵکو دەیەوێ فۆرمەلەی گفتوگۆیەک یان حیوارێک لەگەڵ رۆژئاوا دابڕێژێ، دەستیکردووە بە گفتوگۆ لەگەڵ هێزەکانی ناوەوە وەک دەستپێک بۆ رێکخستنەوەی دۆخی ناوخۆیی و ئامادەگی بۆ حیوار لەگەڵ رۆژئاواو دیاریکردنی سروشتی پەیوەندییەک. لەم نێوانەشدا هیچ

**جیاوازییەک لەنێوان بەرنامەی ئیسلامی سیاسی لە تورکیاو حزبە ئیسلامییەکانی وڵاتانی تردا نییە، تەنها ئەوە نەبێ کە ئەوەی رەفاه بۆیاغێکی تورکی پێوەیە و تورکیزم تێکەڵ بە ئیسلام دەکات!**

–2–

لە بەشی دووەمی تەوەرەکەماندا دەربارەی ئەو دەرکەوتانەی لە دەرچوونی رەفاهەوە دەکەوێتەوە چین؟ پرسیار لەسەر ئایندەی پەرلەمان و حکومەتی تورکیا کرا، لە حاڵێکدا ئەگەر رەفاه و حزبی نیشتمانی دایک پێکهاتن، هەرچەندە رووداوەکانی چەند رۆژی دوایی ئەو پێکهاتنەیان نەسەلماندو ئێستا چیللەر و یەڵماز لەسەر حوکمی نۆرە بەنۆرە رێککەوتن، بەڵام ئەو تێبینییانەی بەرێزان لە مێزگردەکەدا خستوویانەتەروو بەڵگە و پێشینەی خۆیان هەیە، وەک دەبینین مەترسیی دەستووردانی سوپا، کە لێرەدا باسی لێوە کراوە، یەکێک بووە لەو گوشارانەی خرابوونە سە (یەڵماز)، بۆ ئەوەی درێژە بە دانوستاندن نەدا لەگەڵ ئەربەکانداو بیر لە وەرچەرخان بەلای چیللەردا بکاتەوە. لێرەدا ئەگەرەکانی رێککەوتن و رێک نەکەوتن ئامادەی سەرلەنوێ هەڵبژاردن دەخوێنینەوە.

## چیللەر وتی: ئێوە تورکیا دەگێڕنەوە بۆ تاریکاییەکی سامناک

**لە بەشی دوەمی تەوەرەکەماندا قسەمان هەیە دەربارەی ئەو دەرکەوتانەی لە دەرچوونی رەفاهەوە دەکەوێتەوە چین؟ پرسیار لەسەر ئایندەی پەرلەمان و حکومەتی تورکیا کرا، لە حاڵێکدا ئەگەر رەفاه و حزبی نیشتمانی دایک پێکهاتن، هەرچەندە رووداوەکانی چەند رۆژی دوایی ئەو پێکهاتنەیان نەسەلماند و ئێستا چیللەر و**

یەلماز لەسەر حوکمی نۆرە بەنۆرە ڕێککەوتن، بەڵام ئەو تێبینییانەی بەڕێزان لە مێزگردەکەدا خۆستوویانەتەروو بەڵگە و پێشینەی خۆیان هەیە. وەک دەبینین مەترسی دەستوەردانی سوپا، کە لێرەدا باسی لێوە کراوە، یەکێک بووە لەو گوشارانەی خرابوونەتە سەر (یەلماز)، بۆ ئەوەی درێژە بەدانوستاندن نەدا لەگەڵ ئەربەکاندا و بیر لە وەرچەرخان بەلای چیللەردا بکاتەوە. لێرەدا ئەگەرەکانی ڕێککەوتن و ڕێکک نەکەوتن، تاڕادەیەک، سەرلەنوێ هەڵبژاردن دەخوێننەوە.

**د.عەبدولستار تاهر شەریف** ئاماژەی بەوە کرد، خواستی گەورەی رەفاه ئەوەیە کە دەسەڵات بگرێتەدەست: (لە هەر دانوستانێکدا ڕێگەنادرێ رەفاه یەک لە وەزارەتەکانی (ناوخۆ، بەرگریی، دەرەوە) وەربگرێت، تاوەکو نەچێتە نێو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاوە، رەفاهیش بەوە رازی نابێ، چونکە ئەگەر بەو دەستکەوتە کەمە قایلبێ، ئەوا بنکەی جەماوەریی خۆی دەدۆڕێنێ. هەروەها جەماوەری حزبەکەی یلماز خۆپیشاندانیان لە دژی ئەگەری ڕێککەوتنی نێوان ئەو و ئەربەکان کرد، بگرە لەو حاڵەدا دوورنییە لێکترازانی تێ بکەوێ، ئەمە و سوپا قایل نییە بەو ئیئتلافە و هەڕەشەکەی دەگێڕنەوە بۆ تاریکاییەکی سامناک. بۆیە لە حاڵی ڕێککەوتنی رەفاه و نیشتمانی دایک مەترسی کودەتا هەیە، یان هەڵبژاردن دەکرێتەوە.

هەروەها **د.عەبدولستار** دەربارەی قسەکانی کاک ئاوات گوتی: (رەفاه جێی چەپی نەگرتۆتەوە، بەڵکو جێی حزبەکەی چیللەر و یلماز و ئەجەویدی گرتۆتەوە، چونکە چەپ کە بەو ڕێژەیەوە نەیتوانی بێتە پەرلەمان و بیباتەوە، ئەوا رەفاه هیچی لە بەشی ئەو نەخواردووە، ئەگەر لە هەڵبژاردنی ئایندە بەهۆی لاوازی و هەڵەکانی رەفاهەوە یەکێک بیباتەوە، ئەوا مانای وایە لە بەشی رەفاهی خواردووە).

**ک.ن: کاک مەحمود لە حالێکدا ئەگەر رەفاە بتوانێ بچێتە حکومەتەوە، چۆن ئەربەکان بەرنامەی رادیکاڵی خۆی جێبەجێدەکات و رەنگدانەوەی ئەوە چۆن دەبێت؟**

**مەحمود رەزا:** ئەوە گریمانێکی زۆر دوورە و من پێموانییە رووبدات. سوپای تورکیا بەگوێرەی دەستوور، ئەگەر مەترسی کەوتە سەر عەلمانیەت، دەتوانێ کودەتا ئەنجامبدات، لەوەشدا لەگەڵ د.عەبدولستار دام.

دوو تێبینیم لەسەر قسەکانی کاک ئاوات هەیە، دەربارەی ئەوەی کە بەرنامەی رەفاە ئیسلامییە نەک شۆڤێنی دەڵێم لە رۆژهەڵاتدا حزب بەپێی بەرنامە هەڵناسەنگێنرێ، بەڵکو بەپێی هەڵسوکەوت لە مەیدانی سیاسیدا، لەبارەی قەیرانی چەپ لە تورکیا من دەڵێم (70)ساڵ حزبی شیوعی سۆڤێت لە یەکێتیی سۆڤیەت حوکمی کردو بەرنامەیەکی شمولی لە هەموو بوارەکاندا هەبوو، کەچی کە هەلوەشایەوە چەندین قەیرانی بەدوای خۆیدا هێناو کێشەی نەتەوەکانیش با لەولاوە بوەستێ، مەرج نییە مەسەلەکە ئەزمەی چەپ بێ.

سەرەنجام کە ئێمە بەدوورمان زانیبێ رەفاە، لە ئیئتلاف سەربکەوێ گریمانەکانی تریش نابن.

**ک.ن ماوەیەک لە دوای سەرکەوتنی رەفاە لە هەڵبژاردنەکاندا ئەربەکان هەندێک لێدوانی میانڕەویدا لەبارەی ئەوەی گوایە دەیەوێ بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا بەهەندێک مەرج بهێڵێتەوە، یان دەیەوێ رێککەوتنامەی گومرگی لەگەڵ ئەوروپا بەهەندێک مەرجەوە پەسەندبکات و...هتد ئایا ئەوە گۆڕانە لە سیاسەت یان تەکتیکدا؟!**

**دڵشاد رەشید:** لەڕاستیدا پێشبینیکردنی رەفاه لەوەی کە ئەگەر رۆژێک بێتە سەر حوکم چۆن رەفتاردەکات، تۆزێک زەحمەتە. مەسەلەکە ئەوەیە، ئەگەر هەر حزبێکی ئیسلامی بێتە سەر حوکم چۆن رەفتاردەکات، ئێمە ئەزموونی سودان و ئێران دەبینین کە هەر وڵاتە و بەپێی بەرژەوەندییە ئابووریی و نەتەوەییەکانی خۆی رەفتار لەگەڵ دەوروبەری دەکات و لە ناوەوەش موفرەداتێکی حوکمی ئاسایی وەک هەر وڵاتێکی دیکەی دونیای سێ پەیڕەودەکات، دەستووری ئێرانی لەسەر بنەمای دەستووری فەرەنسایە و لە پەرلەماندا موناقەشەی کێشە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت.

هەرچەندە ئەزموونی رەفاه جیایە و ئەو دەیەوێ لە رێگای هەڵبژاردنەوە بگاتە حوکم، چ بۆ ئەمرۆ چ بۆ ئایندە، بەڵام ئەویش لەکاتێکدا بچێتە حوکمڕانی هەڵسوکەوتدەکات بەهەندێک کاری رواڵەتی وەکو سەپاندنی سەرپۆش، چونکە لە تورکیا دامەزراوی دیموکراتی و عەلمانی هەیە و ئاسانیش نییە رەفاه دژایەتیان بکات، ئەمە دەبێتە ئینتحار بۆ خۆی، چونکە راستە لە (21٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوەو چ لە ئۆپۆزسیۆن بێت و چ لە حوکم ئاسۆی ئەوەی لەبەردەمدا نییە کە بتوانێ بێنێ و بەتەنها حوکمڕانی بکات.

## ئەو وەختەی رەفاهی ئیسلامی جەماوەری خۆی لەدەستدەدا!

**ئاوات محەمەد:** بەڵام سودان و ئێران دوو دەوڵەتی ئیسلامین. راستە لەبارەی پەیوەندی نێودەوڵەتییەوە واقیعبینانە

بەرژەوەنـــدییەکانیان رەچـــاودەکەن و ئـــابووری ســـەرمایەداری پەیڕەودەکەن، بەڵام دەوڵەتی ئێران دینی و مەزهەبیشە.

**ک.ن ئەگەر بکرێ ئاماژە بۆ کردنەکان هەر لەسەر تورکیا بن.**

**د.عەبدولستار:** مــوداخەلەیەکم هەیە، کە رەنــگە ئەو مەســەلەیە چارەسەربکات، ئایینی ئیـسلامی بەرنـامەیەکی ئـابووری نیـیە، بەڵکـو بەرنامەی هەیە بۆ خێزان، کۆمەڵگە و مەسەلەکانی تەشـریع و...هتـد. لەبەرئەوە هەموو وڵاتێکی ئیـسلامی وەکـو هەر وڵاتێکـی تـر لەسـەر بەرژەوەندی و ئابووری دەڕوابەڕێوە.

**مەحمود رەزا:** خـۆزگە رەفـاە بـۆی دەلـواو دەچـووە حـوکم، ئەو وەختە ئەگەر شوێنێکی نەدرێتـێ لە ئەنجـومەنی ئاسایـشی نەتەوەیـی تورکیادا، ئەوا دوو خاڵی لێ دەکەوێتەوە:

یەکەم: حزبی رەفاە ئەو جەماوەری ئێستای نامێنێ.

دووەم: بەڵکـو نمـوونەیەکی تـازە دروسـتببێت لە هاوکـاری و پێکەوەژیانی نێوان عەلمـانی و ئیـسلامییەکان و لەم بـارەیەوە رەفـاە ژیرانە هەلسوکەوت بکات.

**ک.ن: ئــەگەر رێککەوتن نــەگەیـشتە ئیئـتلاف و گـــریمان هەڵبـژاردن کـرایەوە، ئـــایا رەفـــاە چـی دەکـات بـۆ ئەوەی جـــارێکی تـر زۆریـنەی دەنگەکـان بێنێـت، عەلمانییەکـانیش چ دەکـــەن بــۆ ئەوەی رێ لە ســەرلەنوێ دەرکــەوتنەوەی ئەو بگرن؟**

**مەحمود رەزا:** کۆمەڵێک حزبی دینـی هەن، حـزب الـلە-ی قاچـاغ، حزبی رەفاە و حزبی کوڕەکەی (عەدنان مندریس)، کە سـاڵی (1993)

دامەزراوەو ئەویش لە یلماز نزیکترە تا لە ئەربەکان، حزب اللە لەگەڵ.

رەفاە رێک ناکەوێت، بۆیە (رەفاە) ناتوانێ پێشوەخت بۆ هەڵبژاردنی ئایندە رێکبکەوێت لەگەڵ لایەنێکی تردا، دەمێنێتەوە عەلمانییەکان، دەبێ حزبە بچووکەکان و گەورەکانیش راوێژبکەن و رێبکەون، رەفاە ناتوانێ زۆرینەی رەهای دەنگەکان بەدەستبێنێت. (30) ملیۆن عەلەوی دژی ئەون، (15) ملیۆن کورد هەن کە (5)ملیۆن عەلەوین هەردوو کورد و عەلەوی پێکەوە (30) ملیۆنن (45 - 50) ملیۆن کەس کە دەکاتە (65٪)ی دانیشتووان دەنگی بۆ نادەن. ئەمە جگە لە لایەنگرانی حزبە عەلمانییەکان، لەم هەڵبژاردنەی کۆتای ساڵی پاردا ژمارەیەکی زۆری کورد دەنگیان سووتا، چونکە یاسای هەڵبژاردن ئەوە بوو کە هەر کەسەو دەبێ (3)ساڵ لە شوێنێکدا نیشتەجێ بووبێت، کە ئەوە بۆ کوردە راگوێزراوەکان نەدەلوا، مەگەر ئەو کوردانە نەبێ کە سەر بەحکومەتن و ئەوانەش دەنگیان بەحزبی (هەدەپ)دا. ئەم حزبە بۆی هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا ئیئتلاف لەگەڵ یەلماز و کوڕی عەدنان مندریس-دا بکات.

## پێویست بەدەستتوەردانی سوپا ناکات، چونکە دامەزراوی سەربازی لە پشتەوە رووداوەکان ئاڕاستەدەکات!

**ک.ن: راستە دەستوور بوار بە سوپا دەدا موداخەلە لە دۆخەکە بکات، بەڵام خۆ دەستوور تاقە بڕیاردەری مەسەلەکان**

**نییە، بەڵکو پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنقەرەش رۆڵی خۆیان هەیە، لەم میانەدا رۆژئاوا چۆن هەڵسوکەوتدەکات، ئەگەر ببینێت یەکێک لە ئەندامە ئایندەییەکانی خێزانی ئەورووپی پەنادەباتە بەر سوپا؟**

**ئاوات محەمەد:** رەفاه بۆ ئایندەی گەشەکردنی خۆی بەنیازە حیوارێک لەگەڵ رۆژئاوا ئەنجامبدات، هیچ رێگرێکیش نییە لەم بارەیەوە. خۆ سعودییەش وڵاتێکی ئیسلامییەو بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوای پاراستووە، مەسەلەی ئەوەی سوپا بێتە سەر هێڵی دەستوەردان، ئەوە بەدووری دەزانم، چونکە سوپا خۆی لەپشتەوە رووداوەکان ئاڕاستەدەکات و هێشتا قەیرانەکە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی وا پێویستبکات کە موداخەلە لە وەزعەکە بکات.

**د.عەبدولستار تاهیر شەریف:** پێموایە قەیرانەکە قووڵەو سوپاش لە قەیرانەکاندا دێتەناوەوەو لەوانەیە جگە لە ڕاگەیاندنی وادەی هەڵبژاردنێکی تر لەلایەن حکومەتێکی کاتییەوە ئەربەکان وەک ئەزموونی دێمێریل و ئەجەوید و تورکیش قاچاخبکرێت و لێ نەگەڕێن سیاسەت بکەن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

**ک.ن: هەروەکو لە ڕێک نەکەوتنی ئەربەکان و یەلماز و پاشان لە ڕێککەوتنی یەلماز و چیلەردا رۆڵی شاراوەی سوپا بێ هاتنە ناوەوە دەرکەوت، لە ڕێگای گوشاری هەمەچەشنەوە.**

**دڵشاد رەشید:** بۆچوونی حزبە عەلمانییەکان دەربارەی کورد روونە، ئەویش نکۆڵیکردنە لە مافەکانی!

تەوەرەی سێیەمی مێزگردەکەمان تایبەت بوو بە ئایندەی کورد لە ژێر رۆشنایی ئەو دەرکەوتە تازانەی تورکیا، کە رەفاهیان هێنایە نێو هاوکێشەی سیاسییەوە. (کوردستانی نوێ) پرسیاریکرد لەحاڵێکدا کە حزبە عەلمانییەکان تێڕوانینێکی رۆشنیان دەربارەی کێشەی کورد نییە، بەهاتنە پێشەوەی رەفاه پێگەی کێشەی کورد چۆن دەبێ؟

**دڵشاد رەشید:** من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم، بۆچوونی ئەوان دیارو روونە، ئەویش نکۆڵیکردنە لە کوردو مافەکانی. لە ساڵی (1924)ەوە تورکیا وڵاتێکی عەلمانی دیموکراتییە، بەڵام ئێستا ئێمە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی کێشەی کورددایین لە تورکیا. پرسیارەکە ئەوەیە، دیموکراسی لە وڵاتێکدا کە نەتەوەیەکی ژێردەستی تێدا دەژی چ دەگەیەنێت؟ لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنەشدا بچووکترین ماف، کە ناسنامەی کوردییە، نەسەلمێنراوە. ئایا لە عیراقی دیموکراتی دواڕۆژدا کێشەی کورد لێرە چۆن دەبێت؟

رەنگە لە دونیای تاکجەمسەری و هەوڵی تورکیا بۆ چوونە نێو خێزانی ئەورووپییەوە هەندێک شت بکرێت، بەڵام لێدوانی تا ئێستای ئەو حزبانە ئەوەیە کێشەیەکی ئابووری لە ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ هەیە و خەڵکەکەش لەبەر بێکاری و هەژاری دەستیانداوەتە چەک هەڵگرتن!

**ک.ن: بەڕای ئێوە لەم دۆخە ئاڵۆزەدا بۆ کورد کامیان باشترە: ناوەندێکی لاواز یان گەشەسەندنی رەوتی دیموکراسیی تورکیا؟**

**د.عەبدولستار تاهیر شەریف:** من لەگەڵ بۆچوونەکەی کاک دڵشاددا نیم، بوونی دیموکراسی باشترە لە تاکحزبی، (بۆ نموونە لە ئیسرائیل) رەوتی پەرلەمان (کنیست) و گوشارێک بۆ دانوستاندنی لەگەڵ فەلەستینیەکان دروستبوو، چارەسەری سەربازی لە قازانجی ناوەندی

دەسەڵاتە، چونکە هێـزی زۆریـان هەیە. لە ململانێـی دیموکراتیـدا حزبەکانی تورکیا پێشبڕکێ دەکەن لەپێناوی راکێـشانی کـورد بەلای خۆیانــدا، ســبەی مەســعود یەلمــاز چەنــد بــڕگەیەک دەخــاتە بەرنـامەکەیەوە بـۆ ئەوەی کـورد دەنگـی بـداتێ، رەفـاه بەنـاوی ئیـسلامەوە چەنـد بـڕگەیەک بەقـازانجی کـورد تۆماردەکـات، بەو شێوەیە سبەی (PKK)ە لەپێناوی چەنـد سـەکەوتنێک بـۆ کـورد وا لە لایەنگرانی خـۆی دەکـات دەنـگ بە یەلمـاز بـدەن، ئێـستا بەم رەوتە دیموکراتییە تورکیای (1995) هەرگیز تورکیـای (1976) یـان (1985) نییە. بەقەناعەتی مـن بەهێزبـوونی رەفـاه و هـاتنە سـەر حکومی بـۆ کـورد باشـترە. ئـێمە وەکـو کـورد بیـر لە مەسـەلەکە دەکەینەوە، بەڵام رەفاە وەکو کورد بیـر لە مەسـەلەکە ناکـاتەوەو ئەگەر بتوانن بۆریی نەوتـی عیـراق بـۆ تورکیـا بخـاتەوە کـار ئەوا گرەودەبـاتەوە، رەفـاه باشـترە لە حزێکـی شـۆڤێنی تـورکی دژ بە کورد.

## ئــاژاوە یــان گەشەســەندنی دیموکراســی، کامیــان لە قازانجی کورددایە؟

**مەحمود رەزا:** بەراوردێک دەکەم، ئەگەر لە عیراقدا سەدام بەئاژاوە بروخــێ باشــترە بــۆ کــورد لەوەی بە بەرنــامەیەکی رێکوپێــک و دیموکراتی حوکمێکی تازە بێت کە نەزانین چی پێیە بۆ کورد؟

تورکیا جیـاوازە، لەوێ دەتـوانین بە گەشەسـەندنی دیموکراسـی کێشەی کورد زیاتر بچێـتە پێـشەوە، بەڵام بۆچـوونی مـن وایە، لە (فەوزاش)دا دەتوانین بچینە پێش، چونکە گۆم تـا بنـی قـوڵ بێـت مەلەی خۆشترە! ئەگەر رەفـاه لە ئاینـدەدا زۆریـنەی رەهـا بێنـێ،

سەرەتا هیچ نەبێ بۆ رازیکردنی جەماوەرەکەی خۆی دەکەوێتە دەمەقالێ-ەوە.

ئێستا رۆژئاوا لە بەرخاتری حکومەتی تورکیا بە (PKK) دەڵێن تیرۆریست، هەرچەندە ئەم حزبە چەندین جار ئاگربڕی راگەیاندوەو بانگێشتی ئاشتی لە ئەمریکا و دونیا کردوە، ئەگەر رەفاە لە حوکم بن هاوسەنگی هێز تێکدەچێ و کورد دەتوانن سوودی لێ وەربگرن و رۆژئاواش بە (PKK) نالێ تیرۆریست. قازانجی ئێمە لەم بوارەدایە، ئەگینا لەگەڵ د.عەبدولستاردا نیم کە دەڵێ رەفاە شۆڤێنی نییە!

**ک.ن: کەواتە ئاژاوە یان دیموکراتی لە تورکیا؟**

**مەحمود رەزا:** دیموکراتیەت مافی کورد دابیندەکات، بەڵام لە ئاستێکی دوورتر داو بەشێنەیی، بەڵام ئاژاوەی ئێستا زووتر کێشەی کورد بەدەستەوە دەدات.

**ک.ن: باشە د. عەبدولستار تاهیر شەریف گوتی حزبە عەلمانییەکان و رەفاە دەکەونە پێشبڕکێوە بۆ راکێشانی کورد بەلای خۆیاندا، ئێوە چ دەڵێن؟**

**دڵشاد رەشید:** لە هەڵبژاردنی رابردودا هیچیان بە کورد نەداو رەنگە لە داهاتووشدا هەروابێ. حزبەکانی تورکیا، بەرەفاهیشەوە، نەیانتوانیوە قاوغی کلاسیکی و نەتەوەیی خۆیان تێپەڕێنن لەبەر خاتری کورد.

رەفاە-یش حزبێکی قەومییە و ئایینی ئیسلام بۆ پاراستنی یەکێتیی نەتەوەیی تورکیا بەکاردێنن. ئەو کاتە ئەگەر بێتە سەر حوکم، لە

هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، دەڵێن ئێمە موسڵمانین و هیچ نییە لەنێوانمانداو کۆمەڵێک جوتیاری کورد چەواشەدەکەن بۆ دوورخستنەوەیان لە شۆڕشی کورد، ئەوەش پاشماوەی خراپی لێ دەکەوێتەوە.

سەبارەت بەوەی ئایا دیموکراتی باشترە یان ئاژاوە؟ من دەڵێم راستە رەوتی دیموکراتی هەندێک مافی رەوا بۆ کورد دەسەلمێنێ، بەڵام وەکو بنەمایەکیش تێکشکانی بەرەی دوژمنانی کوردو دورستبوونی ئاژاوە لە قازانجی کورددایە، بەڵام ئیحتمالی ئەوەش هەیە لەو ئاژاوەیەدا حکومەتێکی سەربازی فاشی بێتە سەر حوکم و قەتلوعامی کوردان بکات. بەهەرحاڵ، ئێمە ناتوانین لە دوورەوە پێشبینی مەسەلەکان بکەین، کورد نوێنەری خۆی لە کوردستانی تورکیا هەیەو دەتوانێ ئەو هەلانەی دێنە پێشەوە بە قازانجی کورد بقۆزێتەوە.

دەربارەی بۆچوونەکەی د.عەبدولستار تاهیر شەریف، من دەڵێم لەکاتێکدا هەوڵدەدرێ بە دیموکراتی مافی کورد وەربگیرێ، نابێ شێوەکانی دیکەی خەبات لەبیربکرێ.

**د.عەبدولستار تاهیر شەریف:** ناکۆکییەکمان لەسەر ئەوە نییە، ئەگەر متابعەتکردبێت لە حیواری تەلەفزیۆنی نێوان یەلماز و چیللەردا، یەلماز تانەی لە چیللەر داو گوتی لە فلانە شوێن کوردت بەکوشتداوەو خوێندنگەت کردووەتە ئۆردوگای سەربازی، واتە بەرنامەکەی لەسەر ئەوە بووە کە بە شەڕی کورد تانە لە چیللەر بدات.

**دڵشاد رەشید:** بەڵام کورد زۆر لەوە شایستەترە کە ئەوان باسیدەکەن.

**د.عەبدولستار:** خواستی نەتەوەی کورد جیایە، مەسەلەکە ئەوەیە ئایا تۆ چوویتە نێو بەرنامەی حزبێکی عەلمانییەوە یاخود نا؟ چوویت! ئیتر خواستی من و تۆ چەندە ئەوە شتێکی ترە، لە ئایندەدا یەلمازیش پتر دێتە پێشەوە، رەنگە (PKK)ش ناکۆکی لەگەڵ بکات ئەگەر (15) (PKK) کورسی پەرلەمان وەدەستبێنێ هاوسەنگی هێزەکان دەگۆڕێ.

**مەحمود رەزا:** هەندێک هەوڵی دیموکراتی هەبوو، ئۆزاڵ هەوڵیدا، بەڵام مەرگی یان راستتر کوشتنی، وەک بنەماڵەکەی دەگێڕنەوە، رێگەی پێگرت. چیللەر پێشتر گەشتێکی بە ناوچە کوردنیشنەکاندا کرد و بەڵێنی پێدان، بەڵام چونکە وەکو ئۆزاڵ کەسایەتییەکی بەهێزی نەبوو و دەترسێ چارەنووسی وەکو ئەو بێ، یاخود دەگوترێ چیللەر لەلایەن سوپاوە ئاڕاستەدەکرێت. بەهەرحاڵ پرۆسەکە درێژە، چونکە دامەزراوی سەربازی دەستڕۆیشتووە لە دەوڵەتدا، لە ئەنجومەنی ئەمنی نەتەوەیی و لە پەرلەمانیشدا، زۆری دەوێ تاوەکو عەقڵیەتی سوپا دەگۆڕێ!

## دایکم ئەسڵی کوردە!

**ک.ن: گوزارشتێک هەیە لە تورکیا دەربارەی هەوڵی پێش هەڵبژاردنی حزبەکانی تورکیا بۆ دڵنەواییکردنی کورد، بەوەی رابەرەکەیان دەڵێ دایکی من ئەسڵی کوردە! ئایا دۆخی کورد چۆن دەبێ لەکاتێکدا رەفاە بەرنامەیەک و عەلمانییەکان بەرنامەیەکی تر بۆ گرتنەخۆی کورد دەخەنەڕوو؟ کورد خۆی لەم نێوانەدا چ دەڵێ؟**

**ئاوات محەمەد:** کورد قسەی خۆی دەبوو، ئەگەر دیموکراسی هەبوایە. ئەو هەڵبژاردنانە لە غیابی بەشداریکردنی کوردە. سیستمی دیموکراتیەتی تورکیا حەقیقی نییە، بەڵکو پارێزەری ئەمنی قەومی تورکیایە. بۆچوونی رەفاه دەربارەی کێشەی کورد دیارە داوادەکا سوپایەکی تایبەت بەسەرکوتکردنی کورد هەبێ (لێدوانی ساڵی 1933) لەکاتێکدا یلماز و چیللەر تەحەفوزیان هەبووە، چونکە تواناکانی تورکیا ئیستنزافدەکات. ئەگەر مەسەلەکە بەراوردبێ، من یلمازم پێ باشترە لە ئەربەکان. رەفاه لە چەندین لاوە زیان بە کورد دەگەیەنێ، لەلایەک ئەمە هەڵوێستێتی بەرامبەر بە کورد، لەلایکی تریشەوە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە گەرانەوەیە بۆ دواوە.

دەربارەی ئاژاوە یان دیموکراتی کە تۆ کاک مەحمود-ت لەبەردەم دوو هەڵوێستدا دانا. راستە زۆر جاران میللەتان هەلومەرجێکی نالەباریان قۆستۆتەوە بە مەبەستی سەرکەوتن، هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و سەربەخۆیی چەندین نەتەوە باشترین نموونەیە. بەڵام ئەوە زۆر (مەزموون) نییە، هەڵوەشانەوەی یۆگسلافیاش نموونەیەکە کە شەری لێ کەوتەوە. دیموکراتی گەشەسەندێکی مێژوویی دەستەبەرترە بۆ دابینکردنی مافی میللەتان، چونکە لەوانەیە ئاژاوە تراژیدیایەک یان بەهێزبوونەوەی ناوەندی بەدواوەبێ. کۆماری مهابادیش نموونەیەکی لەم بارەیەوە.

**مەحمود رەزا:** هەلومەرجی زاتی (pkk) جیایە. (pkk) رێکخراوترە. ئەو تراژیدیایەی باسیدەکەیت لە حاڵێکدا روودەدات کە خۆت سوود لەو ئاژاوەیە وەرنەگری.

**ک.ن/ واتا کە خۆت لەئاژاوەدا بژیت؟**

**مەحمود رەزا:** بەڵـێ وایە، (pkk)سـوپایەکی مەشـقپێکراوی هەیەو ئامادەیە بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکان.

**ئاوات محەمەد:** بەڵـێ راسـتە، بەڵام کـاک سـتران مـن مەبەسـتم ئەوەیە ئایـا تورکیـا چ ئـاژاوەیەک بەخـۆوەدەبینێ؟ ئـاژاوەیەک کە ئەوەندە بخایەنێ و ئەوەندە بەردەوام بێت کە ئیتـر پاڵبـدەنەوە؟ تـۆ بڵێێ ئەزموونی راپەڕیـنەکەی کوردسـتانی عیـراق رووبـداتەوە؟ ئەگەر لەبیرتان بێ رژێمی بەغدا هەر ئەوەندەی راستبۆوە بەچەند لیوایەکی سوپا پەلاماری داینەوە.

**مەحمود رەزا:** بەڵام مەبەستمان ئەوەیە ئەمە لە حاڵێکـدا رووبـدات کە رەفاە لەسەر حوکم بێ. واتـا ئـاژاوەیەک کە لە حـوکمرانی رەفـاە دەکەوێتەوە. ئامـادەبووانی تـر: ئەوکـاتە رۆژئـاوا پـشتگیری لە کـورد دەکات بەرامبەر بەرەفاە.

**ئاوات محەمەد:** مـن وای بـۆ دەچـم رەفـاە بـۆ دیفـاعکردن لەو دەستکەوتەی خۆی بەدەسەتیهێناوە، بەکەمیش رازییە. ئەگەر حزبێکـی عەلمانی لەگەڵ رەفاهدا رێکبکەوێ، ئەوا ئینتحاری ئەو حزبەیە، نەک رەفاە کە بەو بەشەی ئێستای خۆی رازییە.

تاچەند کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەربکرێ و رەوتی دیموکراتی گەشەبکات ئەوەندە لایەنگیری تورکیـا بـۆ پـارتی لە شـەڕی نـاوخۆدا کەمدەبێتەوە.

**ک.ن: لە دواتەوەری مێزگردەکەماندا، ئەم پرسیارانەی تائێـستا کردمان لەسەر وەزعی ناوخۆی تورکیا بوو، ئەگەر تێبینیتان نەبێ لە تەوەرەی چوارەم و کۆتاییدا باسی رەنگدانەوەی دەرکەوتنـی رەفـاە و هـاتنە پێـشەوەی ئەو حزبەمـان بـۆ بـکەن لەسـەر**

**کوردستانی عیراق. ڕەنگدانەوەی نفوزی ڕەفاه لای خۆمان چـۆن دەبێت؟ بەتایبەتی ئەگەر لە ئایندەدا ڕەفاه دەنگێکی باشتر بێنێ و حکومەت پێکبێنێت.**

**دڵشاد ڕەشید:** خۆی بەشێوەیەکی گـشتی دیـارە وەزعـی نـاوخۆی تورکیا تەئسرێکی گەورەی هەیە لەسـەر کوردسـتانی عیـراق، چـونکە تورکیا تەنها دەروازەی ئـێمەیە لەگەڵ دەروەو بـنکەی ئەنجەرلیکـیش هەر لەو وڵاتەدایە. ئەم گۆڕانکارییانە ئێستا بەو تونـدوتیژییە نیـیە کە هەر ئێستا ڕەنگدانەوەی هەبێ. پەیوەندی تـورک- ڕۆژئـاوا ئەوەنـدە تۆکمەیە کە هەروا بەئاسـانی تەرازووی هێـز نـاگۆڕێ. بەسـەرکەوتنی ڕەفـاه لە مەیـدانی سیاسـیدا، ڕەفـاه نـاتوانێ دژایەتـی نـاتۆ و ئەو دامەزراوە سەربازییە بکات کە لە ئەنجەرلیک گیرساوەتەوە.

ئـێمە لە هەرێمـدا جـگە لە پەیوەنـدیمان، وەکـو نەمـری واقیـع، لەگەڵ تورکیا، پەیوەندی نەتەوەییمان لەگەڵ کوردەکـانی کوردسـتانی تورکیا هەیە. تورکیا چـۆن لە ئاینـدەدا مـامەڵە لەگەڵ کێـشەی کـورد دەکا؟ ئەگەر دۆخـی تورکیـا بەرەو دیمـوکراتی و گەشەسـەندن بچـێ. گوشار لەسەر کوردی عیراق کەمـدەبێتەوە، کە ئێـستا گوشـارێکی زۆر هەیە کورد پێشیلی دابونەریتی یەکێتیی نەتەوەیـی بکـات، هەروەکـو خاڵی شەشەمی ڕێککەوتنی دبلن. ئەگەر دۆخەکە بەرەو ئیجـابی بـڕوا تەئیـدی تورکیـاش بـۆ لایەنێکـی شـەڕی نـاوخۆ (پـارتی دیمـوکراتی کوردستان) کەمدەبێتەوە. ئێستا ڕێگـای بازرگـانی نەوت، کەلەوپەل و داهـاتێکی باشـی بـۆ بنەمـاڵەی بـارزانی دابینکـردووە. ناشـڵێم پـارتی چونکە ئەو داهاتە هەمووی بۆ خۆیانە. ئەمە یارمەتیی پارتی داوە بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بەدەست خۆیانەوە بێ و زۆرترین مـاوە سـوودی لێ وەربگرن. ئەمەش ڕێگرە لەبەردەم کۆتاییهاتنی شەڕدا.

**ک.ن کاک مەحمود، هەر لە پەیوەندی بەو بابەتەوە، پەرەسەندنی نفوزی رەفاه چ کاریگەرییەک لەسەر تەیاری ئیسلامی لە کوردستانی عیراق دەبێ؟**

**مەحمود رەزا:** تەئسرێکی تەڕدییە، تا رەفاه لەوێ تواناداربێ، لێرە دەبێتە نموونەیەکی بەرز. ئێران وەکو نموونەیەکی سەرکەوتووی حوکمرانی ئیسلامییەکان لەلایەن شیعەمەزهەبەکان چاوی لێ کرا. ئیسلامییە سوننییەکان دەرچوونی رەفاه بەسەرکەوتنی خۆیان دەزانن. بۆ نموونە، برادەرانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بروسکەی پیرۆزباییان بۆ نەجمەدین ئەربەکان لێدا. کاتێکیش وتەبێژی راگەیاندنی ی.ن.ک رەخنەی لە تەیاری ئیسلامی کرودستانی عیراق گرت کە هەڵوێست دەربارەی لێدوانەکانی ئەربەکان سەبارەت بەهێرشکردنە سەر شۆڕشی کورد و وەسفکردنی ئێرە بەئاژاوە، یەکگرتوو روونکردنەوەیەکی دا، دیسانەوە پشتگیریی ئەربەکانیان کرد، گوایە ئەو سیاسەتی خۆی دەکاو هەقی خۆیەتی. بەداخەوە هەقی خۆیەتی بەناوی ئیسلامەوە بۆ تورک ئیشبکات. ئەی بۆ لای ئێمە ئیش بۆ کورد ناکرێت؟ بۆ ئەربەکان (صەدام) دەکا بە دۆستی ئازیزی خۆی، لەکاتێکدا بەناوی ئیسلامەوە ئەنفالی کوردی کردووەو تەشویهی قورئانی پیرۆزی کردوە؟ خۆی دەبوایە لەسەر لایەنە ئیسلامییەکەی مەسەلەکە، نەک لەسەر کورد، ئەربەکان ئەو لێدوانەی دەرنەکردبایە.

## بەڵام رەنگدانەوەی نفوزی رەفاه لای خۆمان چۆن دەبێت؟

**د.عەبدولستار تاهر شەریف:** ئەگەر رەفاه بێتە سەر حوکم، ئەمە دژی ئیرادەی رۆژئاوایە، ئەو کاتە رۆژئاوا پشتگیری (pkk) دەکات.

هەروەکو کاک مەحمود ئاماژەی بۆ کرد. رۆژئاوا پشتگیری کوردی عیراقی کرد، لەبەرئەوەی سەددامیان لێ قووت بۆوە.

لەلایەکی ترەوە رەنگدانەوەی سەرکەوتنی رەفاە بەندە بە بەرنامەی حزبە حوکمرانەکانەوە، ئەو حزبانە تا چەند دەتوانن بۆشایی دروست نەکەن، تاوەکو تەیاری ئیسلامی پڕیبکاتەوە؟ تەیاری ئیسلامی کەڵک لە هەڵەکانی یەکێتی و پارتی وەردەگرێ. حزبە ئیسلامییەکانی کوردستانی عیراق بچووک و لاوازن. لێرە ئیسلام هەیە، خەڵک نوێژدەکەن و رۆژوودەگرن، بەڵام ئیسلامی مسیس (بەسیاسییکراو) نییە، بەڵکو هەستی نەتەوایەتی بەهێزترە. حزبەکان ئەگەر نەتوانن وەڵامی پێداویستییەکانی خەڵک بدەنەوە، ئەوا حزبەکانی تر: ئیسلامی، شیوعی.. هتد جێگایان دەگرنەوە.

**ک.ن: لە حاڵێکدا ئەگەر لە دوارۆژدا رەفاە حوکمی گرتەدەست و نموونەی چارەسەری ئەو بۆ کێشەی کورد بە دڵی کورد نەبوو، رەنگدانەوەی ئەوە چوون کاریگەری دەبێت لەسەر تەیاری ئیسلامی خۆمان؟ ئەوان چۆن وەڵامی ئەو ئیحراجبوونە دەدەنەوە؟**

**ئاوات محەمەد:** ئیحراجبوون نییە، ئەوان خۆیان بەموحرج نازانن، لە هەموو حاڵێکدا رەفاە بەڕاست دەزانن.

**ک.ن/ لەراستیدا ئێمە هەواڵمان دا کە برایەک لە تەیاری ئیسلامی بەشداری مێزگردەکەمانی بکردبایە، تا وەک کۆڕی گفتوگۆ گەرمتربوایە، بەڵام دیارە دەرفەتیان نەبوو. بەهەرحاڵ**

**مێزگـردەکە واڵایەو بـواری تەعقیـب و بەدواداچـوون و لەسـەر نووسینی هەیە.**

**دڵـشاد ڕەشـید:** پێویـــستە حزبەکـــانی خۆمـــان، بەعەلمـــانی و ئوسوڵییەوە، لە روانگەی بەرژەوەنـدی نەتەوەیـیەوە بیـر لە دۆخەکە بـکەنەوەو هەڵوێـستی خۆیـان بەروونـی دیـاریبکەن و بەرژەوەنـدیی باڵای نەتەوە لە سەرووی بەرژەوەندی ئایدولۆژییەوە دابنێن.

**مەحمود ڕەزا:** هەموو حزبە ئیسلامییەکانی دونیا بـۆ نەتەوەکـانی خۆیـــان ئیـــشدەکەن. هەروەهـــا ئەتـــاتورک"یـــش لەکاتێکـــدا رێککەوتننامەی سێڤرە تورکیـای گەیانـدبووە حـوکمی نەمـان، ئەو تـوانی بەنـاوی ئیـسلامەوە، بەنـاوی برایەتـی ئیـسلامیی کـوردو تـــورکەوە، تورکیـــا لە پارچەپـــارچەبوون رزگاربکـــات و لە کوردستانیشەوە خـۆی رێکبخـاتەوە. ئەگەر هەقە تـورک و عەرەب و فـــارس ئـــاینی ئیـــسلام"ی پیـــرۆز لەگەڵ بەرژەوەنـــدییە نەتەوەییەکانی خۆیاندا ئاوێتەبکەن، بۆچی مـافی کـوردی نەگـبەت نەبێ کە وابکـات؟ ئەگەریـش ئیـسلام هەقـی بەنەتەوەکـان نەداوە بۆچی مـن قبـوڵی بـکەم ئەربەکـان بەنـاوی ئیـسلامەوە دیفـاع لە نەتەوەکەی خۆی بکات؟

**ک.ن/ ئەگەر هیچ سـەرنجێکتان نەبـێ بەشـی کـاک حەمە شـوان دەهێڵیـنەوە. دەتـوانن دیـد و بۆچـوونی بەرێزیـشی بخوێننەوە. تاوەکو لێکچوون و جیاوازییەکـان تێبینـی بـکەن. زۆر سوپاس بۆ ئێوە، بێگومان هەموو خوێنەران بۆیان هەیە تەعقیب لەسەر ئاخاوتنی بەڕێزان بەشداربووانی سـیمینارەکە بکەن.**

## پوختەی سەرنج و تێبینیەکانی کاک حەمە شوان

## (سیاسەتمەدارو رووناکبیر)

**بەرێز حەمە شوان** لەسەرەتای وەڵامەکانیدا دەڵێ دەستووری تورکیا رێگەی بە دروستبوونی حزبی چەپ و ئوسولی نەدەدا تا ساڵی 1961، کە رێگادرا بە حزبە چەپەکان بەو مانایەی کە ئەوانە دژایەتییەکی بنچینەی کەلتووری ئەتاتورک ناکەن، لەچاو ئیسلامییەکاندا کە دەیانەوێ ئاسەواری ئەتاتۆرکیزم نەمێنێت، بۆیە لەبەرئەوەو لەبەر هۆکاری ئیقلیمی دروستبوونی حزبی دینی قەدەغەکرا.

لەئەنجامی ئەو قەیرانە قووڵەی بەدرێژایی ئەم سێ ساڵەی دوایی رژێمە یەک لە دواییەکەکانی تورکیا تێیکەوتن، لە هەموو بوارەکان و دژایەتیکردنی گەلی کورد، بەتایبەتی لە سەردەمی حکومەتی تانسۆ چیللەردا، کەوتە ژێر قەرزێکی زۆرەوە بەبڕی زیاتر لە 74 ملیار دۆلار و ساڵانەش 10 ملیار دۆلار تەرخانکراوە بۆ کوژاندنەوەی بزووتنەوە رەواکەی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا. ئەمانەیش بوونەتە هۆی هاتنە بوونی فەزایەکی سیاسی و ئیسلامی سیاسی ئەو تەیارانەی قۆستۆتەوەو بەرەو گەشاندنەوەوە رۆیشتووە.

سەرەرای سیاسەتی میانڕەوی رەفاه و دابەشکردنی یارمەتی و خۆراک و پۆشاک بەسەر دانیشتواندا و سەردانی سەر قەبران و ماڵان. ئەمانەو گەلی هۆکاری تری دەرەکی و ناوەوە رۆڵیان بینیوە لە سەرهەڵدانی ئوسولیەتدا.

دەربارەی سروشتی حزبی رەفاه و جیاوازیی لەگەڵ تەیارە ئوسولییەکانی تورکیادا، کاک حەمە شوان دەڵێ (حزبە

ئوسـوليیەکان بەگـشتی، لەوانەش رەفـاه، ئامانجیـان پێکهێنـانی حکـومەتێکی ئیـسلامییەو ئەمەش لە بەرنامەکەیانـدا هـاتووە. دەربـارەی کێـشەی کـوردو دیموکراسـیش لە تورکیـا هـیچ شـتێکی دیاریکراویان نییە. ئەوان بۆچوونیکیـان هەیە دەڵـێ، پێویـستە ئەو مەسـەلەیە لە چوارچێـوەی (برایەتـی ئیـسلامی)دا چارەسـەربکرێ. واتە لە دەوڵەتێکی هەمەلایەنیـدا چارەسـەری ئیـسلامییانەی دۆزی گەلی کورد بکەن.

دەربـارەی ژیـانی دیموکراسـیش باوەڕیـان بەوە هەیە کە ئەو دەسـەڵاتوەرگرتنە دەبـێ لە شـەرعەوە بـێ، نەک لەگەڵ و دەستووری سەر زەمینەوە.

بۆچوونیشیان لەسەر مەسەلەی ئافرەت لاتەریککردن و رۆڵ پێ نەدانە. لە هەڵمەتـی پروپاگەندەکەیانـدا ئەربەکـان وتـی هێـشتا دیموکراسـی لە تورکیـا نەگەیـشتووتە ئەوەی ئـافرەت بە سەرپۆشـەوە بچـنە پەرلەمـان. واتە لە جەوهەردا لەگەڵ تەیـارە ئیـسلامییەکانی تـردا یەکـدەگرنەوەو لە رەواڵەتـدا جیـاوازن. دەربـارەی ئاینـدەی تورکیـا، لەحاڵێکـدا کە رەفـاه سـەرکەوتنێکی وەدەستهێناوە لە زمانی ئەربەکانەوە دەگێـڕێتەوە بەدوو ئاراسـتەی پـێش هەڵبـژاردن و دوای هەڵبـژاردن کە هەر دووکیـان هەڵـەی رەفاه دەردەبرن بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات.

سەرەتا ئەربەکان بۆ هەڵمەتی هەڵبـژاردن جاری دا پەیوەنـدی بە ئەوروپـاو یەکێتیـی گـومرگی ئەوروپـاوە دەبـڕین و لەگەڵ جیهـانی ئیـسلامی، بەتـایبەتی سـعودیە، توندوتۆڵیـدەکەین. کەمـالیزم پەیرەونـاکەین، چـونکە ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی لەنـاوبرد. بـنکەی ئەنجەرلیـک نـاهێڵین و پەیوەنـدی لەگەڵ عیراقـی دۆسـتمان چـاک دەکەینەوەو پێ لەسەر مافی تورکیا لە تەواوی قوبرسدا دادەگرین.

بەڵام دوای هەڵبــژاردن و پێویــستی حــزبەکەی بە ئیئتــیلاف لەگەڵ حزبەکــانی تــردا، لە هەڵــپەو پەلەپەلــی بــۆ دەســەڵات، رایگەیانــد: ئــێمە بەشــێکین لە ئەوروپــاو پەیوەنــدی بە یەکێتیــی گــومرگییەوە دەکەیــن. دژی کەمــالیزم نــین، چــونکە بنچیــنەی دەوڵەتەکەمانەو هەمووومان قەرزاری ئەتاتۆرکین.

بەڕێز حەمە شوان پێیوایە، جگە لە لاوازی حزبە عەلمانییەکـان، ئەم هۆکارانەش سەرکەوتنی رەفاە و دەرچونیان مسۆگەرکرد.

یەکەم: هەڵبژاردن کە پێش ساڵێک لە وادەی خــۆی کــرا، نیــشانەی قەیران و سەرنەکەوتنی ئیئتیلافی چیللەر و دەنیز بایکال بوو.

دووەم: قەدەغەکردنــی بەرەی ئاشــتی و دیموکراســی (حزبــی دیموکراســی گەلــی کــورد) کۆمۆنیــست و گــروپە چەپەکــان، عەلەوییەکــان و گـــــــرتنەبەری سیاســەتی تـــوندتیژی لەگەڵ ئەمـــانە و لەگەڵ نیـــشتمانپەروەرو مـــافپەروەران و قەیرانـــی دیموکراسی، لەبەرامبەریشدا نەرمی و چاوپۆشینی رژێمـی تورکیـا لە چوونە پــێش و گەشــەکردنی رەفــاە لە غیــابی ئەو ناوەنـدانەی سەرەوەدا.

سێیەم: داپلۆسـێنی موسـڵمانانی بەلقـان کە پەیوەنـدییان لەگەڵ تورکەکانــدا دەگەڕێــتەوە بــۆ ســەردەمی دەوڵەتــی عوســمانی. لە ئەنجامی ئەوەدا زیاتر لە 25 هەزار بۆسنی کۆچییان بەرەو تورکیـا کــردو بەرەســەن بۆســنییەکانی تورکیــاش، کە ژمارەیــان پتــر لە 4 ملیۆنە، دەنگیان بەحزبی رەفاە-دا.

چــوارەم: کــۆمەککردنێکی زۆر لەلایەن ســعودیە و عیــراق و سودان و ئەفغانستان و ئێرانەوە.

پێــنجەم: رقــی پیــرۆزی کوردەکــان لە حکــومەتی تورکیــا و دەنگدانیان بۆ رەفاە.

هەروەکـو رووپـدا، رەفـاه لەگەڵ حـزبە عەلمانییەکانـدا رێـک نەکەوت، لەبەر ئەو دەلاقە گەورەیەی هەردوولا لێـــــــــک جویێدەکاتەوە. کاک حەمە شـوان لە وەڵامەکانیـدا دژواری ئیئتلافـی (نیشتمانی دایک) لەگەڵ رەفاه بۆ ئەم هۆکارانە دەگێڕێتەوە:

یەکەم: حزبی دایک جەماوەری خۆی لەدەستدەدات.

دووەم: حزبەکـانی تـر فـشاردەخەنە سـەر حزبـی دایـک بـۆ هەڵوەشانەوەی ئیئتلافەکە.

سـێیەم: پـێگەی حزبـی نیـشتمانی دایـک لە وڵاتـانی ئەوروپـا لاوازدەبێت.

لە وەڵامـی پرسـیاری دەرکەوتنـی رەفـاه و لە ئاینـدەدا وەک ئەگەرێک حوکم گرتنەدەستی لە قـازانجی کـوردە یـاخو نـا، کـاک حەمە شوان وتی: بەسەرکەوتنی رەفاه ئایندەی کـورد بەرەو کـوێ دەڕوات؟

بەرای مـن هـیچ بـزووتنەوە و حـزب و دەوڵەتێکـی ئیـسلامی بەرنامەیەکی نییە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کـورد و مەسـەلەی نەتەوەیـی. بەتـایبەتی حزبێکـی وەک رەفـاە کە لە بەرنامەکەیانـدا هاتووە: چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێـوەی برایەتیـی ئیسلامیدایە! ئایا ئەو بـرایەتییەیە کە لە ئێرانـدا کـراوە. لەبەرئەوە من داهاتووی چارەسەری گەلی کورد بە چاکی نابینم و باوەڕیـشم پێی نییە کە بتوانرێ چارەسەربکرێ.

لەم پێناوەشدا سەبارەت بە کـورد لەنێـوان بـارگرژی و ئـاڵۆزی لەلایەک و دیموکراســـی لەلایەکـــی تـــرەوە، ئەوا بێگومـــان دیموکراسییە. چونکە هەموو کێشەیەک، گەورە بـێ یـان بچـووک، لە خۆشـــکردنی زەمینەیەکـــی دیموکراســـیدا چارەســـەردەکرێت، پێچەوانەکەیشی راستە.

لەکۆتایدا هەر لە درێژەی ئەو ئەگەرەدا دەربارەی ئەو گۆرانە کە پێشبینیدەکرێ رەفاه ئەنجامیبدات و ئایا گۆرانێکی رادیکالی دەبێت، وتی: لە سەرەتادا بەڵێ، بەڵام لە دامودەزگا حەساسەکاندا بەرە بەرە پەشیماندەبێتەوەو بەناوی ئیسلامەوە هەمووی هەڵدەوەشێنێتەوە. چاو گێرانەوەیەک بەمێژووی دوینیدا، ئەو راستیانە دەسەلمێنن.



ئەربەکان و چیللەر، لەسەر یەک تەلی ئاواز حکومەت پێکدێنن



سوپا.. تارماییەک بوو بەسەر حکومەتەکەی ئەربەکانەوە



سوڵتان عەبدولحەمید

دۆستی کورد یان نەیاری؟




عەدنان مەندەریس



ئەجەوید و دیمیریل، ئەربەکانیان وەکو تایپێکی جیاواز دەبینی



مستەفا کەمال ئەتاتورک



کەنعان ئیڤرین کودەتا بەسەر ڕاست و چەپدا



چیللەر و یەڵماز، بژارەیەکی تر بۆ حکومەتی ئیئیتیلافی



چیللەر



ئەربەکان لەژێر چاودێری سوپادا



دەنیز بایکاڵ



ئەربەکان



ئۆزال: کرانەوە و فراوانی ئەندێشە



**Hürriyet**

YILDIRIM BASKI

BÜTÜN YURTTA SIKIYÖNETİM İLAN EDİLDİ

# Ordu yönetime el koydu

**Hükümet ve Parlamento feshedildi, Siyasal partilerin faaliyetleri durduruldu. Parlamenterlerin dokunulmazlıkları kaldırıldı. Saat 05.00'ten itibaren sokağa çıkma yasağı başladı**

Genelkurmay Başkanı Evren'in başkanlığında Kara, Hava, Deniz Kuvvet Komutanları ile Jandarma Genel Komutanı Milli Güvenlik Konseyi'nde görev aldı

DİSK ve MİSK'e bağlı bütün sendikalar faaliyetten men edildi. Bütün dernekler kapatıldı

Bu hafta hiç bir spor faaliyeti yapılmayacak

Bankalar ikinci bir emre kadar çalışmayacaklar

Yurt dışına çıkış yasaklandı. Yurt dışında çalışan işçiler ve turistler yurt dışına çıkabilecekler

Ilk bildiriler:

1 numaralı bildiri

کودەتاکەی سوپا مانشێتی بەردەوامی ڕۆژنامەکانی تورکیا



عیسمەت ئەنینۆ



سەدام حسێن



کچەکەی ئەربەکان

## ■ فەسڵی دووەم

# لە پەراوێزی مێزگردێکی (کوردستانی نوێ)دا:

پرۆژەی (برایەتی ئیسلامی)..

لەنێوان(....!!) و واقعیەتدا

نووسینی: عومەر عەلی سیمانی

ئەم وتارە لە ژمارە (1242)

لەڕۆژی (1996/3/19)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبۆتەوە.



* عومەر عەلی غەفور
* لە ساڵی 1970 لە هەڵەبجەی شەهید لەدایکبووە.
* دەرچووی کۆلێژی زمان-بەشی زمانی ئینگلیزییە.
* لە 1995 تا 2000 ئەندامی دەستەی نووسەران و لە 2000ـ2004 بەرپێوەبەری نووسینی رۆژنامەی یەکگرتوو، هاوکات توێژەر بووە لە مەکتەبی باس و لێکۆڵینەوەی هەڵوەشاوەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.
* لە 2008دا بە رەسمی وازی لە یەکگرتووی ئیسلامی هێناوە.
* لە 1997 یەکەم کتێبی بەناوی "مافی ئافرەت لەنێوان رەگەزسالاری و مرۆڤسالاریدا" چاپ کردووە و تا ئێستە ئەم کتێبانەی چاپ کردوون:

- جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی.
- بەئایدیۆلۆژیاکردنی ئاین.
- ئەخلاق لە سیاسەتدا.
- ئاین لە فیکری مەسعود محەمەددا.
- مرۆڤایەتیمان لە بۆسەی ئایدیۆلۆژیادا.
- گوتاری ئاینی لەژێر وردبینیدا.
- ئافرەت وەك خۆی

ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی سەدان وتار و لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

**بەناوی خوای گەورە**

**برایانی بەرێزی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)**

**سڵاوی خوای میهرەبانتان لێ بێت**

لە ماوەی رابردوودا مێزگردێکتان سازکرد لەبارەی (ئایندەی حوکمرانی لە تورکیا)، کە لە 3 ژمارەی رۆژنامەکەتاندا بڵاوکرایەوە. (وەک رۆژنامەکەشتان نووسیبوی) منیش پێم خۆشبوو نوێنەرێکی ئیسلامیش بەشدارییکردایە، تا مێزگردەکە گەرمتر و بابەتیتر بوایە. بۆیە بینا لەسەر ئەوەی (ک.ن) لە ژمارە (1234)یدا نوسیویتی (بواری تەعقیب و بەدواداچوون و لەسەر نووسینی هەیە)، منیش وەک رۆشنبیرێک حەزمکرد بەم چەند دێرە بەشدارییکەم و رای خۆم دەرببرم.

**پاش ئەوەی پارتی رەفاهی ئیسلامی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی کانونی یەکەمی (95)دا لە تورکیا پێشی حزبەکانی دیکەی تورکیای دایەوە، لە بەدەستهێنانی ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانداو ئەگەری گرتنەدەستی حکومەت لەلایەن رەفاوە-سەریهەڵدا، لەسەر روپەری هەندێ لە رۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان قسەوباس زۆر کراو دەکرێ، لەسەر بەرنامەی (رەفاە)و هەڵوێستی لەمەر نەتەوەو کێشەی کورد لە**

توركیـا و عێـراق، كه دیارترینیـان ئەو مێزگـردە بـوو رۆژنـامەی (كوردستانی نوێ) له ژێر ناوی (ئایندەی حوكمرانی توركیا) بـۆ چەنـد رۆشنبیرێک سازی دا و پوختەی بووچونەكان- لەم مێزگـردەو لەسـەر رۆژنامەكانی تریش- دروسـتكردنی گومـان بـوو له راسـتی بـانگەوازە ئیـسلامیخوازییەكەی (رەفـاه)و تاوانبـاركردنی به (شـۆفینیەت)و (درێژەكێـشاوی كەمالیـست)و هەنـدێ جـاریش تـانەدان له خـودی پرۆژەی ئیسلامی لەمەر كێشەی كورد-چ ئەوەی لەلایەن (رەفاه)ەوە بەنـاوی(برایەتیـی ئیـسلامی)ەوە خـراوەتەروو، چ ئەوەی لەلایەن ئیسلامییەكانی كوردستانەوە-و ناوبردنی بەلێلی و نـاواقعی و هەنـدێ جـاریش پێچـانەوەی ئیـسلامیەكانی كوردسـتانیش به (رەفـاه)ەوەو هەڵسەنگاندنیان له روانگەی بۆچوونەكانی ئەمەی دواییەوە.

منیش لای خۆمەوە وەک نووسەرێک حەزمكـرد بەم نووسـینە بەشـداری له شـیتەڵكردنی ئەو مەسـەلەیەدا بـكەم. (دیـارە لەبەرئەوەی من كوردێـک نـیم له توركیـادا بـژیم و له نـزیكەوە ئاشـناییم هەبـێ لەگەڵ (رەفـاه)و ڕادەی پابەنـدبوون، یـاخود پابەنـدنەبوونی بەو بەڵێنـانەی له بـارودۆخ و بـۆنە و كـاتە جیاجیاكاندا داویەتی، تا لەو روانگەیەشـەوە پێشبینی هەڵوێـست و بەرنامەیـشی لەمەڕ كێـشەی كـورد-لەكـاتی بـوون به حكومەتیدا-بكەم و بـزانم ئـاخۆ بەڵێنەكـانی بەجێـدەگەیەنێ یـان نـا؟ ئەوەی لەو بـارەیەوە چـوویتە زەیـنمەوەو دەیڵـێم هەر ئەوەیە كه بیستوومە یان خوێنـدومەتەوە- دیـارە ئەو زانیاریـانە هەرچەنـدە وردو زۆرو هەمەلایەنەبـن، نـاگەن بەو راسـتیانەی مرۆڤ له ئەنجامی تێداژیان و له نـزیكەوە بەدوادا گەران چنگـی دەكەوێ- بەڵـێ لەبەر ئەوەی مـن-و تـۆ و هەمـوو خەڵكـی هەرێمیش-لەناو ئەم بازنە جـوگرافیەدا دەژیـن. نـاوێرم و رێ به

خۆم نادەم بە ڕەهایی حوکمی چاکەو ڕاستی بەسەر (ڕەفاە)و تەواوی هەڵوێست و هەنگاوەکانی و بەرنامەی سیاسی ئێستاو ئایندەیدا بدەم و پاساوی هەڵەکانی بدەم¯ کە هیچ تاکەو دەستە و حکومەتێک بێ هەلە نەبووەو نییە و نابێ¯ تەنها ئەوەندە دەتوانم لە ڕوانگەی ناسینی خۆمەوە، ئەویش وەک گرویەکی ئیسلامخواز، کە کۆمەڵێک بۆچوون و قەناعەتی فکری و عەقائیدی و سلوکی هاوبەشمان هەیە. هەروەها لە ڕێی بینینی ئاسەواری لەبەرچاوی ئەو بەیداخەی هەڵیکردوە (لە خزمەتکردنی دڵسۆزانە لە دەزگاکانی بەلەدیاتداو بەدەستهێنانی متمانەی بەشێکی زۆر لە جەماوەری وڵاتی خۆی)و جەختکردنی بەردەوامی لەسەر پرۆژەی (ئیسلامخوازی): دەتوانم گومانی چاکم پێی هەبێ و بە سەرکەوتنی دڵخۆشبم و هیوای (استقامەت) لەسەر ئیسلام و گەشەسەندنی بۆ بخوازم¯ بێ ئەوەی بە فریشتەی بێ هەڵەی بزانم و یاسای (اعتقد وانت اعمی) بەسەر خۆما بسەپێنم.. بەهەمان پێودانگ دەبوایە ئەو نووسەر و لایەنە سیاسیانەیش کە بیرۆبۆچوونی فکری و سیاسیان لە (ڕەفاە)و (ئیسلامگەری) جودایە، ڕێ بە خۆیان نەدەن لێرەوە، لە هەرێمی کوردستانەوە، حوکمی شۆفێنی و خراپی و ناراستگۆیی بەسەر ڕەفاهدا بدەن، هەوڵیانبدایە زانینی رووی ڕاستەقینەی مەسەلەکەیان لەو ملیۆنەها کوردەی کوردستانی تورکیایەوە وەرگرتایە، کە دەنگیان بە (ڕەفاە)دا و بە نوێنەری خۆیان هەڵیانبژارد و بێگومان ئاگادارن و مامەڵەی بەردەوامیان لە گەلی هەبووەو هەیە. ئەگەر ڕەفاهی ئیسلامی ئەو بەڵێنە بێ کە باسدەکرێ و گەلی کورد بیزانیایە بیری تۆرانیەت و شۆفینێزم و بەسووک سەیرکردنی کورد لە فکر و

بەرنامە و هەڵوێستیدا هەیە، لە پتر لە (14) پارێزگای کوردنشیندا لە هەر چوار حزبەکەی تری ناو پەرلەمان زیاتری نەدەهێنا! دیارە ئەو متمانەیەش لە هەوا و بۆشاییەوە نەهاتووە. ئەزمەوونی رۆژگار گەڵالەیکردووە. خۆ ئەگەر وانەبێ ئەوا دەبێ ئەو کوردانە بە گێژوویژ دابنێین، چونکە ئەوان لەوێ (رەفاە)یان نەناسیوە، ئێمە لێرە دەیناسین. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە بەڵێنی رەفاە سەبارەت بەکێشەی کورد پێچوپەنای تێدانییە، ئەویش چارەسەرکردنیەتی لە چوارچێوەی (برایەتی ئیسلامی)دا، گومان دەخرێتە سەر روونی و واقعیەت و راستگۆیی ئەم پرۆژەیە، بەڵام من دەڵێم تەنها خودی ناوی پرۆژەکە هەنگاوێکی بوێرانە و گەورەیە لە رێی چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، چونکە بۆ یەکەم جار بەئاشکرا دروشمی (تورکی شاخ)ی لە کورد سڕیوەتەوەو دانی بەوەدا ناوە، تورک برایەکی هەیە کە پێیدەوترێ (کورد)و مافی برایەتییان لەنێواندا هەیە، ریشەیەکی عەقائیدی و دینیشی بەو دروشمە داوە. ئایا تا ئێستا کام لە حزبە عەلمانییە تورکەکانی تورکیا کوردی کردۆتە برای تورک، بگرە هەر دانی بە هەبوونی ئەو برایەدا ناوە؟ ئایا کامەیان شۆڤینێزمە؟ دەڵێن(رەفاە)، کە حوکمی گرتەدەست لەم بەڵێنە پاشگەزدەبێتەوە. دەڵێم ئەوە تەنها ئەگەرێکی لاوازو بێ بەڵگەی واقیعییەو بەوتەی قورئان (رجما بالغیب)ە،کێ دەڵێ وا دەبێ؟

## قەوارەی سەربەخۆ مانای کۆتای زوڵم و زۆرە؟

با ئێستا بزانیین، کە داننان بە (کورد)دا دوو بوعدی هەیە، دانپێدانان وەک نەتەوەیەک و دانپێدانان وەک قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ. دیارە رەفزکردنی ئەمەی دوایی مانای

ئینکارکردنی یەکەمیش ناگەیەنێ، کە بێگومان مەترسیی گەورە لە رەفزکردنی داننانـدایە بە هەبوونی (نەتەوە)و پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتییەکان لێرەوە سەرچاوەدەگرێ. هەروەها داننانیش بەبوونی نەتەوەو قەوارەی سەربەخۆی کوردیشدا (بەتەنها) مانای کۆتاییهاتنی زوڵم و زۆر و دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد ناگەیەنێ، بەڵکو بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجانەی دوایی هەبوونی رەگەزێکی سێیەم پێویستە بۆ هاوسەنگکردن و تەواوکردنی هاوکێشەکە، ئەویش (دادگەری – العدالة)یە. واتە دەبێ هاوکێشەکە بەم شێوەیە بێ:

(نەتەوەی کورد قەوارەی کورد) دادگەریی= هاتنەدی مافە رەواکان.

بەبێ هەبوونی ئەم رەگەزە. با نەتەوە ئازادبێ، با فەرمانڕەوایانی وڵات کورد زمان بن. مەحاڵە برینەکان سارێژبن و ئاواتەکان بێنەدی. باشترین نموونەش، ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ماوەی (5) ساڵی تەمەنیدا، کە دەبوو حزبی دەسەڵاتدار هەوڵی پێشخستنی باری گوزەرانی جەماوەرو بوژاندنەوەی کەلتوور و ئەدەب و هونەری کوردو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بدەن، کەچی ئەوە واقیعەکەیە و دەیبینین و من پێموایە ئەدەب و هونەر و زمانی کوردی–وەک نموونە – لە راپەرینەوە ئەگەر لە پێشتر پاشکەوتووترنەبێ، پێشتریش نەکەوتووە، کە ئەگەر هاوکێشەی:

(نەتەوە+قەوارە= هەموو شتێک)راستبووایە، دەبوو (پێچەوانە)بووایە. نموونەی تر لەسەر زوڵمی کۆمەڵێک لە کۆمەڵێکی هاونەتەوەی خۆیان زۆرو زەبەندەیە. کەواتە (بەتەنها) هەبوونی قەوارەی نەتەوەیی بەس نییەو تاکە مەرج

نییە بۆ سەربەرزیی و ئاسوودەیی هیچ نەتەوەیەک، مەگەر ئەو کاتەی ڕێبەرانی وڵات خاوەنی بەرنامەیەکی ئەوتۆ بن، کە دادگەری لە وڵاتدا بەرقەراربکات.. بەڵام ئایا بۆ هەردوو حزبی ناکۆکی کوردستان وانین بەرامبەر بەیەکتر و لایەنگرانی یەکتر؟ بۆچی ڕژێمە عەرەبییەکان لەگەڵ نەیارانی هاونەتەوەی ناوخۆیان و دراوسێیان وانین؟ بۆچی هندۆسەکان بەرامبەر موسڵمانەکانی هاوزمانیان وانین؟ مادام وابێ، دەگونجێ دوو نەتەوە یان زیاتر پێکەوە بژین، یەکێکیان دەسەڵاتداربێ، یاخود بە هاوبەشی دەسەڵات بەرێوەببەن و زۆڵمیش لە یەکتر نەکەن- بەو مەرجەی بەرنامەیەکی (دادگەر) دەستووریان بێ و دیاردەی (زوڵم)یش سیفەتێکی خۆرسک و سروشتی نەبێ لە پێکهاتەی هیچ نەتەوەیەکدا (کە نیشە). من پێموایە ئایینی ئیسلام ئەو بەرنامەیەیە کە گەلانی ئەم ناوچەیەی لەسەر کۆبەوونەتەوەو زەمینەیەکی سازە بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوانیانی لەسەر چارەسەربکرێ (نموونەیش لە مێژوو هەیە)و پاشتر هەوڵی سەلماندنی دەدەم.

بەڵام ناواقعیەتی هەندێک لە نووسەرانی نەتەوەگەریی لەوەدایە کە حساب بۆ واقعی لەبەرچاوی ئێرەو زۆر ناوچەو وڵاتی دی ناکەن، کە چۆن نەتەوەو قەوارەیی نەتەوەیی نەیتوانیوە ڕێ لە شەڕ و کوشتار و زوڵم و زۆر بگرێ، هەمیشە پێ لەسەر گیانی نەتەوەیی دادەگرن، وەک ئەوەی کورد وتەنی (قەوارەی نەتەوەیی) حەوت دەرمانە یاخود ئاوی زیندەگانی بێ و بە لەدایکبوونی زیندەگی بە ئاسودەگی نەتەوە بدات. بێ ئەوەی کار بۆ گەڵالەکردنی بەرنامەو نەخشەیەک بکەن، کە کاروباری ئەو قەوارەیەی بەشێوەیەکی دروست لەسەر

بەڕێـوەببرێ. و تـۆمەتی شـۆفینیزمی بەسـەر هەر نەتەوەیەکـی خـاوەن دەسـەڵاتدا دەدەن، بـا دادگەر و بە ئینـصافیش بـێ و مافەکـانی بـسەلمێنێ. بەم شـێوەیە لە بـاتی ئەوەی قەوارەی نەتەوەیـی بکـرێتە وەسـیلەیەک بـۆ حەوانـدنەوەی نەتەوە، قـەوارەکە خۆی دەبێـتە دوائامـانج و بگـرە ڕەنگــە هەنـدێ جار حـەوانەوەکـەیش بکرێتە قـوربانی.. بەڵام ئایا کـێ رێ لە دروسـتبوونی قـەوارەی کـوردی-هەر چـۆن بـێ- دەگرێ؟

تـا ئێـستا هەردوو حزبـی دەسـەڵاتداری کوردسـتان و زۆر لە حزبەکانی تری هەرێمیش پێ لەسەر یەکپارچەیی خـاکی عیـراق دادەگـرن، بەواتـا ڕەفـزی سـەربەخۆیی قەوارەی کوردسـتان دەکەن، کە دەکرێـت هەڵوێـستی ڕەفـاهیش سـەبارەت بەکوردستانی تورکیا لەم ڕوانگەیەی خۆمـانەوە بـۆی بـڕوانین و کـارنەکردنی بـۆ پێکهێنـانی قەوارەیەکـی کـوردی بە شـۆڤێنی نەزانین، بەتایبەتی ئەگەر بـزانین بڕیـاری سـەربەخۆبوونییەکی لە پارچەکـانی کوردسـتان دەبـێ لەلایەن زلهێزانـی ئەمـڕۆی دنیـاوە بـدرێ و ڕەنگڕێـژی بـۆ بکـرێ، ئەویـش لەم بـارودۆخەدا کە ئەمریکـا و خۆرئـاوا -ئەگەر بەڕواڵەتـیش بـێ- کـار بـۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی دەکەن لە نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاستدا، کارێکی ئەستەمە. چـونکە بڕیـارێکی لەو بـابەتە کـار لە هاوسەنگی هێزەکان و نەخشەی جوگرافی ناوچەکە دەکـات و وڵاتانی ئیقلیمی و عەرەبـیش تووڕەدەکـات و کێـشەی سـنووری دەخوڵقێنێ و... هتـد. کەوابـێ لەم بـارودۆخەی ئێـستادا چـارەی کێـشەی کـورد -وەک ئەمـری واقیـع- دەبـێ لە چوارچێـوەی حکومەتە مەرکەزییەکاندا بێ.

## ڕەفاه بڵێ، یا نەیڵێ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ

گەلـــی کـــورد لە هـــیچ کـــام لە پارچەکـــانی کوردســـتاندا نەحەوێنراوەتەوە، ڕاستە دەوترێ هـۆی ئەو زوڵـمە، ئیعتیبـاراتی نەتەوەیی و مەزهەبیـیە، بەڵام مـن دەڵـێم ئەم هـۆیە هـۆیەکی (جزئـی)یە لەنـاو بـازنەیەکی گەورەتـردا، ئەویـش نەبـوونی ترازوویەکـی فکریـی هاوسـەنگە، کە تێڕوانینێکـی دادگەرانە و ئینسافانەی هەبێ بەرامبەر بە هەمـوو ڕەعـیەتەکەی. ڕاسـتە لە عیراقـی هاوچەرخـدا عەرەب زوڵمـی لە کـورد کـردووە، بەڵام لەبەرئەوە زوڵمی لێکردووە کە فەلسەفەو بەرنـامەیەکی ئەوتـۆی نەبـووە کە (کـورد)ی وەک بـرا پـێ بناسـێنێ، چەوساندنەوەی کورد یەکێک بووە لە ئاسـەوارەکانی ئەو تـرازووە خـواروخێچەی کە کـردویەتییە پێـوەری هەنگـاو و هەڵوێـستەکانی، تـورک و فارسیش هەروەها.

لێـرەوەیە دەڵـێم پـرۆژەی (برایەتـی ئیـسلامی) گونجـاوترین بۆتەیە، کە گەلانی بەدوژمنـی یەکترکـراوی ئەم نـاوچەیەی تێـدا بتـوێنەوە، چـونکە ئـاینی ئیـسلام مـرۆڤ پێـدەگەیەنێ، لەسـەر ڕێزگرتنـی ئینـسانیەتی ئینـسان و خـوێن و شـەرەف و مـاڵی ئیمانـدار، هەمـوو ئینـسانەکان لەسـەر بنـاغەی ئیمـان (انمـا المؤمنون اخوة) و لەسـەر بنـاغەی ئینـسانیەت (کلکـم مـن ادم) دەکاتە براو تەنها چاکەکاری و خواناسـی دەکـاتە پێـوەری بەرزی و نزمـی (ان کـرمکم عنـد اللـه اتقـاکم) و پێیـدەگەیەنێ لەسـەر ئەوەی وەک ئەمـانەت سـەیری (حوکمـداری) بکـات و خـۆی بە بەرپرسیاری ژێردەستەکانی بزانێ، ئەو کـاتە دادگەری دێـتەدی و جیـاوازیی نەتەوە نـابێتە هـۆی نـابەرامبەر. ئەمەیـش دەیڵـێم

چنـراوی خەیـاڵ و ئەندێـشەی شـاعیران نیـیە، مێـژووی دوورو نزیک پاڵپشتیدەکات، تا برایەتـی بەسـەر پەیوەنـدی نەتەوەکـانی ئەم نـاوچەیەدا زاڵبـووە، کـورد وەک نەتەوەو لەبەر (کـوردێتی) نەچەوســـێنراوەتەوە، توانیـــویەتی لە مـــاوەیەکی مێژووییـــدا رێبەرایەتـــی زۆرێـــک لە نەتەوەکـــانی دی بکـــات، زۆریـــنەی سـوپاکەی (سـەڵاحەدین) لە کـورد نەبـوون؟ بـێ ئەوەی هەسـت بەجیاوازی نەتەوەیی بکەن، ملکەچ و گـوێڕایەڵی سـەرکردەکەیان بـوون، دەیـان سـاڵ بنەمـاڵەی ئەیوبییەکـان حـوکمی میـسر و شامیان کردووە بێ ئەوەی عەرەبێکیان لـێ راپەڕێ و بڵـێ ئێـوە کورد و کەمینەن، چۆن حوکمی ئـێمەی زۆریـنە و خـاوەن وڵات دەکەن؟ چـــونکە نە ســـەڵاحەدین فەلـــسەفەی کـــوردیزمی پەیڕەوکردووە و نە ئەوانیش عەرەبیزم بـوون، بەڵکـو هەردوولا (موسڵمان) بوون.

گەلانـــی موســـڵمان وەلایـــان بـــۆ خەلافەتـــی تـــورکە عوســـمانییەکانیش بـــووە، چـــونکە پەیڕەویـــان لە شـــەریعەت کردووە، خۆ ئەگەر لێـرەو لەوێ زوڵمێکـیش کرابـێ، وەک لادان سـەیرکراوە لە ڕاسـتە شـەقام، نەک وەک زوڵمـی تـورک و بە پاڵنەری تورکایەتی، کورد لە چوارچێـوەی خەلافەتـی عوسـمانیدا چەنـدین میرنـشینی نـیمچە سـەربەخۆی هەبـووە، لە رۆڵەکـانی تاپلەی (شێخ الاسلام) رۆیـشتووە، لەوانە (ابـن مـسعود الامـدی) لە سەردەمی سلێمان القانونی دا و: (ابـراهیم حەیـدەری) لە دوا دوایی سەردەمی عوسمانییەکاندا.

ئەگەر مـــامەڵەی دەوڵەتـــی عوســـمانی لەگەڵ کـــورد لەگەڵ هەڵوێستی دەوڵەتـی تـورکی و رژێمەکـانی تـردا بەراوردبکەیـن، نـــاتوانین دان بە(باشـــتر)ی ئەوەی یەکەمـــدا نەنێـــین، هەڵوێـــستی

ڕۆشـنبیرە کوردەکـانی ئەو سـەردەمانە لەمەڕ خەلافەتـی عوسـمانی بەڵگەیەکـی واقیعـی و زینـدوون لەسـەر ئەم بۆچـوونە، لەوانە وەک مامۆستا مسعود محەمەد دەڵێ، (شاعیر و زانای ناودار ئیبن ئادەم کە بەڕێزەوە ناوی خەلیفەی عوسمانی بـردووە) مەحـوی لە دیوانەکەیـدا لە قەسیدەیەکی سەربەخۆدا وەسف و سەنای سوڵتان عەبدولحەمید و سەرکەوتنەکانی دەکات، لەوانە عەبدوڵڵا زێوەری شاعیر کە لە کتێبـی (یـادی مەردان و یاداشـتی ڕۆژانـی دەردەبەدەری)دا لەمیـانەی باسـی گەشـتێکی خـودی لەگەڵ شـێخ مەحمـودو کۆمەڵێـک خەڵـک بـۆ لای سولتان عەبدولحەمید باس لە دادگەری و کەرەمی سـوڵتان دەکـات و لەسـەر زمـانی سـوڵتان شـکاتی ئەوە دەکـات، کە دەسـتوپێوەندو مەئموری خائن لە وڵاتدا زۆربوون و شیرازەی وڵاتـی پـێ ڕانـاگیرێ، لەوانە مامۆسـتا سـەعیدی نورسـی نـوێکەرەوەو زانـای بەناوبـانگی کوردستانی تورکیا، کە زۆر سوڵتانی خۆشدەویست و بەوەلـی دادەنـا و بە (السلطان المظلوم) ناوی دەبرد، تەنانەت شـێخ ڕەزای تاڵەبـانی تا ماوەیەک خۆشیویستووەو قەسیدەی لە مەدحی حوکمیدا وتووە.

بەڵگەیەکی زەقتر لەسەر ڕیـشەداریی و کـاریگەری ئەو بـرایەتییە ئەوەیە کە —وەک مامۆسـتا ڕەفیـق حیلمـی لە یاداشـتەکانیدا باسـیدەکات- تەنـانەت ئەتـاتۆرک بەنـاوی برایەتـی ئیمـانییەوە وەلای کوردەکانی دەستخستبوو، خۆی ناونـابوو (غـازی)، بەڵام دواتـر ڕووی ڕاسـتەقینەی ئاشـکرابوو، هەر پـاش هەڵوەشـاندنەوەی زۆرەملێـی خەلافەتـیش شۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پیـران لە کوردسـتانی تورکیـا هەڵگیرسا بۆ گێڕانەوەی خەلافەت.

ئایا دەگونجێ شێخ سەعید هەوڵ بۆ گێڕانەوەی چەتـری زوڵـم بدات؟ ئەگەر نییەتی ئەویش پاساوبدەین، ئەی جەمـاوەری کـورد چۆن شوێنی دەکەوێ؟!

برایەتـی ئیمـانی هەر تـورک و کـوردی پـێکەوە نەبەسـتبوو، بەڵام نەتەوەکـانی تریـشی کردبـووە بـرا، ئەوەبـوو لەگەڵ هەڵوەشـاندنەوەی خەلافەت شـۆڕش لە هندسـتانەوە هەڵگیرسـا، تەنـانەت شـریف حـسێن کە بەئیعـازی ئینگلیـز لە حیجـاز لە دەسـەڵاتی خەلافەت یـاخیبوو، کـاتێ باشـتر زانـی ئەو ئیعـازە نەخـشەیەکی گـلاوو داگیـرکەرانە بـووە، زۆر لێـی پەشـیمانبوو، تانەی زۆر لێ درا.

ئەڵـبەت ئەمـانەی دەیـانڵێم مەبەسـتم پاسـاودانی خراپەکارییەکـانی سـەرجەمی خەلافەتـی عوسـمانی نیـیە، بەڵکـو ئەوەیە کە قـولی و ریـشەداری و بەرهەمـداری برایەتـی ئیمـانی روونـبکەمەوەو دەریـبخەم کە زینـدووکردنەوەی ئەو بـرایەتییە دەستمایەیەکی گەورەیە، کە بەقازانجی گەلی ئێمە تەواودەبێ،

رەنگە تورک یاخود عەرەب ئەگەر ئـێمەش برایـان نەبـین بەو شێوە زیان نەکەن کە ئـێمە دەیکەیـن، چـونکە ئەوان حـاکمن و ئـێمەش مەحکـوم، ئەو بـرایەتییە سـنوور بـۆ زیادەڕەوییەکـانی ئەوان دادەنـێ و هەسـتی خـۆ بەکەمـزانینیش لە ئـێمەدا دەسڕێتەوە، بۆیە پێمـوایە ئەمە زەرورەتـێکەو گەرەکە کـاری بـۆ بکرێ.

هەرچـی ئـالیەتی عەمەلیکردنـی ئەو چەمـکەیە، ئەوە مەسـەلەیەکە لەسـەر چەسـپاندن و قـوڵکردنەوەی بـرایەتییەکە دەوەستێ. کاتێ ئەو رۆحـیەتە دروسـتبوو، دەتـوانرێ بەشـێنەیی بۆ دارشتنی ئالیەتەکەیش هەنگـاوبنرێ، لەو ئالیەتەیـشدا ئیمکـان هەیە کـورد وەک بەشـداریکردن بەشـداربێ لە بەڕێـوەبردنی دەسەڵاتداو تەنانەت دەشگونجێ لەسایەیدا کـورد ببێـتە رێـبەر، وەک لەسەردەمی (سەلاحەدین)دا بوو بە ڕێبەر، بەواتایەکی تـر،

ئەگەر کورد بۆ (خۆرێبەرێتی) دەکۆشێ، برایەتی ئیسلامی مافی ڕێبەرایەتی گەلانیشی دەداتێ و یارمەتیشیدەدات بۆی.

ئەڵبەت ئەمەیش بە ڕۆژێک و دووان و ساڵ و دووان نایەتەدی، بەڵام هەر هەنگاوێک سەرکەوتنێکە هەنگاویشی بۆ نراوە، بەڵگەیش ئەوەیە کە ئیسلامییەکان دروشمی (برایەتی ئیسلامی)یان بەرزکردووەتەوەو دەستبەرداری دروشمی نەتەوەگەری بوون.

بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە لەلایەن (ڕەفاە)ەوە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە (ڕەفاە) تێڕوانینی شۆڤێنیزمانەی نییەو تورک و کورد بەبرا دادەنێ، ئەوەندەی ئاگادارىم برا عەرەبە ئیسلامخوازە سوننییەکانیش هەمان تێڕوانینیان هەیە، کە ئەمەیش هەقە مایەی دڵخۆشی ئێمەی کورد بێ، نەک نیگەرانی و ڕەشبینی.



مزگەوتێکی دیاربەکر



شێخ مەحمودی نەمر



عەبدولحەمید



سەعید نورسی



شەریف حسێن



سیمای ئیسلامیی لە کوردستانی باکوور لەناو بە تەمەنەکاندا بەهێزە



مامۆستا ڕەفیق حلمی



مەحوی شاعیر



شێخ سەعید و هەڤاڵەکانی




ئەربەکان خەونەکان بەکارەکتەری گەنج و ئۆردوگان نەسپارد



مامۆستا مەسعود محەمەد



ئەربەکان دوای بردنەوەی هەڵبژاردن



سەرکردە زوڵملێکراوەکانی شۆڕشی کوردستان



ئەربەکان



سەلاحەدینی ئەیوبی



شێخ رەزای تاڵەبان



سوڵتان سلێمانی قانونی

## ■فەسڵی سێیەم

# ڕەخنە لە ڕەخنە
# یان بەپێچەوانە خوێندنەوەی

نووسینی: عەلی شان ئاراس

ئەم وتارە لە ژمارە (1258)
لەڕۆژی (1996/4/9)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبۆتەوە.



### *عەلی شان ئاراس

-تێکۆشەر و روناکبیری کوردستانی باکوور.

-ئەندامی سەرکردایەتی حزبی کاوە کە رێکخراوێکی کوردستانی باکوور بووە دواتر لەگەڵ ئاڵای رزگاری یەکێتی گرتەوە.

-ماجستێری لە سیاسەت لە زانکۆی سۆربۆن هەبووە.

-ئێستا لە هەندەران دەژی و بەداخەوە هەر ئەوەندە زانیاری لە بارەی پرۆفایلەکەیەوە هەبوو؟

له ژمـــاره (1228)ی 1996/3/3 و ژمـــاره (1230) 1996/3/5 و ژمـاره (1234)ی 1996/3/10ی ڕۆژنــامەی (كوردســتانی نــوێ)ی ئــازیزدا مێزگردێكــی نوسـینگەی سـلێمانی كوردسـتانی نـوێ بە ناونیــشانی "ئاینــدەی حــوكمڕانی له توركیــا" بەســێ ئەڵــقە بڵاوكرايەوە.

چەند برادەرەیكی ڕۆشنبير و سياسەتمەدار لەو مێزگردەدا راو بۆچـوونی خۆيـان دەربڕيـوەو هەريەكەيـان لە روانـگەی خـۆيەوە بابەتەكەی هەڵسەنگاندووە.

دواتــريش له ژمـاره (1242)ی 1996/3/19 هەمـان ڕۆژنـامەدا برايەكی ئيسلامی بە ناوی عـومەر عەلـی سـيمانييەوە نووسـينێكی خـۆی بە ناونيـشانی "پـرۆژەی برايەتـی ئيـسلامی"... لەنێـوان ((....!!)) و واقيعدا) بڵاوكردۆتەوەو تێيدا سەرنجێک و رای خۆی دەربارەی مێزگردەكه نووسيوە.

**سـەرنج و رامـان لەسـەر بۆچـوونی بەشـدارانی مێزگـردەكە هەيە، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسـينەكەمان زۆر درێژدەبـێ و لە چوارچێـوەی ڕۆژنــامە دەردەچــێ، ئــێمە ســەرنجی خۆمــان تەنيــا دەربــارەی نووسـينەكەی (عـومەر عەلـی سـيمانی) روونـدەكەينەوە، چـونكە ئەو ويستويەتی بەرگری لە رەفاه بكات، بەڵام راستييە مێژووييەكـانی لەم پێناوەدا شێواندووە.**

**كاكی نووسەر بۆ ئەوەی بيسەلمێنێ كە رەفـاه پـرۆژەی بـۆ كـورد هەيە، هەروەهـا بـۆ ئەوەی بيـسەلمێنێ كە سـوڵتان عەبدولحەميـد مەزلوم بوو، بۆ ئەوەی بيـسەلمێنێ شـێخ سـەعيدی پيـران خوازيـاری**

گەرانەوەی خەلافەت بووە. لە پێناوی سەلماندنی ئەمانەدا مێژووی بە پێچەوانەوە خوێندۆتەوەو شیکردۆتەوە.

ئەم هەمــوو پــێچەوانە خوێنــدنەوەی مێــژووە لەســەر گفتوگــۆ دەربارەی حزبی رەفاە دەستییێکرد. بۆ بەرگریکردن لە حزبێکی وەکـو رەفاە نەدەبوو راستییە مێژووییەکان تا ئەو رادەیە بیشێوێنرێن.

ئێمە نامانەوێ بەدووروردرێژی باسی مێژووی رەفـاە بکەیـن، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێین کە حزبی رەفاە پاشماوەو و بەردەوامیی حزبـی سەلامەتی نەتەوەییە (m.s.p)، ئەو حزبە کاتی کودەتای ئەیلولی ساڵی 1980 داخـرا. دوای کودەتـاکەش حزبـی رەفـاە لە شـوێنی ئەو حـزبە دامەزرا، کە ئەوەی تۆزێـک ئاگـاداری مێـژووی سیاسـیی تورکیـا بـێ، دەزانێ حزبی (m.s.p) چی بوو.؟ ئەربەکانیش سیاسـەتمەدارێکی تـازە نییە، نزیکەی 30 ساڵە ئەوە کارێتی. هەتا ئێستا نە خـودی ئەربەکـان و پـارتی رەفـاهیش بـۆ چارەسـەری کێـشەی کـورد هـیچ  پـرۆژەو پرۆگرامێکیان نییە. نزیکەی 30 سـاڵە کێـشەی کـورد شـانۆی سیاسـیی تورکیای گرتووە، هەموو پارتە سیاسییەکانی تورکیا بە ئیجابی و سلبی هەڵوێــستێکیان هەیە لەبــارەی دۆزی کــوردەوە. حزبــی رەفــاهی ئیــسلامیش دەڵــێ لە رێــگەی برایەتیــی ئیــسلامیەوە کێــشەی کــورد چارەســەردەکەم، بەڵام هەتـا ئێـستا رەفـاە ئاشـکرای نەکـردووە کە پرۆژەی برایەتیی ئیـسلامی چییـە و نـاوەڕۆکەکەی چـۆنە؟ ناوهێنـانی کورد لە تورکیا تەنیا وەکـو نـاو ئێـستا هـیچ مانـایەکی نەمـاوە. وتـن شتێکە و کردار شتێکی ترە. رەفاهێـک کە هەتـا ئێـستا هـیچ شـتێکی دەربارەی پرۆژەی برایەتـی ئیـسلامی تـورک- کـورد ئاشـکرانەکردبێ، چاوەڕوانی چی لێ دەکرێ و کـاکی نووسـەر چـۆن دەڵـێ بـاوەڕم بە دڵسۆزیی رەفاهە بۆ بەڵێنەکانی؟ هیچ بەڵێنێک ئاشکرانەکراوە تـاوەکو کاک عومەر لەگەڵیبێ.

ئێمەی کورد پێویستە تەماشای مێژووی خۆمان بکەین. مستەفا کەمال ئەتاتورکیش باسی برایەتی کورد و تورکی دەکرد. مستەفا کەمال بەنیازی ئەوەی کوردەکان رابکێشێت و بۆ خزمەتی بزاڤی رزگاری تورک بەکاریانبێنی، هەم لە کۆنگرەی سیواس و هەم لە کۆنگرەی ئەرزەرۆمدا برایەتیی کورد و تورکی وەکو دروشمی سەرەکی خۆی بەکارهێنا: ئێمە موسڵمانین، ئێمە براین، ئێمە دەبێ بەیەکەوە دوژمن دەربکەین. ئەوە هەڵوێستی مستەفا کەمال بوو. هەروەها مستەفا کەمال باسی ئۆتۆنۆمی و تەنانەت سەربەخۆیی کوردستانیشی دەکرد. بەم دروشمە بریقەدارانە کوردی فریوداو لە خزمەتی بزاڤی رزگاریی تورک بەکاریهێنان. لەکۆتایشدا هەموو بەڵێنەکانی بەدرۆ دەرکەوتن و ناوی کوردیشی کرد بە تورکی شاخی.

دیسان کاکی نووسەر دەڵێ حزبی رەفاه یەکەم حزبی تورکیایە کە ناوی کوردی هێناوەو کوردی وەکو برای تورک لەقەڵەمداوەو ناوی تورکی شاخی لە کورد سڕیوەتەوە. بێگومان ئەمە راست نییە، لەپێش رەفاهیشدا پارت و رێکخراوە چەپەکانی تورکیا ناوی کوردیان هێناوە. بەتایبەتی پارتی کرێکارانی تورکیا، لە ساڵی 1965دا، لە بەرنامەی خۆی بەدوورودرێژی باسی کورد و کێشەکەی کردووەو داوای چارەسەرکردنیشی کردەوە. پارتییەکەی مستەفا کەمالیش (s.h.p) واتە (c.h.p)ی ئێستا، لە ساڵی 1989 لەبەرنامەی خۆیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، پرۆژەیەکی ئامادەکردبوو، تێیدا تەلەفزیۆن و رادیۆی کوردی و ئازادکردنی زمانی کوردی و کردنەوەی قوتابخانەی بە زمانی کوردی پێشنیازکردبوو. ئەم پرۆژەیەی (s.h.p) لەپێش هەڵبژاردنی ساڵی 1991دا بوو. سلێمان دیمریلیش لەپێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1991دا چوە دیاربەکر و لەبەرچاوی هەزاران کورد وتی: من واقعی کورد دەناسم. هەروەها بەزمانی کوردی بانگی

منــدالآنی کــوردی دەکــرد و دەیــووت وەرە وەرە. ئایــا دیمریــل دڵسۆزبوو بۆ گفتوگۆکانی خۆی؟ لای هەمووومان ئاشکرایە کە لە ساڵی 1991وە هەتا ئێستا سلێمان دیمیرێل و پارتییەکەی پاڵەوانی کوشتن و رووخاندن و ویرانکردنن لە کوردستانی باکوور.

نووسەر دەڵێ، من کوردی تورکیا نیم هەتـا لە نـزیکەوە ئاگـام لە رەفاه و هەڵوێستەکانی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کاکی نوسەر زۆر شتی ئیجابی دەربارەی رەفاه دێنێـتەوە زمـان، بەبـێ ئەوەی هـیچ شـتێک دەربارەی مێژووی رەفاه و پرۆژە و بەرنامەی رەفـاه بزانێـت. حزبـی رەفــاه لە ســاڵی 1991دا لەگەڵ حزبــی فاشــستی تــورک (m.h.p) ئەڵیەسلان تورکەشدا لەسەر یەک لیست خۆیان پاڵاوات بۆ هەڵبژاردن. بەرنامەی رەفاه و (m.h.p) بەرنـامەیەکی فاشـستی بـوو، تـورکەش و پارتیەکەی (m.h.p) تورکپەرستن. تۆرانیستن شۆڤێنـستی تونـدڕەون و دوژمنی گەلی کوردن. ئەمرۆ لە کوردستانی باکوور 90٪ی چەکدارانی هێزی تـایبەت، کە بـۆ دامرکانـدنەوەی شۆڕشـی کـورد دروسـتکراوە، ئەندامی پارتی (m.h.p)ن. ئەم پارتییە بناغە و دیـواری خـۆی لەسـەر تەفروتوناکردنی کورد بنیاتناوە. بەرپرسی لقی دیاربەکری حزبی رەفاه کە کوردێکی کوردپەروەری وڵاتپارێز بوو، لەپـێش هەڵبژاردنـی ساڵی 1995دا لە رەفـــاه دەرکـــرا، لەبەر وڵاتپەروەرێتـــی. ئەو کـــوردە دەڵسۆزانەی ئەندامی رەفاه بوون، هەموویان لە رەفاه دەرکـران. بـۆ نمـوونەش یەک کـوردی وڵاتـپەروەر نەیتـوانی لەنـاو رەفاهـدا خـۆی بپاڵێوێ بۆ هەڵبـژاردن. ئەمە تەنیـا لە دیـاربەکر رووی نەدا. ئەنـدامە دڵسۆز و کوردپەروەرەکـانی نـاو رەفـاه، بائیـسلامیش بـن، لە رەفـاه دەرکران، لەبەر کـوردپەروەری لەم شـارانە (مـاردین، وان، بینگـون) پشکنەری رەفاه، کە کوردێکی دڵسۆز بوو و ناوی altantan بوو لەبەر کوردپەروەری لە رەفـاهە دەرکـرا. تورکێـک بەنـاوی حەسـەن

مەزارجـی، کە ئەنـدامی پەرلەمـان بـوو لەسـەر لیـستی رەفـاه، لەبەرئەوەی چەنـد رەخنەیەکـی لە ئەتـاتورک گرتبـوو لە رەفـاه دەرکـرا. دوای دەرکردنـی لە رەفـاه لەگەڵ ئەوەی شـێخ سـەعیدی پیـران (عبـدالمیک فـورات) پـارتیەکی تازەیـان دامەزرانـد. سـیمانی لەگەڵ ئەمـانە هەموویـدا هەزاران تـورکی شۆڤێنیـست ئەنـدام و کادری پایەبەرزی حزبی رەفاهن، ئەی کـاک عـومەر سیمانی بـۆچی حەزدەکا تا ئەو رادەیە بەرگری لە رەفاه بکات؟ کاتێـک بـێ بەڵـگە لەسـەر بابەتێـک دەنووسـێ دۆ و دۆشـاو تێکەڵاودەکـا. کە دەڵـێ حزبەکـانی هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر یەکپـارچەیی خـاکی عیـراق رێککەوتـوون و بەهەمـان شـێوەیش حزبـی رەفـاه دەیەوێ کێـشەی کـورد لە چوارچێـوەی تورکیـادا چارەسـەربکرێ، بەراسـتی ئەمە بەراووردنیـیە، چـونکە ئـێمە دەزانـین کە حزبەکـانی کوردسـتان ئامانجیان چییە؟ ئێمە بڕیاری پەرلەمان دەزانین، ئـێمە دامەزرانـدنی حکومەتی هەرێم دەبینین، بەڵام رەفاهە هەتـا ئێـستا هـیچ شـتێکی لەسـەر کێـشەی کـورد نەوتـووە. دەربـارەی کوردسـتانی باشـوور و هەڵوێستی هێزی چەکوچ و دەوڵەتە زلهێزەکانی بـۆ دروسـتنەکردنی دەولەتێکی کوردی. مـن لەگەڵ کـاک عـومەرم، بەڵام حزبـی رەفـاه هەمیـــشە دژی هێـــزی چەکـــوچ بـــووەو پێیـــوایە کە دەوڵەتە رۆژئاواییەکـان دەیـانەوێ دەوڵەتێکـی کـوردی و ئیـسرائیلی دووەم دروستبکەن و خاکی عیراق پارچەبکەن.

کـاک عـومەر پرسـیاردەکات: بـۆچی کوردەکـانی تورکیـا دەنـگ بە رەفـاه دەدەن؟ بـۆچی رەفـاه لە هەر چـوار پـارتیەکەی تـری نـاو پەرلەمان زیاتر دەنگیهێنا؟

پێویـستە بزانـرێ کە پـارتی رێگـای راسـت d.y.p لەگەڵ پـارتی کۆماری گەل c.h.p بەیەکەوە حکومەتێکی ئیئتیلافیان پێکهێنابوو. یانی

پارتی راستڕەوی مەرکەزی و پارتی چەپڕەوی مەرکەزی دەسەڵاتدار بوون. پارتیanavatan و پارتیەکەی ئەجەویدیش لە ئۆپۆزسیۆندا بوون، پارتی ئەجەوید و پارتی دەنێز بایکال نزیکەی یەک بەرنامەیان هەیە و پێش کودەتای ساڵی 1980 ئەم دوو سیاسەتمەدارە ئەندامی یەک پارتی بوون. پارتی چیللەر و پارتی یلمازیش خاوەنی یەک بەرنامەن و پێش کودەتای ساڵی 1980 کادیرانی ئەم دوو پارتیە لەناو ریزی پارتی (عەدالەت) سیلمان دیمیریلدا بوون. هەرچەندە مسعود یلماز ئۆپۆزسیۆن بوو، چیللەر دەسەڵاتدار بوو، هەروەها ئەجەوید ئۆپۆزسیۆن بوو و دەنیز بایکال دەسەڵاتدار بوو. خەڵک پێیوابوو جیاوازی لەنێوانیاندا نییە. کەواتە جگە لە رەفاە و hadep وەکو بەرنامەو ئایدۆلۆجیا ئۆپۆزسیۆنی تر نەبوو لەبەرامبەر پارتە دەسەڵاتدارەکان. کاتێک لە حکومەتی ئیئتیلافیدا دۆخی ئابووری و کولتووری و سیاسی زۆر خراپ بوو، رێژەی هەڵاوسان گەیشتە 150٪. تەنیا پارتی رەفاە و ئۆپۆزسیۆنی کورد دەیتوانی سوود لە بارودۆخی شڵەژاو وەربگرێ. هەر لەو کاتەشدا زۆرترینی داهاتی نەتەوەیی تورکیا بۆ شەری دژ بەکوردستان خەرجدەکرا. نارەزایی خەڵک بەرامبەر بە حکومەت سودی رەفاهی تێدا بوو، بەڵام رەفاە نەیتوانی بۆشایی و کەموکوڕی حزبەکانی تر بقۆزێتەوەو لایەنگری خەڵک زیاتر وەربگرێ. ملیۆنان کورد لە شارە گەورەکانی تورکیا نەیانتوانی دەنگبدەن و ملیۆنانی تریش بەخواستی خۆیان دەنگیان نەدا. ئەگینا لە 80٪ی دەنگ بە hadep و بەناچاری زۆربەیان دەنگیان دا بەرفاە، کە وەکو بەرنامەو ئایدۆلۆجیا دژی پارتییەکانی تر بوو.

دەنگدان بە حزبێک لەلایەن کوردەوە مانای ئەوە نییە ئەو حزبە مافی کورد دەداو بۆ کورد باشە. ئەو حەفتا ساڵە کوردی تورکیا

دەنــگ بەو حزبــانە دەدەن کە بەئــاگر و ئاســن دۆزەخیــان بــۆ دروستکردوون.

ئـێمە حەزدەکەیـن کـاکی نووسـەر هێنـدێک راگەیانـدنی کـوردە ئیسلامییەکانی تورکیا بخوێنێتەوەو بزانێ رەفاه چییە و چـۆنە؟ بزانـی کوردە ئیسلامییەکانی کوردستانی تورکیا بەچی چاوێک تەماشای رەفاه دەکەن؟ هەروەها پێویستە کاک عومەر هەوڵبدات تۆزێک راگەیانـدنی پارتی رەفاه بخوێنێتەوە، چونکە ئەربەکان زوو زوو هەڵوێستی خـۆی دەگۆڕێت، تەنانەت دەڵێ مستەفا کەمـال و هاوڕێکـانی لەسـەر بیـرو بـاوەڕی رەفـاه بـوون و ئەگەر ئەوان ئەمـرۆ ژیابـان لەنـاو رەفاهـدا کاریان دەکرد. دوای هەمووو ئەمانەیش با تەماشابکەین نووسـەر چـۆن پاکانە بۆ سوڵتان عەبدولەحەمید دەکات.

## ئایا سوڵتان عەبدولحەمید مەزڵووم بوو

نوسەر بۆ پاراستنی حزبی رەفاه مێژووی گەلەکەمان بەپـێچەوانەوە دەخوێنێتەوەو قاتیلی گەلەکەمان وەکـو سـوڵتانی مەزلـوم ناودەبـات. پێویستە ئێمە بزانین کە سوڵتانی مەزلومی نووسەر لەچاو سوڵتانەکانی پێش خۆی سیاسـەتێکی ریفـۆرمکراوی بەرامبـەر کـورد بەکارهێنـا. لە 1808 هەتــا 1880 ســـوڵتانەکانی عوســـمانی بە سیاســـەتی خـــوێن گەلەکەمانیان تەفروتووناکرد. بۆ نموونە، راپەڕینی بەدرخانی بۆتـان و یەزدان شێر، عەبدولرەحمان پاشای بابـان و چەنـدین راپەڕینـی تـری کـورد لەنـاو خوێنـدا خنکێنـران. لەو سـاڵانەدا گەلە ناموسـڵمانەکان دەوریـــان زۆر بـــوو لە ئیمپراتـــۆریەتی عوســـمانیدا، بەتـــایبەتی ئەرمەنییەکـان، بەهـۆی فـشاری دەوڵەتە ئەوروپاییەکـانەوە. لە سـاڵی 1862دا سوڵتان عەبدولعەزیز یاسایەکی دەرکرد و مـافی ئەوەی دا بە

ئەرمەن کە مەجلیسی نەتەوەیی ئەرمەن دروستبکەن. سولتان عەبدولحەمید لە ساڵی 1880دا کە هاتە سەر حوکم دەیەویست سیاسەتی پان ئیسلامیزمی خۆی پیادەبکات و خەڵکی ناموسڵمان لە دەسەڵات دووربخاتەوە. هەروەها دەیویست ئەو بەڵێنانەی کە سوڵتانەکانی پێش خۆی بۆ ریفۆرم دەربارەی ئەرمەن و ئاشوورییەکان دابویان بە وڵاتانی رۆژئاوا، ئەوانیش بەفیرۆبدات. لەبەر ئەم هۆیەو بۆ ئەم ئامانجە سوڵتان عەبدولحەمید پێویستی بە کورد بوو. کاتێک لە ساڵی 1880دا شێخ عوبەیدوڵڵا لە حەج گەرایەوە بۆ ئەستانبول سوڵتان عەبدولحەمید زۆر دیاری و روتبە و شتی بەنرخی پێ دا و بەم شێوەیە شێخ وەکو خەلیفەیەکی بەدەسەڵات گەڕایەوە کوردستان. ئامانجی عەبدولحەمید ئەوە بوو یەکەم کورد دژی ئەرمەن و ئاشووری بەکاربهێنێ و بەڵێنەکانی دەربارەی ریفۆرم نەهێڵێت. عەبدولحەمید بڕیاری قەڵاچۆکردنی ئەرمەن و ئاشووری دابوو، فەرمانی بەشێخ عوبەیدوڵڵا دابوو کە ئەم قەڵاچۆیە جێبەجێبکات. بەم شێوەیە دەیوست تاوانەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی کوردەوە.

دووەم شت ئەوە بوو کە عەبدولحەمید دەیویست لەسەر حسابی زیانی ئاغای کورد، دەسەڵاتی شێخی کورد بەهێزبکات. ئەو بۆشاییە کە لە هێزی یەنیچەری (ئینکشاری)دا دەرکەوتبوو بە چەکداری کورد پڕیکردەوەو لەکۆتایدا سوارەی حەمیدیەی لێ پەیدابوو.

سێیەم: عەبدولحەمید دەیەویست کورد لە هەستی نەتەوەیی دووربخاتەوەو بیکات بە گروپێکی ئاینی (هەروەکو کاک سیمانی حەزدەکات) لەدوایشدا بەم شێوەیە کورد بتوێنێتەوەو بیکات بە تورک. ئەو سیاسەتەی عەبدولحەمید بە شەڕدانی گەلانی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی لەگەڵ یەکتر بۆ درێژەپێدانی تەمەنی ئیمپراتۆریەتەکە بوو. ئەم سیاسەتەش لەلایەن هێندێک قەڵەمفرۆشی

تورکەوە ستایشکرا، بەڵام لەلایەن شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە قبوڵ نەکـرا. دوای ئەوەی شـێخ گەڕایەوە بـۆ کوردسـتان کۆبـوونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆک هۆزە کوردەکان کـرد. شـێخ عوبەیـدوڵڵا دەیزانـی کە دەوڵەتــی تــورک دەیەوێ بە تیرێــک دوو نیــشان بــشکێنێ. لەو کۆبـوونەوەیەدا شـێخ عوبەیـدوڵڵا وتـی: بـابی عـالی بەقـسە ئێـستا پشتگیری کورد دەکات، بەڵام ئامـانجی سـەرەکی ئەوەیە کە ئـێمە لە دژی گەلە ناموسڵمانەکان بەکاربێنێ، کاتێک مەسـیحییەکانی نەهێـشت ئەو جار نۆرەی ئێمەش دێ (جەلیلی جەلیل - ژیـانی رەوشـەنبیری و سیاســی کــورد- چاپخــانەی ژینــانۆ 1985 ئوپپــساللا ل22) شــێخ عوبەیدوڵڵا نەک هەر بە سوڵتان عەبدولحەمید هەڵنەخەڵەتا، بەڵکو لە بانگەوازێکدا داوای لە کلدانی و نەسـتووری و ئەرمەنییەکـان کـرد کە بەیەکەوە لە دژی دەوڵەتـی عوسـمانی شـەڕبکەن. نەسـتوورییەکان بە ســەرۆکایەتی مــار شــمعون لەگەڵ شـێخ عوبەیـدوڵڵا رێککەوتــن و دەسـتیان بەشـەڕ کـرد. دووبـارە بـۆ ئاشـکراکردنی هەڵوێـستی شـێخ عوبەیـدوڵڵا دەمەوێ وتنێکـی تـری شـێخ وەکـو نمـوونە بنووسـم کە دەڵێ: (ئەگەر رۆژێک مەسحییەکان نەمێنن تورکیا زوڵم و زۆری خۆی لە بەرامبەر ئێمەی کورد پیادەدەکات) شێخ عوبەیدوڵڵا لە دژی ئێـران کەوتە شەرەوەو ئەو کاتە هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا بەیەکەوە لە راپەڕینەکەی شێخیان دا. بەم شێوەیە شێخ شکا و تەسلیمی تورکیـا بوو و دوورخرایەوە بۆ مەککە. شێخ هەڵات و لە مەککەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و دیسان راپەڕینی دەستپێکردەوە. دوای ئەو راپەڕیـنە دیسان خۆی و شێخ عەبـدولقادری کـوڕی دوورخـرانەوە بـۆ مەکـکە. شێخ عوبەیـدوڵڵای سـەرکردەی گەورەی کـورد هەر لە مەکـکە مـرد. ئەگەر شــێخ عوبەیــدوڵڵای فتــوای دەســت (لە قەڵاچــۆی ئەرمەن بکێشنەوە)ی رانەگەیانـدبایە لەلایەن کـوردەوە کارەسـاتی زۆر گەورە

بەسەر ئەرمەن دەهێنرا، لە ساڵی 1880وە هەتا ساڵی 1895. پێویستە ئەمەش ئاشکرابکەین کە شێخ عوبەیدوڵڵا دیبلۆماسییەکی گەورە بوو، پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەبوو. ئایا لێرە کێ لە راستە شەقام لایداوە، شێخ عوبەیدوڵڵا یان سوڵتان عەبدولحەمید؟

## سوڵتان کوردی بۆچی بوو؟

سوڵتان عەبدولحەمید بۆ ئەوەی سیاسەتی پان تورکیزمی خۆی پیادەبکات، کوردی وەکو سەنگێک بەکاردەهێنا. لە ساڵی 1891دا سوارەی حەمیدەی دامەزراند، بەپێی یاسای ژمارە 223. دامەزراندنی سوارەی حەمیدی بۆ ئەوە بوو کە کورد دژی ئەرمەن و گەلە ناموسڵمانەکانی ناو تورکیا و دژی رووسیا و دژی نەتەوەی کورد بەکاربهێنێ. یەکەمین کوشتاری گەورەش کە بەسوارەی حەمیدی کرا، کوشتاری ئەرمەن بوو لە ساڵی 1894دا لە ساسۆن. لە ساڵی 1898دا سوڵتانی مەزلوم بنەماڵەی بەدرخانی هەموو گرت، ئەشکەنجەیدان و داویش دووریخستنەوە. سوڵتان عەبدولحەمید باجێکی قورسی خستبووە سەر کوردەکان. هەر لەبەر ئەمەش لە ساڵی 1905دا عەشیرەتی بەنجار لە دژی رژێمی عەبدولحەمید راپەڕی و لە ساڵی 1905-1908دا خەڵکی دیاربەکریش لە دژی سوارەی حەمیدی هەڵسانەوە. ساڵی 1906 خەڵکی ئەرزەرۆم لە دژی زوڵم و ستەمی سوارەی حەمیدی راپەڕین. لە ساڵی 1907و 1908دا خەڵکی دێرسیم دژی سوارەی حەمیدی و لەشکری تورک راپەڕین. لە ساڵی 1907 لە بدلیس و وان کوردەکان شۆڕشیان گێڕا، لە ساڵی 1908دا خەڵکی سیواس لە رژێمی عەبدولحەمید راستبوونەوە. لە ساڵی 1896-1895دا

سـوڵتان عەبدولحەمیـد 20000 بیـست هەزار ئەرمەنـی بەسـوارەی حەمیدی بەکوشتدا، شێخ عوبەیـدوڵلای نەهـری لە دژی ئەم کوشـتارە هەڵوێـستی گـرت و نەیهێـشت لەنـاوچەی ئەودا شـتی وا رووبـدات. هەروەهـا شـێخ وتـی: سـبەینێش نـۆرەی کوشـتنی ئـێمەیە. (گـارۆ ساسۆنی لەسەدەی پازدەوە هەتا ئێـستا پەیوەنـدی کـورد و ئەرمەن لاپەڕە 123 چاپخانەی MED). هەروەها خەڵکی ناوچەی قـۆجگیریش بە سـەرۆکایەتی عەلـی شـان دژی ئەم کوشـتارە بـوون. ئەو زوڵـم و زۆرەی سوڵتان عەبدولحەمید لەپێناوی ئەوەدا کە نەتەوە ناتورکەکانی ناو دەوڵەتـی عوسـمانی نەهێڵـێ و بیانکـات بە تـورک. هەر بـۆ ئەم مەبەسـتیش قوتابخـانەی بـۆ کـوڕی سـەرۆک عەشـیرەتە کوردەکـان کردبۆوە لە ئەستەنبول بـۆ ئەوەی بیـانتوێنێتەوە، بەڵام کاتێـک زانـی ئەم پیلانە بەڕێوەناچێ. هەموو ئەو قوتابخانانەی داخستن. ئەو منداڵە کوردانەی کە بۆ خوێندن هاتبونە ئەستەنبول لای عەبدولحەمید وەکـو بارمتە مانەوە لە بریتی باوکیان کە سەرۆکی سوارەی حەمیدی بـوون. سـوڵتان عەبدولحەمیـد خـۆی بە تـورکی عوسـمانی دەزانـی و بە بیروباوەڕی تورکی سوڵتان عەبدولحەمید خۆ بەتـورکی قەڵاچـۆدەکرد. هەروەها عەبدولحەمید بەهۆی پارە و پلەی دەوڵەتییەوە خەڵکـی نـا تـورکی بـۆ لای خـۆی کێـشدەکردو زۆر بەوەسـتایی و وردە وردە دەیکردن بەتورک. واتا جیاوازی نێوان سـوڵتان عبدالحمیـد و ئیتحـادو تەرەقی لە شێوازدا بوو.

سـوڵتان عەبدولحەمیـد لە یاداشـتەکانی خۆیـا زۆر بەزەقـی نـژاد پەرستی و شۆڤێنیستی خۆی نیشانداوەو دەڵێ وەکـو جـاران نـاتوانین خەڵکی جولەکە و خەڵکی تر بهێنێتە ناو تورکیا و بیانتوێنینەوە. ئێستا ئـێمە تەنیـا ئەوانە قبوڵـدەکەین بێـنە نـاو خاکمـانەوە کە لە نەتەوەو دینی ئێمە بـن. پێوسـیتە ئـێمە رەگەزی تـورک بەهێـزبکەین. دەبێـت

موسڵمانەکانی بۆسـنیا و هیرسـک بێنیـنە تورکیـا و لێـرە نیـشتەجێیان بکەین. لە روئـێلە و بەتـایبەتی لە ئەنـادۆڵ پێویـستە رەگەزی تـورک بەهێزبکرێ. لەپێش هەموو شتێکیشدا پێویـستە ئـێمە کوردەکـانی نـاو خۆمان بتوێنینەوەو بیکەن بەماڵی خۆمان. لەو پادشـایانەی کە لەپـێش منـدا هـاتنە سـەر تەختـی تورکیـا کەمتەرخەمیـان لەوەدا بـووە کە رەگەزی سلافییان بەزۆر نەکـرد بەعوسـمانی. شـوکر بـۆ خـوا خـوێنی ئـێمە شـکۆدارێتی خـۆی پاراسـتووە. ئەمە لە یاداشـتەکانی خۆیـدا لە ساڵی 1893دا نوسیویەتی: (سوڵتان عەبدولحەمیـد یادداشـتی رامیـاری چاپخانەی دەرگا 1987 ئەستەمبول ل75 بەزمـانی تـورکی). دیـسان لە بەشـی ئەرمەن و کـوردی یادداشـتەکانیدا دەڵـێ: ئەمـانە، ئەرمەن، خۆیان لە پشت دەوڵەتـی گەورەدا دەشـارنەوە. هەر کە فرسـەتێکیان بۆ هەڵکەوت وەکو ژن هاواردەکەن. ئەمانە نەتەوەیەکـی ترسـەنۆکن. کوردیش بەپێچەوانەوە بەهێزو شەرکەرن، بەشوانکارەیی ژیانی خۆیان بەردەوامـــدەکەن، وەحـــشی و تونـــدن، خۆیـــان بە ئەفەنـــدی لەقەڵەمدەدەن و ئەمەرنییەکـانیش بە نـۆکەر (سـەرچاوەی پێـشوو ل84.)

بەڵـــێ ئەمە عەدالەت و برایەتیـــی ســـوڵتانی مەزلـــوومە، ئەمە گونجاوترین بۆنەیەکە کاک عومەر سیمانی پێیـوایە گەلانـی بە یەکتـر دوژمنکراوی ئەم ناوچەیە دەتوانن تێیدا بتوێنەوە.

## ســـەعیدی نورســـی ســـوڵتان عەبدولحەمیـــدی خۆشدەویست، ئەویش خستییە شێتخانەوە.

کاکی نووسەر لە شوێنێکی تری نووسینەکەیدا باسی ئەوە دەکـات کە رەوشـــەنبیرانی ئەو کـــاتەی کوردســـتان مەدحـــی ســـوڵتان

عەبدولحەمیـــدیان کـــردووە. کـــاک عـــومەر دەڵێـــت: لەوانە مامۆســـتا سەعیدی نورسی نوێکەرەوەو زانای بە ناوبانگی کوردستانی تورکیا کە زۆر سوڵتانی خۆشدەویست و  بە وەلی دادەناو بە(السلگان المقلـوم) ناویدەبرد.

بەراستی ئەمە سەیروسەمەرەیە، لەناو سـەدان نوسـینی سـەعیدی نورسیدا دوو وشـە دەربێنێـت و پاکـانەی سـوڵتانێکی خـوێنڕێژی پـێ بـکەی، بەڵام دیـارە کـاک عـومەر بەدەرمـان بەدوای وشـەیەکی وادا گەڕاوە، بـۆ ئەوەی زیـاتر مێـژووی نەتەوەکەمـانی پـێ بـشێوێنێ و سوڵتانێکی دەسـت بەخـوێنی کـورد سـوری پـێ بێگونـاهە و مەزلـوم دەربخـات. ئەگینـا ئەگەر وانەبـوایە لەنـاو ئەو هەمـوو نوسـینانەی سەعیدی نورسیدا، کە دەیان بەڵگەی ئەوەی تێدایە سـەعیدی نورسـی دژی ســوڵتان عبدالحمیــد و رژێــمەکەی بــووە، بــۆچی تەنهــا ئەم رستەیەی دەرهێناوە؟

ئایـا سـەعیدی نورسـی  تـا چ رادەیەک سـوڵتان عەبدولحەمیـدی خۆشویستوە؟ بەپێویستی دەزانـین کە هێنـدێک لەسـەر هەڵوێـست و رەفتــار و نوســینی ســەعیدی نورســی بنوســین. لە ســاڵی 1908دا کوردەکان پێشوازیەکی باشیان لە شۆڕشـی مەشـروتییە کـرد. هەر لەو کاتەدا لەژێر سەرپەرشتی پیرەمێردی مەزنـدا رۆژنـامەی ( teawin ne terqi gozetcs kurt) دەردەچـوو. ئەو رۆژنـامەیە (کـورد تەعـاون و تەرەقـی غەزەتـسی) بەرگـری لە مەشـروتیە دەکـردو پیبرۆزبـایی لە خەڵک دەکرد، بە بۆنەی سەرکەوتنی مەشروتییە. یەکێک لە نووسەرە ناودارەکـانی ئەو رۆژنـامەیە (سـەعیدی نورسـی بـوو). کاتێـک کە مەشروتییە سەرکەوت و راگەیاندرا، سەعید نورسی بروسـکەیەکی بـۆ کوردان نارد و داوای لێکردن کە هاوکاریی مەشروتییە بکەن، چـونکە ئێمەی کورد لە دەسەڵاتی موتڵەقی پادشا زەرەردەکەین.

شتێکی ئاشکراو و بەڵگە نەویستە کە مەشروتییە دژی دەسەڵاتی عەبدولحەمید بوو، لەگەڵ ئەمەشدا وەکو دەبینین (سەعیدی نورسی) بەسەرکەوتنی مەشروتییە خۆشخاڵە و داوا لە کوردان دەکات کە مەشروتییە بپارێزن، کە دەڵێ (مەشروتییە یاسای بنەڕەتییە و بیپارێزن، چونکە سەعادەتی ئەم دنیایەمان لە مەشروتییەدایەو لە هەموو کەس زیاتر ئێمە زەرەردەکەین لە ئیستبداد (کوتای جەمال-سەعیدی نورسی 1980 چاپخانەی یەنی ئاسیا ل191 بەزمانی تورکی).

لەسەردەمی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیددا سەعیدی نورسی دوورخرایەوە بۆ شارەکانی وان، بدلیس، ماردین، سعرت و ئەرزەرۆم.

دوای ئەوەی کە هات بۆ ئەستەنبول لەلایەن عەبدولحەمیدەوە خرایە ژێر چاودێرییەوە. کاتێکیش سەعیدی نورسی لە ئوسکوداری سەر بەئەستەنبول بوو، لە شێتخانەی (تۆپ تاشی)یان خزاند، چونکە لە شێتخانە کەسی لێ نەبوو وشیاریبکاتەوەو لە دژی عەبدولحەمید هانیبدات. جارجارە سوڵتان عەبدولحەمید دەیوست رووتبە و نیشان بدات بە سەعیدی نورسی، بەڵام سەعید کوردی، سەعیدی نورسی قبووڵی نەدەکرد و تەنیا یەک شتی لە سوڵتان عەبدولحەمید داوادەکرد، ئەویش کردنەوەی خوێندگا بوو لە هەموو کوردستانی تورکیا. Qrta asya enwer pasa c.2 sewbet sureyya ayremi لاپەرە 148-147. سەعیدی نورسی بەتایبەتی دەیویست لە تەنیشتی گۆلی وان زانکۆ بکرێتەوە. هەروەها سەعیدی نورسی دیندارێکی وشک و دوور لە هەستی نەتەوایەتی نەبوو. هەموو کاتێک شانازی بەکوردایەتی خۆیەوە دەکرد. بە جلوبەرگی کوردییەوە دەگەڕاو دەیویست کوردایەتی و ئیسلام بەیەکەوە بگونجێنێ. سەعیدی نورسی دەڵێت: من نەتەوایەتیش بەئیسلامەتی لەقەڵەمدەدەم.

دیسان سعیدی نورسی دەڵێ: من بەحەوت شتی پیرۆزەوە گرێدارم، لە پێش هەموو شتێکدا من کوردم و بەو ناوە پیرۆزەوە بەستراومەتەوە.

لە ساڵی 1907دا سەعیدی نورسی نامەیەکی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید نوسی، تێدا داوای کردنەوەی قوتابخانەی کردبوو لە کوردستان. لەبەر ئەم نامەیە گرتیان و خستیانە شێتخانەوە. هەشت مانگ لە شێتخانەدا ژیانی بەسەربرد. دوای دەرکەوتنی لە شێتخانە وتی لەبەرئەوە نەمدەویست کوردایەتی لەکەداربکەم، شێتخانەم قبووڵکرد. سەعیدی نورسی لە وتارێکی خۆیدا بەناوی حەوت راستییەوە بەم شێوەیە دەدوێت: کاتێک من کەوتمە شێتخانەی ئیستبدادەوە وەکو شێت رەفتارم لەگەڵ دەکرا. ئەگەر بۆ بەرژەوەندیی شەخسی خۆم بەرژەوەندی گشتیم وەلانابا کارێکی راست نەدەبوو، بۆیە من شێتیم قبووڵکرد، من شێتایەتی خۆم قبوڵدەکەم. ئێوە شاهیدبن لە دەرسێکی وادا من سوودوەردەگرم. شانازی بەشێتی خۆمەوە دەکەم. کوردینە بۆ ئەوەی من کوردایەتی لەکەدارنەکەم شێتخانەم قبوڵکرد. من ئیرادەی (سوڵتان عەبدولحەمیدم بۆ مەعاش و پارەو روتبە قبوڵ نەکرد و کوردایەتم لەکەدارنەکرد. (ل80−c.kutay) دوای رووخاندنی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید، لە ساڵی 1909دا، سەعید نورسی لەگەڵ سوڵتان رەشاد چوو بۆ بالکان و ئوسکوب، بۆ گەشتوگوزار، کەواتە سەعیدی نورسی بە نەمانی عەبدولحەمید لەسەر دەسەڵات سەرخۆش و شادمان بوو.

سەعیدی نورسی لە رۆژنامەی کورد تەعاون و تەرەقیدا نوسیویەتی دەڵێ: بۆ کوردان چی پێویستیە؟ من پازدە ساڵە بیر لەو پێویستە دەکەمەوە. چارەنووسی کوردستان لەلایەن ئەم دوو فکرەوە دەتوانرێ دابینبکرێ 1−یەکێتی نەتەوەیی.

2-زانستی دینی و لەگەڵ ئەویشدا شارستانیەت و پێداویستییەکانی هونەری فێربن و گەشەی پێ بدەن.

ئەمە هەڵوێست و بۆچوونی سەعیدی نورسی بوو دەربارەی نەتەوەو دین و خەلافەتی عوسمانی، بەتایبەتی سوڵتان عەبدولحەمید. ئەمەیش پلەی دینی رۆڵەکانی کورد بوو لە ئیمپراتیۆریەتی عوسمانیدا. دەربارەی شێخ رەزای تاڵەبانیش کاک عومەر دەڵێ: تەنانەت شێخ رەزای تاڵەبانیش تا ماوەیەک خۆشیویستووەو قەسیدەی لە مەدحی حوکمیدا وتوە، بەڵام شێخ رەزای تاڵەبانی لە شیعرێکیدا دەڵێ: بەبیرم دێ سلێمانی کە دار الملکی بابان بوو نە مەحکومی شاهی عەجەم و نەسوغرەکێشی ئالی عوسمان بوو. واتا ئەو برایەتیی ئیسلامییەی کاک عومەر عەلی باسیدەکات لە کاتی دەوڵەتی عوسمانیدا لای شێخ رەزا بێکاری و سوغرەکێشی بووە. یەعنی لە دەوڵەتی عوسمانیدا کورد تەنیا سوغرەکێش و کۆیلە بووە، نەک برای تورک و موسڵمان. ئەمەش راستییەکی بەڵگەنەویستە، چونکە برایەتی لەسەر بناغەی دادگەری راستەقینە دەگونجێ، نەک لەسەر ئەساسی براگەورەیی و برابچووکی. سەدان ساڵە ئەگەر ئەوان براگەورەن بۆچی جارێکیش برا گەورایەتی بەشی ئێمە نەبێت؟ بۆچی ئێمە هەر برا بچووک بین؟ برایەتی بەم شێوەیە برایەتی نییە. کۆیلایەتییەو سوغرەکێشییە. راستە سوڵتان عەبدولحەمید مەزلوم بوو، چونکە نەیدەتوانی دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ عەقڵ و یەکسانی و دیموکراتی بەردەوام بکردایە، تەنیا شتێکی دەزانی، ئەویش ئەوە بوو کە بەهۆی وێرانکردن و قەڵاچوو کوشتنەوە دەیتوانی دەسەڵاتی خۆی بەردەوامبکات. سەعیدی نورسی کە رەخنەی لە ئیستبداد دەگرت. ئەو ئیستبدادە هی عەبدولحەمید بوو. ئەگەر ئینسانێکی مەزلوم نەبایە کوشتاری ئەرمەنی نەدەکرد، ئەگەر مەزلوم نەبایە دەستی

کوردی بەخوێنی ئەرمەنیان سوورنەدەکرد، ئەگەر ئەو مەزلـوم نەبـایە سـەدان رەوشـەنبیری دەربەدەرنەدەکـرد. ئەگەر ئەو مەزلـوم نەبـایە ئینسانی وەکـو سـعیدی کـوردی نەدەخـستە شـێتخانەوە. ئایـا ئەمـانە سـیفاتی ئینـسانێکی مەزلـومە بە بۆچـوونی کـاک عـومەر؟ ئایـا شـێخ سەعیدی پیران بەحەسرەتی سوڵتانی مەزلووم بوو؟ ئایا بەڕاستی شێخ سەعید دەیویست خەلافەت بگەڕێنیتەوە؟ یان ئەمە تەنیا خەیالی کاک عومەر سیمانییە؟

## ئایا راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران بـۆ گەرانـدنەوەی خەلافەت بوو یان بۆ کوردستانێکی ئازاد؟

کاک عومەر علی سیمانی لە شوێنێکی تری نوسـینەکەیدا دەڵـێ: هەر پاش هەڵوەشاندنەوەی زۆرەملیی خەلافەتـیش شۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پیـران لە کوردسـتانی تورکیـا هەڵگیرسـا بـۆ گێـڕانەوەی خەلافەت. بێگومـان ئەمە راسـت نیـیە و ئامـانجی شـێخ سـەعیدو راپەڕینەکەی گەڕانـدنەوەی خەلافەت نەبـوو، بەڵکـو دامەزرانـدنی دەوڵەتێکـی کـوردی بـوو. لە سـاڵی 1922دا لە ئەرزەرۆم لە ژێـر سەرپەرشتی خالد بەگی جبرانیدا کۆمیتەی سـەربەخۆیی کوردسـتان پێکهێنـرا. لە گەلێـک نـاوچەی کوردسـتانی تورکیـا لیـژنەی خۆیـان کردەوە، پەیوەنـدییان بە ئەفـسەر و دەرەجەدارە کوردەکـانی نـاو سـوپای تورکیـاوە کـرد. ئامـانجی کـۆمیتە ئەوە بـوو کە کـورد کولتووری خۆی لەبیرنەچێتەوەو بەکوردان بسەلمێنن کە سیاسـەتی خۆێن و ئاسنی تورک چۆنە؟ چۆن دەبێ بـا ببـێ، پێویـستە کـورد لەبن سـایەی تـورک دەرکەوێ و دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـوردی دابمەزرێنن.

کـۆمیته دەیوسـت لە مـانگی حـوزەیرانی سـاڵی 1925دا راپەڕیـن دەستپێبکات و دەیویست هەتا ئەو کاتە پەیوەندی بەهەموو سـەرۆک هـۆزە کوردەکـانەوە بکـات و رێکیانبخـات بـۆ راپەڕیـن، بەڵام لەبەر هێنـدێک هـۆ راپەڕیـنەکە لەپـێش وەختـی دیـاریکراودا تەقیـیەوە. گرنگترین هۆکان ئەمانەن.

1-سەرۆکی لیژنەی بەدلیس و ئەندامی پەرلەمانی تورکیـا (یوسـف زیابەگ) پێش کاتی دیاریکراو کەوتە جموجۆڵ.

2-خەڵکی بەیتوشەبابی سەر بەهەکاری، راپەڕین.

3-هێندێک نوسراو و بەڵگەی راپەڕینەکە کەوتە دەستی دەوڵەت.

4-لەنزیک موش، جەندرمەیەک جنێوی بە کوڕی ئاغـایەکی کـوردە داو لە ئەنجامدا شەڕ دەسـتیپێکردو کـوڕە ئاغـاکە لەلایەن دەوڵەتەوە گیـراو لە زینـدانی مووشـیان کـرد. دوای شکـستی بەیتـول شـەباب، دەوڵەتـی تـورک پێیوابـوو کە زۆر بەئاسـانی دەتـوانێ بزافـی کـورد دامرکێنێتەوە. لەبەر بێدەنگی کورد دەوڵەتی تورک وەغیـرەت کەوت. سـەرۆکی لقـی مەرکەزی کـۆمیتەی سـەربەخۆیی کوردسـتان لەلایەن دەوڵەتـی تـورکەوە گیـرا. کـۆمیتەی ناوەنـدی کـۆمیتەی سـەربەخۆیی کوردستان بڕیاریدا کە پێویستە خالد بەگی جبرانلی و یوسف زیـابەگ بەربدەن. بۆ راپەڕینی گشتی فەرمانیان بۆ هەموو کوردستان ناردو لە جێگـای خالـد بەگـیش شـێخ سـەعید پیرانیـان بە سـەرۆکی کـۆمیتە هەڵبژارد. دەوڵەتی تورک لە گوندی پیران دەستی بەئاژیتاسیۆن کردو ئەمەش بـوو بەهـۆی ئەوەی کە راپەڕیـنەکە زوو دەسـتپێبکات. دوای شکـــستی راپەڕیـــنەکە 50000 پەنجـــا هەزار کـــورد کـــوژران، 47 سەرکردەی راپەریـنەکە لە محکـمەی ئیـستقلالی تـورک لە دیـاربەکرو خەرپوت و مەلاتیە لەسێدارەدران. لەناو ئەمانەدا سیناتۆر و سـەرۆکی کوردستان تەعالی جەمعەتی شێخ عەبدولقادری کوڕی شـێخ عەبـدوڵڵا

و شاعیر کەمال فەیزی بەگ و دکتۆر فوئادو ئەوقات (تۆفیـق بەگ) هەبـوون. شـێخ سـەعید لەپـێش لەسـێدارەدانیدا ئەم وەسـیەتنامەیەی پێشکەشی نەتەوەی کورد کرد: کۆتـایی بە ژیـانی ئەم دنیـایەم هـات. من پەشیمان نیم، چـونکە بـۆ نەتەوەی خـۆم دەبـمە قوربـانی، بەڵام هیوادارم نەوەکانمان لەپێش چاوی دوژمنان شەرمەزارمان نەکەن.

خالد بەگی جبرانیش لەپێش لەسێدارەدان وتـی: مـن تەنیـانیم، لە ئێـران و میزۆپۆتامیـا، هێزێکـی گەورەی نەتەوەی کـوردم لەپـشتە. ئەمرۆ ئێوە من لەسێدارەدەدەن، بەڵام هیچ گومانم نیـیە کە سـبەینێ نەوەکانمان تەفروتوناتاندەکەن. شێخ عەبدولقادریش وتـی: (زاتەن بـۆ رووخاندن و خراپکردن هـیچ کەس لە ئێـوە بەناوبـانگتر نیـیە، ئێـوە ئێرەشـتان کـرد بە کەربەلا. ئەمە بـزانن کە سـەربڵندی و شـەرەف لە وەحشیەت و بـێ مەرحەمەتـی وەدەسـت نـاکەوێ، نەمێنـێ تـورک). یوسف زیابەگیش لەبەردەم پەتـی سـێدارە وتـی: مـن دەترسـام ئێـوە روتبە و کورسیمان بدەنێ و بمانفریوێنن. شوکور بۆ خوای مەزن ئێوە بەگـولله و پەت بەخێرهاتنتـانکردین. هـیچ پەشـیمان نـیم، ئەمە دەرسـێکە و نەوەکانـشیمان تۆڵەمـان دەسـتێننەوە. دوکتـۆر فوئـادیش بەهەمان شێوە، وتی: هەمیشە بیرم دەکردەوە کە بۆ وڵاتی خۆم ببم بەقـۆچی قوربـانی. بێگومـان ئەم خـاکەی ئـێمە لەسـەری لەسێدارەدەدرێین ئـاڵای سـەربەخۆیی تێـدا بەرزدەکـرێتەوە. بێگومـان ئەمانە هیچ شک و گومانێک ناهێڵن لەو راستیەی کە راپەڕینـی شـێخ سەعیدی پیران بۆ سەربەخۆیی کوردستان و مافی رەوای گەلی کـورد بووە، نەک بۆ گەڕانـدنەوەی خەلافەت وەکـو کـاک عـومەر دەڵێـت، چونکە لەناو ئەم هەموو وەسیەتنامە و ئەو هەموو دروشم و قسانەی سەرەمەرگدا قەت یەکێک لەو سەرکردانە باسـی گەڕانەوەی خەلافەت و شتی لەو بـابەتە ناکـات، بپێچەوانەوە هەموویـان لە دژی نەتەوەو

دەسەڵاتی تورک قسەدەکەن و پەندو ئامۆژگاریمان بۆ جێدەهێڵن.
ئەوقات تۆفیق بەگیش لەبەردەم پەتی سێدارە وتی: لاشەکەم نیشانی هەموو گێتی بدەن، با هەموو کەس بزانێ کە بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆم نا، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەم شەڕدەکەم، بژی کوردستان.

قۆچ زادە عەلی رەزا بەگیش بەهەمان شێوە وتی: چەکەکەم لە دژی نەتەوەی خۆم بەکارنەهێنا، دژی نەتەوەی تورک بەکارمهێنا، بۆیە زۆر دڵخۆشم کەوا ئێستا ژیانی خۆم بۆ کوردایەتی دەکەم بە قوربانی.

شاعیر مەلا عەبدولرەحمانیش فەرمووی: هەی بێ چارەیینە، من ئێوە لەبەر پێی خۆدا زۆر بچووک دەبینم، باش بزانن کورد دار نییە، دەمرێ، بەڵام نابردرێ. هیرانی زادە شاعیر کەمال فەیزی کە ئەویش یەکێک بوو لە سەرکردەکانی راپەڕینی ساڵی 1925، لە پێش لەسێدارەدانیدا وتی: کوردستانی بەهەشت هی ئێمەیە و ئێمە خاوەن ماڵین، کێ چی دەڵێ با بڵێ دیسان هی ئێمەیە. هیچ هێزێک ناتوانێ رێگەی هاتنە ناو کوردستانمان لێ بگرێ، چونکە هی ئێمەیە.

GARO SASONI KURT UIUSAI HARAKTIARI VE 15 YY DAN GUNUMUZE ERMENI KURT ILISKITERI MD YAYINLAR ISTANBUL-1992 لەکاتی راپەڕینی شێخ سەعیدی پیراندا کە کورد شاری خەرپوتی گرت، شێخ سەعیدی شەریف قوماندانی جەبهەی خەرپوت و مەبعوسی دەرسیم، حسن خیری بەیەکەوە نامەیەکیان بۆ هۆزەکانی دەرسیم ناردو تێیدا داوایانکرد کە شارەکە بپارێزن، هەتا ئەوان دەچن بۆ لایان. 1925/3/6 حەسەن خەیری عەلەوی بوو (دکتۆر نورسی دەرسیمی KURDISTAN TARIHINLA DERSIM کوردە عەلەوییەکان لەسەردەمی

ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا زۆر جاران بەکۆمەڵ دەکوژران. هۆی ئەم کوشتارانەش دینی و نەتەوەیی بوون. پەیوەندی کوردە عەلەوییەکانی دەرسیم لەسەر مەسەلەی ئاین لەگەڵ کوردە سونیەکانیش خۆش نەبوون. خۆیان بەموسڵمان لەقەڵەمدەدا، بەڵام وەکو سونییان رۆژوناگرن، نوێژناکەن، مزگەوتیان نییە و ناشچن بۆ حەج. بەکورتی ئەمانە ناتوانن بەتەواوی لەناو دینی ئیسلامدا جێی خۆیان بکەنەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا عەلەوییەکانی دەرسیم عیبادەتی تایبەتی خۆیان هەیە. لەو شەڕەدا کورد و سونییە سەرهەڵداوەکان داوایان لە کوردە عەلەوییەکان کرد کە بەشداری سەرهەڵدان بکەن. ئامانجی سەید رەزاش ئەمە بوو کە هێرش بکاتە سەر سیواس. ئێمە ناڵێین دەوری دین لە سەرهەڵدانی شێخ سەعیددا نەبوو، بەڵام بەپشتیوانی ئەم بەڵگانەو سەدان بەڵگەی تریش دەیسەلمێنین کە رۆڵی نەتەوەیی لەم راپەڕینەدا لە رۆڵی دینی زۆری زیاتربووەو ئامانجیش کوردستانی ئازادبووە، نەک گەڕاندنەوەی خەلافەت. لە کوردستانی باکوور هەرکەسێک ئەم بۆچوونەی کاک عومەری هێنابێتە زمان و بزووتنەوەی کوردی وەکو کۆنەپەرست و خوازیاری گەڕانەوەی خەلافەت لەقەڵەمدابێ، کەمالیست بووە، کەمالیستەکانیش لەسەرەتادا راپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانیان بەکۆنەپەرست و خەلافەتخوازو دروستکراوی دەستی ئینگلیز لەقەڵەمدەداو دەیانەویست بەم شێوەیە نیشانی بزاڤی پێشکەوتنخوازی جیهانی بدەن. لەبەرئەمە پێویستە تەماشای کتێبی د. کەمال مەزهەر بکەن و بیخوێننەوە، کە دەربارەی ئەم راپەڕینە گفتوگۆی لەگەڵ نووسەران و مێژووناسان و ئەکادیمیسیانی رووسیا کردووە. بۆ ئەوەی زیاتر زانیاریمان هەبێ، پێویستە تەماشای یاداشتەکانی حەسەن هۆشیار بکەین (بەرگی یەکەم).



مامەڵەی دەوڵەت لەگەڵ کورد جێی سەرنجی ئیسلامی سیاسی نەبووە



سەعید نورسی لەدوا ساتەکانی تەمەندا



شۆڕشگێڕانی باکوور



نوری دەرسیمی



عەبدولمەلیک فورات نەوەی شێخ سەعیدی پیران



ئەتاتورک لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی کورددا



د.کەمال مەزهەر





ئەڵتان تان ڕەفاهی بەجێهێشت و تێکەڵی بزووتنەوەی نەتەوەکەی بوو

■ فەسڵی چوارەم

# بەڵێ ئەوەی دەیڵێیت
# چنراوی خەیاڵ و ئەندێشەیە!

نووسینی: نیاز سەعید عەلی

ئەم بابەتە، بەسێ بەش لە ژمارەکانی
(1292، 1293، 1297)، لە ڕۆژی (24ـ26ـ1996/5/31)ی ڕۆژنامەی
(کوردستانی نوێ)دا بڵاوبۆتەوە.



***نیاز سەعید عەلی**

-لەدایکبووی ساڵی **1967**، سلێمانی، گەڕەکی چوارباخ

-ئەندامی کارگێڕی مەکتەب، لە ناوەندی پێگەیاندنی کادیران

-لێپرسراوی پەیمانگای کادیرانی قەڵاچوالان

-خاوەنی چەندین بڵاوکراوەیە، لە کتێب و نامیلکە و لێکۆڵینەوە و وتار

بەشی یەکەم

ماوەیەک بەر لە ئێستا، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، مێزگردێکی لەسەر تەوەری "ئایندەی حوکمڕانی لە تورکیا" بۆ ژمارەیەک لە بەشداربووان سازکرد و بە چەند ئەڵقەیەک لە رۆژنامەکەدا بڵاویکردەوە. لەو مێزگردەدا هەڵوێست و دیدو بۆچوونی حزبی رەفاهی ئیسلامی، لە ڕووی چارەسەر و کاریگەریی لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا، بە خراپی هەڵسەنگێندرا و خرایەڕوو، ئەو هەڵسەنگاندنە بووە هۆی وروژاندنی کاک (عەلی عومەر سیمانی) و لە کاردانەوەدا، ناوبراو بەوتارێک کەوتە بەرگریکردن و پاکانەکردن بۆ حزبی رەفاهی ئیسلامی.

وتارەکەی کاک (عومەر عەلی سیمانی)، بەناوونیشانی "پرۆژەی برایەتی ئیسلامی... لەنێوان (...!!)و واقعییەتدا) بوو، لە ژمارە (1242)ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوکرایەوە، تیایدا نووسەر لە ڕوانگەی مەعریفە و خیتابی سیاسیی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسییەوە رۆشنایی خستۆتە سەر مەسەلەکان، رەفاهی و ڕەهایی حوکمیان بەسەردا دەدات، لەم ڕووەوە کەوتۆتە پاکانە و پاساوهێنانەوە بۆ هەڵوێست و بۆچوونی حزبی رەفاهی ئیسلامی، سۆزدارانە کەوتۆتە وەسف و ستایشێکی رۆمانسییانەی ئەو حزبە و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دارماو، خەو بە گەڕانەوەو ژیاندنەوەی ئەو ئیمپراتۆرییەتەوە دەبینێت و حزبی رەفاهی ئیسلامییش بە سوارچاکی ئەو خەوە دادەنێ!!

به قۆستنەوەی هەمان ئەو هەل و دەرفەتەی کە بەو نووسەرە بەڕێزە دراوەو تیایدا سەربەستانە، لە مینبەری ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)وە، دوور لە هیچ سانسۆر و مەرجێک، ئەو وتارەی بڵاوکردۆتەوە، منیش بە مافێکی ڕەوای خۆمی دەزانم کە بەدواداچوونێکی هەڵسەنگاندنانەی ڕەخنەییم هەبێت، لەسەر بەشێک لە بیروبۆچوون و لێکدانەوەکانی نووسەر.

یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی پاڵی پێوە نام ئەو بەدواداچوونە لەسەر وتارەکەی ئەو بەڕێزە بکەم، ئەوەیە کە نووسەر دوور لە راستیی مێژوویی، پێچەوانەی ڕووداو و واقیعە تۆمارکراوەکان، کەوتۆتە پیاهەڵدانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و تیایدا ئاماژە بە ئەوپەڕی دادپەروەریی و برایەتی ئیسلامی نەتەوەکان، لە سایەی ئەو ئیمپراتۆرییەتەدا، دەکات، پاشان حزبی ڕەفاهی ئیسلامییش وادەناسێنێت، کە ئەم پرۆسێسە مێژووییە زیندوودەکاتەوە، نووسەر لەم ڕووەوە هەوڵدەدا، هەموو دید و ڕاوبۆچوونەکانی خۆی بە ڕەهایی، دوور لە بەکارهێنانی زمانی لۆژیک، دوور لە خوێندنەوەی واقیع و لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنەکان و گۆڕانکاریی قۆناغەکان، بێ درککردن بەو ڕاستییەی کە شکستی مێژوویی تراژیدیایە و دووبارەبوونەوەشی کۆمیدیایە، بسەپێنێت.

* نووسەر لە سەرەتای وتارەکەیدا نیگەرانیی خۆی دەردەبڕێت لە بەرامبەر ئەو بابەت و وتار و نووسینانەی لەم دواییانەدا لەسەر حزبی ڕەفاهی ئیسلامی بڵاوکراونەتەوە، بە مێزگردەکەی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)شەوە، کە تیایاندا حیزبی ڕەفاه وەکو ناحەز و هەڕەشە و مەترسییەک لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا و ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵسەنگێندراوە. نووسەر لەم ڕووەوە دەڵێت (دروستکردنی گومان بوو لە ڕاستیی بانگەوازە

ئیـــسلامخوازییەکەی رەفـــاه و تاوانبـــارکردنی بە شـــۆڤێنییەت و درێژەکێشانەوەی کەمالیستی)٠

سەرەتا بەپێویستی دەزانـم، ڕۆڵ و ئەرکـی سـەرەکیی حزبـی رەفـــاهی ئیسلامی لە قـــــەیران و ململانێی سیاسـی تورکیـادا، بە وەڵامـــــــدانەوەی ئـــــــەم پرســــیارانەی خـــــوارەوە ڕوونبکەمەوە٠

1- لەکاتێکدا کە یەکێک لە شەش پرانسیپەکەی (کەمال ئەتـاتورک) لە دامەزرانـدنی دەوڵەتـی تورکیـادا، سیـستەمی عەلمـانی بـوو، واتە جیـاکردنەوەی ئـایین لە سیاســەت، ئەو پرانــسیپەش لە تورکیـا بە شەرعیەتی دەستووریی و یاسایی دەپارێزرێت، کەچی حزبی رەفـاهی ئیسلامی تێکەڵاوکەری ئایین و سیاسەت، بەو هەڕەشەیە لە سیستەمی عەلمـانی، ڕێپێـدراوە ئـازادانە، بـێ لێپرسـینەوەی دەسـتووریی و یاسـایی، کـاری سیاسـی خـۆی بکـات، ئەم هاوکێـشە سیاسـییە چـۆن لێکدەدرێتەوە؟!

2- تاکو ئێستا دەستووری تورکیا، بە ڕەسـمی ئـایینی ئیـسلامی نەناساندووە، وەکو ئـایینی رەسـمی و زۆریـنەی وڵات، لەکاتێکـدا کە زیاتر لە (95٪)ی خەڵکی تورکیـا بە ئـایین ئیـسلامن و یاسـای حزبەکانیش مۆڵەت بە دروسـتبوونی حزبـی ئـایینی نـادات، ئەگەر حزبە عەلمانییەکـان لەلایەن حکـومەتەوە بـوودجەی داراییـان بـۆ دابینکرابێت، حزبـی رەفـاهیش هەمـان ئیمتیـازی هەیە، ئـایە ئەم پـارە پـێ بەخـشینەی حکـومەتی عەلمـانی، قـازانجی شـاردراوەی لەپشتەوە نییە؟!

3- لە کودێتای یەکەمی تورکیادا، ژەنەڕاڵەکانی سـوپا، لە مەلەفـی تاوانبارکردن و لەسێدارەدانی (عەدنان مەندریسی) سـەرۆک کۆمـاردا، لە یەکێـــک لە تاوانەکانیـــدا جەختیـــانکردبوو لەســـەر ئەوەی کە

(مەندریس) بانگی نوێژکردنی لە تورکییەوە کردبوو بە عەرەبی و ڕێی بەخوێندنی وانەی ئایینی داوە، لە کودێتای دووەمدا کۆنە دەروێشی تەریقەتی نەقشبەندی و تازە سیاسەتمەدار (نەجمەدین ئەرباکان)ی سەرۆکی حزبی سیستەمی نیشتمانی نیمچە عەلمانی و نیمچە ئیسلامی سیاسی ناکاریگەر و بێ نفوز و پەراوێزکەوتوو، لەلایەن ژەنەڕاڵە کودێتاچییەکانەوە هەڵدەوەشێندرێتەوە، دواتر هەمان (ئەربەکان) حزبێکی تری پابەند بە پرانسیپەکانی دەستووری عەلمانی دادەمەزرێنێت، بەناوی حزبی سەلامەی نیشتمانی، پاشان کودێتای سێیەم، ئەم حزبەش هەڵدەوەشێنێتەوە، هەروەها دادگای سەربازیی بڕیاری زیندانیکردنی (نەجمەدین ئەرباکان) و دوورخستنەوەی لە سیاسەت و قەدەغەکردنی کاری سیاسیی لێی بۆ ماوەی (10) ساڵ دەردەکات، ئەمە لەکاتێکدا کە هۆکاری سەرەکی هەڵوەشاندنەوەو زیندانیکردن و دوورخستنەوەی (نەجمەدین ئەربەکان)، تەنها خۆپیشاندنێکی ئەندامانی ئەو حزبە بوو لە شاری (قۆنیە)، کە تیایدا خۆپیشاندەران دروشمی ئیسلامیان هەڵگرتبوو، کەچی لەئێستادا حزبی وەفاهی ئیسلامی ساڵانە چەندین کۆنگرە و بۆنە و یاد و کۆبوونەوەی ئیسلامی جیهانیی سازدەدات، هەروەها چەندین خوێندنگەی ئایینی کردۆتەوە، چەندین کەناڵی تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤار و دەزگای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی داناوە، سەرەڕای چەندین دامودەزگای جۆراوجۆری تر، لە هەمان کاتدا کار لەسەر بووژانەوەی کەلتوور و کەلەپووری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەکات، لەلایەکی تر ژنان بەموحەجەبە دەکات، یان خوێندنەوەو نووسین بە پیتی عەرەبی فێری منداڵان و لاوان و ئەندامەکانی دەکات، هەروەها خوتبەی هەیینی لە مینبەری مزگەوتەکانەوە پێشکەشدەکاو... هتد، کەچی

ژەنەڕاڵەکانی سوپا و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا و وەزارەتی ناوخۆ چاویان لێ پۆشیوە، نهێنی ئەو چاوپۆشینە لەچیدایە و ئەمە بۆ وایە؟!

4- کودێتای سێیەم، (نەجمەدین ئەرباکان) و حزبەکەی لە سیاسەت دوورخستەوەو یاساغیکردن، کەچی لە ساڵی (1983)دا حزبی رەفاهی ئیسلامی دادەمەزرێت و لە ساڵی (1987)دا ئەو بڕیارەی دادگای سەربازیی ژەنەڕاڵەکانی کودێتای سێیەم تەعدیل دەکرێ، کە بڕیاری دابوو بۆ ماوەی (10) ساڵ کاری سیاسی و حزبایەتی لە ئەربەکان قەدەغەبکات، ئەوەبوو بۆیان کرد بە (7) ساڵ و یەکسەر بە دوایدا (ئەرباکان) دەبێتە سەرۆکی حزبی رەفاهی ئیسلامی، دروستبوونی حزبی رەفاهی ئیسلامی و لابردنی ئەو بایکۆتی سیاسی و حزبایەتییە لە ساڵی (1987)دا لەسەر (ئەرباکان)، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو حزبە لەسەر دەستی لایەنگر و هەوادارانی (ئەرباکان) لە ساڵی (1983)دا دامەزرابوو، خۆی لەخۆیدا تیشکی سەوزی ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردەری تورکیا بوو، بۆ بەکارهێنانیان لە بازنەی ململانێ و ناکۆکییەکان.

5- ئایا ئەو ململانێ و ناکۆکییانە چین کە حزبی ڕەفاه ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئایا ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە ناچێتە خانەی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردەر لە تورکیا، کە لە پشتی ئەو سیاسەتەوەن؟.

تێگەیشتن لەم پرسیارانە و لێکدانەوەی هاوکێشە سیاسییەکان و شیکردنەوەی بارودۆخە جیاوازەکان و دەستنیشانکردنی جەمسەرەکانی ناو بازنەی ناکۆکی و ململانێکان و شارەزابوون لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردەرەی تورکیا و شوێنی حزبی رەفاه، وەکو کارەکتەرێک لە گەمە سیاسییەکاندا، ڕۆڵیان دەبێ

له هەڵـدانەوەی دەمامكەكـانی سـەر حزبـی رەفـاه و دەرخـستنی جەوهەر و ماهیەت و وەزیفەی سیاسیی ئەو حزبە.

حزبی رەفاهی ئیسلامی زەمینـەی پیـادەكردنی دەسـەڵاتی سیاسـی گـاریگەر و بەهێـزی سەرتاسـەریی نیـیە لە توركیـا، لەبەر كۆمەڵێـك هۆكار، لەوانە هەڵوێستی عەلەوییەكـان كە ڕەچەڵەكیـان دەگەڕێـتەوە بۆ مەزهەبی شیعە و زیاتر لە (3/1)ی دانیشتوان پێكدەهێنن، لە دژی حزبـی رەفـاهی ئیـسلامی سـوونە مەزهەب، پـشتیوانی لە حـزبە عەلمانییەكان دەكەن، هەروەها پشتیوانی سیاسـەتی بەئەوروپـایبوونی توركیا دەكەن، لەكاتێكدا كە حزبی رەفاهی ئیـسلامی، نـاكۆك و دژی چوونە ناو یەكێتیی ئەوروپای توركیان، ئەمە لەكاتێكدا بەڕای چاودێرە سیاسییەكان، ڕای گشتیی زۆریـنەی خەڵكـی توركیـا، لـەگـەڵ گـۆڕینی سیـستەمی عەلمـانی نیـیە و دەنگـدانی (79٪)ی خەڵكـیش بە حـزبە عەلمانییەكان، لە دوایین هەڵبژاردندا، بەڵگەی پشتیوانی زۆرینەی ڕای گشتی خەڵكە لە سیستەمی عەلمانی و لە سیاسەتی بەئەوروپاییكردنی توركیا لە یەكێتی ئەوروپادا. ئەو دوو هۆكارە دەبنە كۆسپ لەبەردەم تەشەنەسەندنی حزبی رەفاهی ئیسلامی و باڵادەستبوونی لە سیستەمی فەرمانڕەواییدا. ئەمە لەلایەک، لەلایەكـی تـر ئەگەری چارەسـەركردنی كێشەی كـورد لەم كـابینە نـوێیەی حكومەتی (مەسـعود یەلمـاز)دا و داننان بە مافی نەتەوەیی و سیاسی كورد و مۆڵەتدان بەبوونی حزبـی سیاسی كوردی و ڕۆڵی ئەو حزبە لە هۆشیاریی نەتەوەیـی و خەبـاتی ئاشتی و ئاوەدانكردنەوەی كوردستانی توركیـا و بووژانـدنەوەی بـاری ئابووری و گرنگیدانی حكومەت بە ناوچە كوردییەكان، بەگوێرەی ئەو بەڵێن و هەنگاوە سەرەتاییانەی ئێـستای حكـومەتی توركیـا، بەرەبەرە نفوز و پێگە و بنكەی جەماوەریی حزبی رەفاهی ئیـسلامی لە نـاوچە كوردییەكاندا كەمدەكاتەوە، سەرەرای كۆمەڵێك هۆكـار و سیاسـەت و

پـرۆژە و بەرنـامەی تـر، کە لەلایەن دەسـەڵاتدارانی عەلمـانییەوە دادەڕێـژرێ و پەیڕەودەکـرێ دەبنەهـۆی دانـانی سـنوورێک بـۆ تەشەنەسەندنی حزبی ڕەفاهی ئیسلامی و تەکینەوەی جەماوەرەکەی.

ناوەندی بڕیاردەر و دەسـەڵاتی تورکیـا، ڕێـی بە دامەزرانـدن و کارکردنی ئەو حزب داوە و دەرفەتی بۆ ڕەخساندووەو لە چەنـدین بـواردا چاوپۆشـی لـێ دەکـات، ئەو ناوەنـدە پاسـاو و زەروورە و ئەرک و میکانیزمەی ئەم حزبە، لە بازنەی ململانێ و تـاکتیکی دژی دژەکەم و بەجەمسەرکردنی لە ململانێیەکـدا، وەکـو کـاردانەوەیەکی ناوەنـد بەڕووی ئۆپۆزسـیۆنە تونـدڕەو و مەترسـیدارەکان، بە پـلەی یەکەم لە خزمەتـی سـتراتیژ و ئاسایـشی نەتەوەیـی تورکیـادا بینیوەتەوە.

گەورەتـرین هەڕەشـە و مەترسـی لەسـەر سـتراتیژ و ئاسایـشی نەتەوەیـی تورکیـا، لای ئەو ناوەنـدە، بـریتییە لە کێـشەی کـورد بەگشتی و کێشەی پەکەکە بەتایبەتی، هەر بۆیە دروسـتبوونی ئەو حـــزبەو لێخۆشـــبوون لە (ئەربەکـــان) لە ســـاڵی (1987)داو گەڕاندنەوەی وەکو سەرۆکی ئەو حـزبەی کە لە دامەزراندنەکەیـدا دوورخراوەیەکی سیاسی بووەو هیچ بەشدارییەکی تیـا نەکـردووە، پەیوەسـت و هاوکـاتە لـەگـەڵ کـاریگەریی کێـشەی کـورد و گەشەسەندنی پەکەکە و خرۆشانی هەستوسۆزی نەتەوەیـی گەلـی کورد لە تورکیا.

ناوەندی بڕیارو دەسەڵاتی تورکیا، بۆ کپکردنەوەی کێشەی کـورد و لاوازکردنی پەکەکە و خامۆشکردنی هەست و سۆزی نەتەوەیی، سـێ ئامانجیان لەبەرچاوگرت، بەم شێوەیە:

1- پـرۆژەی برایەتـی ئیـسلامی، کە حزبـی ڕەفـاه بانگەشـەی بـۆ دەکرد، ببێتە ئەلتەرناتیڤی پرۆژەی نەتەوەیی پەکەکە.

2- بەکاریگەریی حزبی ڕەفاە لە کوردستانی تورکیادا، ئینتیما بۆ ئایینی ئیسلام زیاتربێت لە ئینتیما بۆ نەتەوە.

3- پەکەکە لاوازبێت و حزبی رەفاە لە کوردستانی تورکیادا بەهێزبێت.

ناوەندی بڕیار و دەسەڵات لە تورکیا، چوار هۆکاری لێکدابووەوە بۆ سوودلێوەرگرتن لە گرتنەبەری ئەو سیاسەتە و هاتنەدی ئەو سێ ئامانجە، هۆکارەکان بریتین لە:

1- پەکەکە حزبێکی چەپڕەوی مارکسییە و دەشێ لە ڕووی ئایینییەوە وەکو خاڵێکی لاوازیی بقۆزرێتەوە..

2- بوونی چەندین مەزهەب و تەریقەتی سۆفی و ڕێبازی دەروێشی، بە بەربڵاویی لە کوردستانی تورکیادا، بەتایبەتی بوونی پەیڕەوکەرانی ڕێبازی سەعیدی نەوەڕەسی.

3- دواکەوتوویی باری کۆمەڵایەتی و کەلتووریی و ئابووری لە کوردستانی تورکیا و کاریگەریی داب‌ونەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تیرەگەرییەکان و زۆری ڕێژەی نەخوێندەواریی و نزمی ئاستی هوشیاریی.

4- نەبوونی حزبێکی سیاسی کوردی مۆڵەت پێدراوی یاسایی، کە کوردەکان ئینتمای بۆ بکەن.

لەم سۆنگەیەوە ناوەندی بڕیار و دەسەڵات کەوتنە بەکارهێنانی چەکی حزبی رەفاە، بۆ هەرسێ ئامانجەکەی پێشوو، ئەوەبوو ئەو حزبە لە هەموو شارو شارۆچکە کوردییەکاندا، کەوتە کردنەوەی بارەگا و توانیان کاری ڕێکخستن ڕاگەیاندن و بانگەشەو پەروەردەکردن، بە ئازادانە و بە ئاسانی، ئەنجامبدەن.

پەیوەستی و هاوکاتی حزبی رەفاە لەگەڵ پەکەکەدا بەم جۆرەبوو؛ پەکەکە هەرچەندە لە ساڵی (1978)دا دامەزرابوو،

بەڵام لە ساڵی (1984)دا خەباتی چەکداریی ڕاگەیاندو مەفرەزەی پارتیزانی لە ناوچەکاندا بڵاوکردەوەو کەوتە هوشیارکردنەوەی نەتەوەیی خەڵک، پێش چەند مانگێک دوور لە ڕێکەوت، بەر لە ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداریی پەکەکە، حزبی ڕەفاهی ئیسلامی ڕاگەیاندرا، پەکەکە بنکەی ڕێکخستن و پارتیزانی تۆکمەدەکرد، حزبی ڕەفاهیش بنکە و بارەگای زیاتری دەکردەوەو بە چڕی پرۆسەی بانگەشەکردن و ڕێکخستنی ئەنجامدەدا، پەکەکە هەستوسۆزی کوردایەتی و نەتەوەیی جۆشدەدا، حزبی ڕەفاهیش هەستوسۆزی ئایینی جۆشدەدا، پەکەکە زۆر بەنهێنی و بەردەوام، لە بەردەم شاڵاوی گرتن و ڕاونان و خۆحەشاردان و بەرتەسکبوونەوەی پەیوەندی و تێکەڵاوییەکانی دابوو لەگەڵ جەماوەر، کەچی حزبی ڕەفاهی ئیسلامی بە ئاشکراو بە پارێزگاریی و چاودێری دەوڵەت، لە هەوڵی فراوانترکردنی پەیوەندی و تێکەڵاویی بوو لەگەڵ جەماوەردا، پەکەکە لە دوای ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداریی بەهێزتردەبێت، حزبی ڕەفاهی ئیسلامیش بڕیاری (10) ساڵ دوورخستنەوە لە کاری سیاسی و حزبایەتی بۆ سەرۆکەکەی، کە (نەجمەدین ئەربەکان)ە، کەمدەکرێتەوە بۆ ماوەی (7) ساڵ.

ئەمانە هەمووی بۆ ئەوە بوو حزبی ڕەفاهی ئیسلامی بکەوێتە وێزەی پەکەکەو وەکو بێ باوەڕ، یان وەکو باڵێکی بزووتنەوەی ماسۆنیەت و جوولەکە لە دژی کاربکا، هەربۆیە ئەو حزبە لە بانگەشەکانیاندا، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئەندامێتی پەکەکەیان بە کوفر و ئیلحاد فەتوادەدا، ڕەنگە ئەم هۆیە دواتر بووبێتە هۆی ئەوەی پەکەکە هەڵوێستی باشی وەرگرتبێت لەسەر ئایینی ئیسلام، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکــی تــر یەکێــک لە هۆکارەکــانی تــری تەشەنەسەندنی حزبی رەفاە، گەمەی سیاسیی پەکەکە بـوو، لـەگـەڵ دەوڵەتــی تورکیــا لە کــاتی هەڵبژاردنــی گــشتی ســاڵی (1991)و هەڵبژاردنە شارەوانییەکانی رابـردوودا، پەکەکە ئەوەی قۆسـتبووەوە کە تورکیا دەیەوێت ببێت بە ئەندام لە یەکێتی گـومرگی ئەوروپـا و دواتــر لە یەکێتــی ئەوروپــادا، پەکەکە بە لەبەرچــاوگرتنی ئەوەی یەکێک لە مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ تورکیا، مەرجی سیـستەمی عەلمانی تورکیاو نەبوونی هەڕەشە و مەترسی ئیسلامی سیاسی بـوو لەسەر ئەو سیستەمە، هەربـۆیە پەکەکە لەکـاتی ئەو هەڵبژاردنـانەدا داوای لە کوردەکـان دەکـرد، دەنـگ بە حزبـی رەفـاە بـدەن، تـاکو زۆربــوونی دەنگەکــانی ئەو حــزبە ببێــتە هــۆی شــەرمەزاریی و دروستبوونی ڕەخـنە لەسـەر تورکیـا، پاشـان دروسـتبوونی گوشـاری زیاتری پەرلەمانی ئەوروپا لەسـەر تورکیـا، لەلایەک بـۆ چارەسـەری کێشەی کورد، لەلایەکـی تـر بـۆ ڕەوانـدنەوەی هەڕەشـەو مەترسـی لەسەر سیستەمی عەلمانی.

حزبــی رەفــاهی ئیــسلامی، لەو هەڵبژاردنـانەدا، دیماگۆکییـانە ئەم دەنگپێدانانەی کوردەکانی بۆ حیزبی ڕەفاە دەقۆستەوەو کاری زیـاتری تیـا دەکـرد، هەروەهـا سیاسـەتی جینۆسـایدی دەوڵەتـی تورکیـای لە نــاوچە کوردییەکانــدا و شکــستی حکــومەت و بێزاریــی خەڵکــی کوردستانی بەو ئاڕاستەیەدا دەبرد، کە حزبی رەفاهی ئیـسلامی وەڵام و چارەسەرە بۆ کێشەی کورد.

حزبی رەفاە چەندین هەنگـاو و جموجـۆڵ و کـرداری هەبـوو، کە لەگـەڵ سیـستەمی دیموکراسـی و عەلمـانی تورکیـادا نەدەگونجـا، بـۆ نموونە مادەی (24)ی دەستوور کە ڕێگری دەکات لە چالاکیی ئایینی، بە ئامــانجی گــۆڕینی سیــستەمی عەلمــانی تورکیــاو مــادەی (160)ی

دەستوور، کە هەر هەوڵدانێک بۆ گۆڕینی سیستەمی عەلمانی تورکیا بەتاوان لەقەڵەمدەدات، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم حزبە بەناوی (پرۆژەی برایەتی ئیسلامی)ەیەوە توانیبووی تارادەیەک کاربکاتە سەر ئاستی جەماوەریی پەکەکە، ناوەندی بڕیار و دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیا، لە روانگەی شەڕی تایبەتی دەوڵەتەوە لە دژی کورد و پەکەکە، ئەو حزبە و سەرۆکەکەیان بە پاسەوانی دڵسۆزی تورکیا دادەنا، لەم رووەوە (ماهر قیناق)ی سەرۆکی (دەزگای میت)ی پێشوو، لە لێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا، وتی؛ (رەفاە حزبێکی دڵسۆزە بۆ نیشتمانەکەی)، هەروەها سەرکردەی سوپای یەکەمی تورکیا لە ئەستانبوڵ وتی؛ (جاران دەمووت دەبێ ئەربەکان سەری لە لەشی جیابکرێتەوە، بەڵام ئێستا دەڵێم؛ دەبێت پێی ماچبکەین، چونکە دڵسۆزی تورکیایە)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە؛ (ژمارە 64ی رۆژنامەی یەکگرتوو کە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی دەریدەکات — وتاری تورکیا لەنێوان هەڵبژاردنی گشتی و کودەتای سەربازیدا – لە نووسینی عەبدولرەحمان سدیق).

بەشی دووەم

* نووسەر لە بڕگەیەکی تری وتارەکەیدا شانازی بەوەوە دەکات، کە زۆرینەی کوردەکان، لە دوایین هەڵبژاردندا، دەنگیان بە حزبی رەفاە داوە، بەڵام ئەم شانازیکردنە لە جێی خۆیدا نییە، دەبووا بەپێچەوانەوە بووایە، هەقبوو نووسەر بەکردار، سیاسەت و هەڵوێست و دید و بۆچوونی ئەو حزبەی لەسەر کێشەی کورد ڕوونبکردایەتەوە، چونکە ئەو حزبە:

1– بەناوی پرۆژەی برایەتیی ئیسلامی بۆ چارەسەری کێشەی کورد، توانیویەتی سوود و قازانجێکی زۆر بە بیری ڕەگەزپەرستی و

کەمالیستی بگەیەنێت، ئەویش بەهۆی ئەو پێگەو بنکەیەی لە کوردستانی تورکیادا پەیدایکردووەو بەهۆیەوە بیروهەستی نەتەوەیی لە مێشکی بەشێک لە کوردەکاندا سڕیوەتەوە، ئەگەر ئەمە گەورەترین خزمەت و دڵسۆزییەکی بەرچاو نەبێت بۆ بیری ڕەگەزپەرستی و کەمالیستی، ئەی دەبێ چی بێ؟

2- هەر بەناوی ئەو پرۆژەی برایەتی ئیسلامییەوە، بۆ چارەسەری کێشەی کورد، توانیویەتی زیان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە تورکیا بگەیەنێت و بەشێک لە هاوڵاتیانی کورد دابڕێت لەو بزووتنەوەیە و لە پەکەکە، هەروەها توانیبووی بەشێک لە لاوانی کورد، لە بری خەباتی نهێنی و پێشمەرگایەتی و خۆپیشاندان و خەباتی سیاسی بۆ بزووتنەوەکە، بخزێنێتە ناو خوێندنگا و بارەگاکانی حزبی رەفاه و بە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی پەروەردە و ئاراستەیان بکا، هەروەها لەگەڵ بوونی سیاسەتی دڕندانەی دەوڵەت بەرامبەر بە کورد و بانگەشەکردن بۆ پرۆژەی برایەتیی ئیسلامی، کەچی تاکو ئێستا حزبی رەفاه هیچ کاردنەوە و هەڵوێستێکی لە دژی حکومەت نەبووە، یان سەدان گوند خاپوورکران و خەڵکەکەی ئاوارەبوون، بارەگاکانی حزبی رەفاه، بەو دەوڵەمەندییەی، نەک هەر داڵدەو بەهانای ئاوارەکانەوە نەدەچوون، بەڵکو لە پەرلەمانیشدا هیچ هەڵوێستێکی داکۆکیکارییان لە دژی سیاسەتەکانی حکومەت نەبوو، ئەمە لەکاتێکدا کە حزبی رەفاه حزبێکی سیاسی یاساییە، بۆی هەیە خۆپیشاندانی ئاشتی بەڕێ بخات، حزبی رەفاه تاکو ئێستا بەرامبەر بە پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤی کورد هیچ خۆپیشاندانێکی ئاشتی بۆ داکۆکیکردن لە کورد ئەنجام نەداوە، ئەندام پەرلەمانەکانیشی، بە ئەندام پەرلەمانە کوردەکانیشیەوە، لە پەرلەماندا دەنگیاندا بۆ

درێـژەدان بە سیاسـەتی شـەڕ و حـاڵەتی نائاسـایی لە کوردسـتانی تورکیادا، لەوەش خراپتر ئەم حزبە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کـورد لە تورکیـا بە تیرۆریـست تاوانباردەکـات، کـاتی خۆشـی لە (12)ی تەممـوزی (1993)دا ئەو حـزبە لە بەنـدی شەشـەمی پێشنیازێکیاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی (خۆیـان وتەنـی) تیرۆریـستانی کورد، داوای پێکهێنانی هێز و سوپایەکی تایبەتیـان کـردووە لە دژی پ.ک.ک، هەروەها لە (12)ی تەمموزی هەمان ساڵیـشدا (شـەوکەت قازان)ی سەرۆکی فراکسیۆنی ئەو حیـزبە لە پەرمانـدا، لە ژمـارەی ڕۆژی (22)ی تەممـوزی سـاڵی (1993) ڕۆژنـامەی (زەمـان)دا، رایگەیاندووە کە حزبی ڕەفاە دژی وتنەوەی وانەی کـوردین و دژی کردنەوەی کەناڵی رادیۆو تەلەفزیۆنن بە زمـانی کـوردی، هەروەهـا جەختیکردووە لەسەر ئەوەی کە ئەو دوو مـافە کەلتـوورییە دەبـنە هـۆی پارچەپـارچەبوونی تورکیـا. بـۆ زانیـاری زیـاتر سـەبارەت بە هەڵوێـستی حزبـی ڕەفـاە، لەسـەر کێـشەی کـورد، بـڕوانە وتـاری؛ (حزبـی ڕەفـاە و کێـشەی کـورد لە تورکیـا، ڕۆژنـامەی کوردسـتانی نوێ، ژمارە (1213).

3- حزبی ڕەفاە، لە دوایین هەڵبژاردندا، بەهۆی پێگە و بنکەی لە شـارە کوردییەکانـدا، زۆریـنەی هاوڵاتیـانی کـوردی بە چەشـنێک چەواشەکردبوو کە دەنگ بۆ (هادیـپ) نەدەن، (هادیـپ) ئەو بەرەیە بوو کە نوێنەرە کوردەکانی تورکیای تیا کۆبووبـووەوە، حزبـی ڕەفـاە لەو هەڵبژاردنەدا توانی ڕێژەیەکی بەرچاو لە دەنگەکان لە کوردستانی تورکیـادا مـسۆگەربکا، ئەمە لەکاتێکـدا (هادیـپ) ڕێـژەی یاسـایی بەدەست نەهێنا تاکو نـوێنەری بچێـتە پەرلەمـانەوە. ئەگەر (هادیـپ) نوێنەری هەبووایە لە پەرلەمان، ئەوا دەیتوانی لە ململانێ و نـاکۆکی و مانۆری نێوان (تانسۆ چیللەر) و (مسعود یەڵمـاز)دا، بـۆ پێکهێنـانی

حکومەت، موزایەدەی سیاسی بۆ سەلماندنی چەند مافێکی نەتەوەیی، لەگەڵیاندا بکات.

4- حزبــی ڕەفــاه، دژی مــانەوەی بــنکەی ئەنجەرلــیکن، ئەو بــــنکەیەی کە نــــاوچە رزگارکراوەکــــانی کوردســــتانی عیــــراق دەپارێزرێت، لە دەســتدرێژییەکانی (ســەدام حــسێن)، ئەمە لەوەوە ســەرچاوەیگرتووە کە ئەو حــزبە، دکتــاتۆری عێــراق؛ بە دۆســتی خــۆی دەزانێــت، هەربــۆیە ئامــادەیی خــۆی بــۆ دەردەبڕێــت، بــۆ هاوکاریکردنی لە نەهێشتنی (خۆیـان وتەنـی) ئەو پاشـاگەردانییەی باکووری عیراق!!، بەکرداریش لە هەموو دەنگدانەکانی پەرلەمانـدا، بـۆ درێژکـردنەوەی مـاوەی مـانەوەی ئەو هێـزە نێودەوڵەتییـانەی بـنکەی ئەنجەرلیـک، دژی مـانەوەی بـنکەکە دەنگیانـداوە، خـودی (نەجمەدیــن ئەرباکــان)یــش لە هەڵمەتــی بانگەشــەی هەڵبژاردنــی پەرلەمانــدا رایگەیانــد، ئەگەر هەڵبژاردنیــان بــردەوەو حکومەتیــان پێکهێنا، ئەوا یەکەمـین کاریـان دەرپەڕانـدنی ئەو هێـزە بیانییـانەی بنکەی ئەنجەرلیک دەبێ!!!

* بــرای نووســەر لە بڕگەیەکــی تــردا گومانێــک دەردەبــڕێ لەســەر راستگۆیی حزبی رەفاه و لەم رووەوە دەڵێت؛ (ناوێرم و رێ بە خۆم نادەم بە رەهــایی حــوکمی چاکە و راســتی بەســەر رەفــاه و تەواوی هەڵوێــست و هەنگاوەکــانی و بەرنــامەی ئێــستا و ئایندەیــدا بــدەم و پاساوی هەڵەکانی بدەم)، من لێــرەدا داوا لە نووســەر دەکەم، تەمــی گومانەکەی بڕەوێنێتەوەو بوێرێت حوکم لەســەر خراپەکارییەکــانی ئەم حزبە بدات و چیدی پاکانە بۆ هەڵەکانی نەکات، هەرچەنــدە نووســەر لە هەمــان وتــاردا وێراویەتــی و رێــی بە خــۆی داوە کە بەرەهــایی حوکمی چاکە و راستی بەسەر حزبی (رەفاه) و هەڵوێست و هەنگـاو و بەرنامەکانیدا بدا.

هەر بۆ روونکردنەوەو خستنەسەری زیاتر و رەواندنەوەی گومان و تێگەیشتن لە پرۆژەکەی حزبی رەفاهی ئیسلامی، بەپێویستی دەزانم دوولایەنی تری ئەو پرۆژەیەی حزبی رەفاه هەڵبسەنگێنم و وەکو بەڵگەیەک بیخەمەڕوو، لە ناڕاستگۆیی و دیماگۆگییەتی ئەو حزبە لە پرۆژەکەیدا:

1- حزبی رەفاهی ئیسلامی، لە پرۆژەی برایەتیی ئیسلامییەوە دەڕوانێتە نەتەوەی کورد، ئەگەر برایەتیی ئیسلام لەنێوان مەزهەبەکانی خودی ئایینەکەدا پەیڕەونەکرێت، ئەی لەنێوان نەتەوەکاندا چۆن جێبەجێدەکرێت، ئەگەر ئەم حزبە نەتوانێت عەلەوییەکان بباتە ناو کاروانی ئەو پرۆژەیەوە، چۆن دەتوانێت پرانسیپی کارپێکراوی ئێستا، کە بریتییە لە براگەورەیی بۆ تورک و برا بچووکی بۆ کورد، هاوسەنگ بکات؟

یان پرسیارەکە بە شێوەیەکی تر، پرۆژەیەک برایەتیی مەزهەبەکان پەیڕەونەکات و شیعە و سووننە کۆنەکاتەوە، چۆن دەتوانێت نەتەوەکان بە پرانسیپی برایەتییەوە کۆبکاتەوە؟، یان پرۆژەیەک نەیتوانیبێت ناکۆکی و جیاوازی مەزهەب چارەسەربکات، چۆن چۆنی دەتوانێت جیاوازی و ناکۆکی نەتەوەیی چارەسەربکات؟

2- حزبی رەفاهی ئیسلامی، نەیتوانیوە لە پێشڕەوایەتیی کاروانەکەی ئەمڕۆیدا، بۆ پرۆژەی برایەتی ئیسلامی، کە (158) ئەندام پەرلەمانەکەیەتی، ڕەگەزی ژن بەشداری پێ بکات، واتە لە ناو خودی پرۆژەکەدا ژنی وەکو ڕەگەزێکی تەواوکەرو یەکسان بەرامبەر بە پیاو لێک نەداوەتەوەو دانەناوە، ئەمە لەکاتێکدا کە لە دامەزراندنییەوە ئەو حزبە بانگەشەی یەکسانی ژن و پیاو دەکات و ئەو یەکسانییەی کردووە بە کۆڵەکەیەکی پرۆژەکەی و بەشێکی پێکهاتەی جەماوەرەکەشی بە ژنان دەزانێت، کەچی یەک کورسی لە

پەرلەمانــدا بە ژن ڕەوانەبینیــیەوە، ئێــستا ئەو حــزبە یەک ئەنــدام پەرلەمانی ژنی نییە، پاسـاو و بیانووەکەشـیان ئەوەیە کە دەسـتووری تورکیا رێنادات ئەندام پەرلەمانی موحەجەبە لە پەرلەماندا هەبێـت، ئەم پاساوە لاوازە، چونکە حزبی رەفاە مەرجـی حیجـابی لەسـەر ژنە ئەندامەکانی دانەناوەو شـانازیش بەوەوە دەکـات کە هەزارەهـا ژنـی سـفوور و بــێ ســەرپۆش و قــاچ رووت لە ڕیزەکانیانــدا خۆیــان ڕێکخستووە، لەناویاندا مامۆستای زانکۆ، پزیشک، ئەندازیار، پارێزەر، ڕۆژنـامەنووس،... و هتـد، کە مـوحەجەبەش نـین و ئەنـدامی حزبـی رەفاهی ئیسلامین. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەی بـۆ حزبـی رەفـاە لەو ئەنــدامە ژنە ســفوورانەی دەستنیــشان نەکــرد بــۆ ئەنــدامێتی لە پەرلەمانــدا، کە ئەنـدامی حزبـی رەفـاهی ئیـسلامیین و لە هەمـان کاتیــشدا دەبــوونە ئەنـدامی پەرلەمــان، دەســتووریش رێگــری لــێ نەدەکردن، یان ئەو حزبە پێی گران و ستەمە ئەو مافە بە ژن بـدرێ و بڕوای پێی نییە؟

سـەیر لەوەدایە، نووسـەر هەمـوو هیوایەکیـشی بە حزبـی رەفـاە هەیە، بـۆ چەسـپاندنی دادپەروەریـی، ئەو نمـوونەیەش نمـوونەیەکی باڵای دادپەروەرییە لەنێوان ژن و پیاودا!!

* نووسەر لە بڕگەیەکی تردا بووختانێک بۆ حزبی رەفاە دەکـات و لەم ڕووەوە دەڵێت (بۆ یەکەم جار دروشمی تورکی شـاخی لە کـورد سریوەتەوەو دانی بەوەدا ناوە کە تـورک برایەکـی هەیە پێیـدەگوترێ کورد......... ئایـا ئێـستا کـام لەم حـزبە عەلمـانییە تورکەکـانی تورکیـا کوردی کـردۆتە بـرای تـورک، بگـرە دانـی بە هەبـوونی ئەو بـرایەدا ناوە؟)، کە دەڵێم بووختان، تکام وایە نووسەر دڵی لێم نەرەنجێـت و بە سـووکایەتیپێکردنی لێـک نەداتەوە، مەبەسـتم لە وشـەی بووختـان ئەوەیە هەڵوێستێک یان، سیفەتێک بدەیتە پاڵ کەسێک یان لایەنێـک، کە ئەو هەڵوێستەی نەبووبێ، یان هەڵگری ئەو سیفەتە نەبێت.

نووســـەر لە ســـەرەتای وتارەکەیـــدا، لە زاری خـــۆیەوە وای دەردەبــڕێ کە ترســی هەیە و رێ بە خــۆی نــادات بە رەهــایی حوکمبدات، کەچی بەپێچەوانەوە، لەسەرجەم وتارەکەیـدا، ئـازایی و نەترسیی بـاڵی کێـشاوە بەسـەر پێنووسـەکەیدا و جڵەویـشی بـۆ شلکردووە تـا بە ئـارەزوو و بە دڵـی خـۆی بنووسـێت، بەتـایبەت لەو بڕگەیەی سەرەوەدا.

پێشووتر باسی دیدو بۆچوون و هەڵوێست و کـردار و ڕۆڵ و کاریگەریی خراپی حزبی رەفـاهم کـرد لەسـەر کێـشەی کـورد و بــزووتنەوە رزگــاریخوازەکەی لە کـــــوردستانی تورکیــادا، بەڵام ئەو بـــڕگەیە نــــــاچارمدەکا ڕوونکـــردنەوەی زیــاتری لەســـەر بخەمەڕوو.

دەپرسم ئایا دیفاکتۆی کێشەی کـوردو گۆڕانکارییەکـان و هاوکێـشە سیاسـییە نوێکـانی قەیرانـی سیاسـیی و ئـابووری و کـۆمەلایەتی و کەلتـووریی تورکیـا و گۆڕانکـاریی لە هاوسـەنگی هێــز و فــشار و گووشارەکانی رۆژئاوا، کە هەرچەندە لە ئاستی پێویستیشدا نەبووبێت و بەدڵ و خواستی کورد نەبووبێت، ئەمانە دروشمی تـورکی شـاخ لە کورد دەسڕنەوە، یان دیماگۆکی و دەمامکەکانی سەر حزبـی رەفـاهی ئیسلامی؟

ئایـا لە دانیـشتنی پەرلەمانـدا نوێنەرەکـانی حزبـی رەفـاە، بە ئـــــــەندام پـــــــەرلەمانە کـــــوردەکانیـــــشیانەوە، داوای ســـڕینەوەی ئەم دروشــــمەیان کــــردووە؟، یــــان نــــوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی حزبی رەفاە لە شـارەوانییەکاندا، بەتـایبەت لە شــار و شــارۆچکەکانی کوردســتاندا، بەکــردار، چەنــد بەهــۆی دەســـەڵات و پـــلەی کارگێڕییـــانەوە، ئەو ســـڕینەوەیەیان جێبەجێکردووە؟.

سڕینەوەی ناسنامەی تورکی شاخ، هەر بە دروشم نابێت، بەڵکو سەلماندنی دەوێ بە کردار، بەکرداریکردنی سڕینەوەی ئەو دروشمی تورکی شاخە لە کورد، لای حزبی رەفاهی ئیسلامی، بریتییە لە دژایەتیکردنی کردنەوەی خوێندنگە و کەناڵی میدیایی بە زمانی کوردی، وەک پێشووتر ئاماژەم بۆ کرد!!.

بەکردار سەلماندنی سڕینەوەی دروشمی تورکی شاخ لە کورد، بریتییە لە یەکسان و هاوتاکردنی گەلی تورک و کورد لە سەرجەم مافە نەتەوەییەکاندا، حزبی رەفاه بەهۆی نفوز و دەسەڵاتەکانییەوە، بەتایبەتی لە شارەوانییەکاندا، توانیوویەتی (3000) فێرگەی قورئان و (350) خوێندنگەی ئایینی و (10) کۆلیژی ئیسلامی بکاتەوە، کە بەشی شێر، لەو فێرگە و خوێندنگە و کۆلیژانە بەر کوردستانی تورکیا کەوتووە، بەڵام ناتوانێت و رازیش نابێت خوێندن بکرێ بە زمانی کوردی، هەروەها ناشتوانێ بێدەنگ بێت لە بەکوردیکردنی زمانی خوێندن لە کوردستانی تورکیا، ئەگەر پیادەکرا.

دەسەڵاتی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان لە تورکیا، دەسەڵاتێکی پراکتیکییە، حزبی رەفاه توانیویەتی بەهۆی ئەو دەسەڵاتەوەو بەچاوپۆشی دەوڵەت، چەندین پێشێلکاریی دەستووریی و یاسایی و دیموکراسی بکات، کەچی نەیویستووە بەهۆی ئەو دەسەڵاتەوە بەکردار ئەو ناسنامەی تورکی شاخە لە کورد بسڕێتەوە.

حزبی رەفاه، لە دانیشتنەکانی خولی پێشووی پەرلەماندا، دژی دەستکاریکردنی دەستوور بوو، لەکاتێکدا ئەم دەستکاریکردنە مەرجی ئەندامێتی تورکیا بوو لە یەکێتی گومرگی ئەوروپادا و زیاتر ئامانجی دەستکاریکردنەکە بۆ ئەوە بوو کە بە رێگەی دەستووریی هەنگاوبنرێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە ئاشتی. دەزانن هەڵوێستی حزبە ڕەفا چی بوو، هەڵوێستی فراکسیۆنی حزبی رەفاه

له پەرلەماندا، بۆ تەعدیل لە دەستووردا، بریتیبوو لە دەنگدان لە دژی تەعدیلکردنی دەستوور، حزبی رەفاه لە بری ئەوەی داوای لابردن و هەڵوەشاندنەوەی ماددەی هەشتەم بکات، کە بە ماددەی قەڵاچۆکردنی تیرۆر ناوەبرێت، مادەی هەشتەم ئەو ماددەیەیە کە شەرعییەت دەدات بە پێشێلکردنی مافە نەتەوەییەکانی کوردو ناساندنی بە تورکی شاخ، هەروەها ئەو ماددەیەیە کە سەلماندنی مافی نەتەوەیی کورد و خەبات لەپێناویدا بە تیرۆر لەقەڵەمدەدات، کەچی هەوڵیدەدا بۆ گۆڕینی ماددەی بیستو چواری دەستوور، کە تایبەت بوو بە پاراستنی سیستەمی عەلمانی تورکیا.

* لەلایەکی تر، نووسەر لە بڕگەیەکی تری ئەو وتارەیدا زۆر بەبێ ئاگایی دەپرسێ، ئایا حزبێکی عەلمانی تورکی هەیە کە کوردی کردبێتە برای تورک، یان دانی بە بوونی ئەو برایەدا نابێت؟ (بەندە) لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێم چارەسەری کێشەی کورد روو لە ئاسۆیە و فەزڵەکەشی ناگەڕێتەوە بۆ هیچ لایەک، نە بۆ حزبی رەفاه، نە بۆ حزبە عەلمانییەکان، بەڵکو چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا خۆی خۆی دەسەپێنێت، بەڵام یەک راستیش هەیە کە نابێ نکۆڵیی لێ بکرێ و فەرامۆشبکرێ، ئەویش ئەوەیە کە دیدو جیهانبینی هەندێک لە سەرکردەو حزبی عەلمانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد، تارادەیەک روونتر و واقیعیترە، بە بەراورد لەگەڵ حزبی رەفاهدا، بۆ نموونە کۆچکردوو (تورکۆت ئۆزاڵ)ی سەرەک وەزیرانی پێشوو، یەکەمین سەرۆک وەزیران بوو کە بەرەسمی دانی نا بەبوونی نەتەوەی کورددا، ئێستاش هەوڵدەدرێ درێژە بەو رێبازەی (تورکۆت ئۆزاڵ) بدرێت لە سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا، هەروەها دەبێ ئەو ئیرادەیەش لەنێو عەقڵی سیاسیی تورکیادا دروستببێ، کە چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەکە بگیرێتەبەر، لەئێستادا

سەرۆک وەزیران و سەرۆکی حزبی نیشتمانیی دایک، (مەسعود یەلماز)، بڕیارو بەڵێنی داوە کە بیگرێتەبەر، لەم ڕووەوەوە لە یەکەمین مانگی پۆستی سەرۆک وەزیرانیدا چەند هەنگاوێکی سەرەتایی ناوە، لەوانە بەرەسمی ناساندنی جەژنی نەورۆز و هاندانی کوردەکان بۆ یادکردنەوەی، سەرەڕای بڕیاردان لەسەر چەند مافێکی کەلتووریی نەتەوەیی، لەوانە ڕێگەپێدان بە کردنەوەی خوێندنگە بە زمانی کوردی، هیوادارم کە حزبی رەفاە نەبێتە کۆسپ لەبەردەم جێبەجێبوونی ئەو بڕیارانەدا!!

*نووسەر لە بڕگەیەکی تردا دەڵێت؛ (بەبێ بوونی ئەم رەگەزە (دادپەروەریی — نیاز سەعید) با نەتەوە ئازادبێ، با فەرمانڕەوایانی وڵات کورد زمان بن، مەحاڵە برینەکان سارێژبن و ئاواتەکان بێنەدی، باشترین نموونەش ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ماوەی 5 ساڵی تەمەنیدا، کە دەبوو دوو حزبی دەسەڵاتدار هەوڵی پێشخستنی باری گوزەرانی جەماوەر و بوژاندنەوەی کەلتوور و ئەدەب و هونەری کوردو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بدەن).

نووسەر بە چەشنی بڕگەی پێشووتر، نەک هەر بە ڕەهایی حوکمی بەسەر مەسەلەکاندا داوە، بەڵکو تێکهەڵکێشیاندەکات و هەموو حاڵەتەکان، بێ رەچاوکردنی کۆسپ و پیلانەکان و گەمارۆ جیاجیاکان، تێکەڵاودەکا، لە وەڵامدا مەبەستم نییە کەموکوڕییەکانی حکومەتی هەرێم بپۆشم و داکۆکی کوێرانەی لێ بکەم، بەڵکو مەبەستمە هەڵەیەک بۆ نووسەر راستبکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە هێشتا کوردستانی عێراق، بەتەواویی ئازادنەبووە و گەلی کورد لەم پارچەیەدا نەبۆتە خاوەنی دەوڵەت، کەچی نووسەر وەک ئەوەی کە کوردی عێراق خاوەنی دەوڵەت بێت و بەتەواویی گەیشتبێتە کەناری ئارام، بێ ڕەچاوکردنی چەندین ئابڵوقەی ئابووریی و دەستتێوەردان و

پیلانــی دەرەکــی و گرفــت و قەیــرانە ئــابووری و سیاســییەکان و شەڕەکانی ناوخۆو چەندین قەیران و گیروگرفتی تر، وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ حوکم بەسەر حکومەتی هەرێمدا دەدات. ئەم دوو حاڵەتە زۆر جیاوازن، ئەو (5) ساڵەی کە نووسەر باسیدەکات، حکومەتی هەرێــــم بە قۆنـــاغێکی زۆر ســـەخت و دژواری ئینتیقــــالی و چارەنووســــسازدا تێــــپەڕی و هەمـــووانیش لێـــی بەئاگــــاین، کەموکوڕییەکانیش کە هەن، زۆرینەیان دەرهاویشتەی ئەو قۆناغەن، ئەو دادپەروەریــیەی کە نووســـەر باســیدەکات، لە دوای رزگــاریی نیــشتمانی و چەســپاندنی ئاشــتی و بەرقەراربــوونی ئاســایش و کۆتاییهــاتنی شــەڕی نــاوخۆ و چەســپاندنی سیــستەمی یاســایی و دیموکراسی و نەمانی گەمارۆ ئابووریيە جۆراوجۆرەکان و گەڕانەوەی داهاتەکــان و بەگەڕکەوتــنەوەی کارگەکــان و وەبەرهێنــانی ســامانی کانزایی و سروشتی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان، بەتەواوەتی دێتەدی. هەروەها ڕاستییەک هەیە کە دەبێ بیزانین، ئەویش ئەوەیە کە لە خەبــاتی نەتەوەیــی و تەنــانەت کــاری دەوڵەتــی و حزبــی و سیاســـــییدا، ئەولەویـــــیەت دەدرێ بە مەســــــەلە ســـــتراتیژیی و چارەنووسسازەکان و هەموو تواناکانی دەخرێتە خزمەتەوە، هەربۆیە لەئێستادا دەبێ ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتی، بریتیبێ لە نەهێشتنی هەڕەشــە و مەترســی لەســەر ئەم ئەزمــوونە و خەبــاتکردن بــۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتری نیشتمانی و نەتەوەیی و پاراستنی دەستکەوتەکانی ئێستا و گەشەپێدانی، هەمووانیش هاوچارەنووسین لەگەڵ ئەم واقیع و ڕەوشەدا، لەگەڵ چارەسەرکردنی هەموو کەموکوڕییەکانیشدا دەبێ هەر دادپەروەریی بچەسپێنین و خەبات لە پێناویدا بکەیــن، چــاو لە کەموکوڕییەکــانی ئێــستاش نەپۆشــین و چارەسەریشیان بکەین.

* نووسەر لە بڕگەیەکی تردا هاتووە، قەوارەی نەتەوەیی دزێودەکات و لەم ڕووەوە دەڵێت؛ (بەڵام ناواقیعیەتی هەندێک لە نووسەرانی نەتەوەگەریی لەوەدایە، حیساب بۆ واقیعی لەبەرچاوی ئێرەو زۆر ناوچەو وڵاتی دی ناکەن، کە چۆن نەتەوەو قەوارەی نەتەوەیی نەیتوانیوە ڕێ لە شەڕو کوشتارو زوڵم و زۆر بگرێ).

بەشی سێیەم

جارێکی تر پێم سەیرە نووسەر کەوتۆتەوە هەڵەی شوبهاندنی واقیعی دوای ڕاپەڕین بە دەوڵەت و قەوارەی نەتەوەیی و بەو پێوانەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بە ئەنقەست و بەناواقیعیی، بەحوکمێکی ڕەهایی تەمومژەوە، مەسەلەکان تێکهەڵکێشدەکات. بۆ بەرچاوڕوونیی نووسەر دەڵێم، ئەو شەڕانەی لە کوردستاندا ڕوویانداوە، بەشێکیان شەڕی ڕزگاریی و شەڕی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیین لە دژی ڕژێمی داگیرکەری عیراق و بەشێکیشیان شەڕی ناوخۆن، ئەستەمە لە شەڕی ناوخۆدا شەڕی بەرگری ڕەوانەبێت، هەروەها بێویژدانیشە فاکتەرەکانی شەڕی ناوخۆ حسابیان بۆ نەکرێت و تەڕو وشکیش یەک حوکمیان بەسەردا بدرێت و لێک جیانەکرێنەوە.

لە جیهانیشدا، بەشێک لەو شەڕ و کووشتارانە کە نووسەر ئاماژەی بە یەک دانەیان نەکردووە، هەندێکیان شەڕی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی و شەڕی بەدیهێنانی مافی چارەنووسی نەتەوەیەکی داگیرکراوە لە دژی نەتەوەیەکی تری داگیرکەر و باڵادەست، بەشێکی تریشیان لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا بریتین لە شەڕی ناوخۆ، هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لایەنێکی سەرەکیی ئەو شەڕانەن، لە حاڵەتێکی وەکو ئەفغانستانیشدا هەموو لایەنە بەشەڕهاتووەکان لە دژی یەکتریی، بریتین لە حزبی ئیسلامی سیاسی.

ڕەنگە نووسەر مەبەستی بێ بە ناڕاستەوخۆیی بڵێت، قەوارەی نەتەوەیی هۆکاری هەڵایسانی جەنگ و کوشتارو نادادپەروەرییە و دەبێ ئەلتەرناتیڤەکەی بریتیبێ لە پرۆژەی برایەتیی ئیسلامی. من لێرەدا لە نووسەر دەپرسم، بە کامە پرۆژەی برایەتیی ئیسلامی شەڕی ناوخۆی نێوان لایەنە ئیسلامی سیاسییەکانی ئەفغانستان کۆتایی پێ دێت؟، میکانیزمەی ئەو پرۆژەیە چۆنە کە هەموو لایەنەکان بکاتەوە بە برا؟، بۆ تاکو ئێستا ئەو پرۆژەیە نەهاتووەتە دی و کەی دێتەدی؟!، یان بۆ سبەینێی دوای رووخانی سەددام حسێن، کامە پرۆژەی برایەتی ئیسلامی دەبێتە چارەسەر بۆ هاوسەنگیی نەتەوەکانی ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عیراق، بە جیاوازیی ئایینی و لە هەمووی کۆسپتر، جیاوازی نێوان مەزهەبی شیعە و سوونەنە؟، دەپرسم ئایا ئیسلامی سیاسی، بە ناوی جێبەجێکردنی پرۆژەی برایەتی و دادپەروەریی ئیسلامییەوە، نەبوونەتە لایەنێکی سەرەکیی شەڕی ناوخۆ لە هەندێ وڵاتدا، یان بەرنەبوونەتە گیانی یەکتری وەک لە ئەفغانستاندا؟!.

ئەی ئایا لەو ساتەوەختەوەی ئایین تێکەڵاوی سیاسەت کراوەو بووە بە هۆکارێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ئەو هەموو جیاوازییە لە مەزهەب و ئیجتیهاد و شێوەی حوکم و قایل نەبوون بە ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتی یەکتری و شەڕە ناوخۆییەکانی مێژووی سەدان ساڵەی ناو دەسەڵاتە ئیسلامییەکان و لەسەرەتاکانیشدا تیرۆرکردنی سێ خەلیفەی راشدیی، هەر لەپێناوی جڵەوی دەسەڵاتدا نەبووە، بەناوی ئەو پرۆژەی برایەتی و دادپەروەرییەوە؟

ئەی بۆ لە قۆناغەکانی پێشوودا، ئەو پرۆژەی برایەتیی ئیسلامییەی خەلافەتی تورکە عوسمانییەکان، کە ئەمڕۆ حزبی رەفاە دەیەوێت

زیندوویبکاتەوە و بیبووژێنێتەوە، نەیتوانیبوو سەرجەم گەلانی ئیسلام کۆبکاتەوەو برایەتی و دادپەروەریی تیا پەیڕەوبکات؟، لە تەنیشتیەوە دەوڵەتێکی تری شیعە مەزهەب، بەناوی دەوڵەتی سەفەویی، حوکمیدەکردو پرۆژەی برایەتییە ئیسلامییەکەی نێوانیان ببوو بە پرۆژەی تینوو بە خوێنی یەکتر، هەربۆیە شەڕ لەنێوانیاندا، بەفراوانی هەڵایساوەو خوێنێکی زۆری یەکتریان ڕژاندووە!.

من هەر لە نووسەر دەپرسم، ئایا ئارامترین و بێ ئاشووب و بێ ئاژاوەترین قەوارە، ئەو قەوارانە نین کە ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییان تیادا نییە و نەتەوەکان سەربەخۆ و ئازادن و ئازادیش بۆ ئایین مەیسەربووە؟، بە بەراوورد دەتوانین بڵێین دادپەروەریی، زیاتر لە قەوارە نەتەوەییە شارستانی و دیموکراسیی و عەلمانییەکاندا جێبەجێکراوە، نەک لە دەسەڵاتە ئایینییەکاندا.

نووسەر تەنها نموونەیەک کە شانازی پێوە دەکات، ئاخ و داخ بۆ لەناوچوونی هەڵدەکێشێت و هیوای بە ژیاندنەوەو زیندووبوونەوەی هەیە، لەسەر دەستی حزبی ڕەفاە، بریتییە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. نووسەر ئەو ئیمپراتۆرییەتە، کە بە پیاوە نەخۆشەکە ناسرابوو، بە جێبەجێکەری ڕاستەقینەی پرۆژەی برایەتیی ئیسلامی لەناو گەلاندا دادەنێت، لەولاوە تانەوتەشەریش لە قەوارەی نەتەوەیی دەدات و بە هۆکاری هەڵایسانی شەڕو کوشتاری دادەنێت، ئەی نووسەر چۆن دەتوانێ، ئەو هەموو شەڕو کوشتارو پەلامارداناەی ئەو ئیمپراتۆرییەتە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی سەفەویی شیعەو ئیمپراتۆرییەتی ڕووسی و هێزە ئەوروپاییەکانی تر و بەشداریکردن لە جەنگی جیهانی یەکەم و دۆڕاندنی جەنگەکە هەڵبسەنگێنێ؟، سەرەڕای چەندین شەڕی ناوخۆ، لەناو چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەتەکەدا، لە نموونەی کووشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەن،

ڕووبەڕووبـــوونەوەی بـــزووتنەوەی وەهابییەکـــان، ســـەرکووتکردنی خەبـاتی نەتەوەیـی گەلـی کـورد و پەلامـاردانی میرنـشینە کـوردییە سەربەخۆکان و یاخیبوونی شەریف حسێن، لە حیجـاز، لە دەسـەڵاتی خەلافەتی عوسمانی؟!.

* نووســەر لە بڕگەیەکــی تــردا دەڵێــت؛ (تــا برایەتــی بەســەر پەیوەندیی نەتەوەکانی ئەم ناوچەیەدا زاڵبووە کـورد وەکـو نەتەوەو لەبەر کوردێتی نەچەوسێنراوەتەوە) و لە بڕگەیەکی تریـشدا دەڵێـت (کـورد لە چوارچێـوەی خەلافەتـی عوسـمانیدا چەنـدین میرنـشینی ســـەربەخۆی هەبـــووە) و لە پاشـــانیش دەڵێـــت (هەر پـــاش هەڵوەشـاندنەوەی زۆرەملێـی خەلافەتـیش شۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پیـران لە کوردسـتانی تورکیـا هەڵگیرسـا بـۆ گێـڕانەوەی خەلافەت)، زۆر جێـی سەرسـووڕمان و گومـانە، نووسـەر تۆمـاری مێژوویـی بە دڵی خۆی بگێڕێتەوە، بەویـست و بە ئـارەزووی خـۆی لە خزمەتـی ڕێبازە ئایـدیۆلۆژییەکەی خۆیـدا، ڕووداو و تۆمـار و راسـتییەکان بە ئـاوەژوویی بگێـڕێتەوە، پـێچەوانەی ئەو راو بۆچوونـانەی نووسـەر، مێژوو دەڵێت:

1- یەکەمجــار کە کــورد داگیــرو دابەشــکرا، لە دوای شــەڕی چاڵــدێرانی نێــوان ئیمپراتــۆرییەتی ئیــسلامی عوســمانی ســووننە مەزهەب و دەوڵەتی ئیـسلامی سـەفەویی شـیعە مەزهەبـدا بـوو، ئەویـــش لە ســـاڵی (1514) دا، واتە داگیرکردنـــی کوردســـتان و دابەشـــــکردنەکەی بە ســـــەرەتای ئەو پـــــرۆژەی بـــــرایەتییەیە لەقەڵەمـــــــدەدرێ کە عوســـــــمانییەکان و ســـــــەفەوییەکان جێبەجێیانکردووەو نووسەر شایەتی بۆ دەدات!!

2- بەگوێرەی پەیماننامەی زەهـاو، لەسـاڵی (1639)دا، لەنێـوان ئیمپراتـۆرییەتی عوسـمانی و دەوڵەتـی سـەفەوییدا، ڕێککەوتـن

ئەنجامـدراوەو تیایـدا بڕیـاردراوە ئەو میرنـشینە کـوردانەی کە بە سەربەخۆیی ماونەتەوە، نەهێڵرێن و دابەشبکرێن لەنێوانیاندا.

3- (مەلەک ئەحـمەد پاشـا)ی والـی عوسـمانییەکان، لە بـاکووری کوردستان، لە ساڵی (1638) و (1655)دا، هێرشـیکردە سـەر کـوردە ئێزدییەکان و کوردەکانی ناوچەی وان و کوشتارێکی گەورەی لێکردن.

4- راپەڕینێک بە رابەرایەتـی (یەزدان شـێر)، لە سـاڵی (1854)دا، لە دژی جەور و ستەمی عوسمانییەکان بەرپاکرا.

5- (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریـی)، لە سـاڵی (1880 - 1881)دا، هێزێکــی ســوپای لە رۆژهەڵاتــی کوردســتانەوە رێکخــست، بــۆ ئامــانجی یەکگــرتنەوەو ســەربەخۆیی کــورد، لە دژی هەردوو دەوڵەتی سەفەویی و عوسمانیی، کە کوردستانیان داگیـر و دابەش کردبوو.

6- سـاڵی (1914)، لە نـاوچەی بەدلـیس، راپەڕینێـک بەرپـاکرا، بەسـەرکردایەتی (مەلاسـە لیمـی خێزانـی)، لەم ڕاپەڕینەدا سـەربازە کوردەکـانی ئیمپراتـۆرییەتی عوسـمانی پەیوەنـدییان بەو راپەڕینەوە کرد، سەرەنجام شاری بەدلیس ئابڵۆقەدراو عوسمانییەکان کوشـتارێکی خوێناوییان تیا ئەنجامـدا و لەسـەر شـەقامەکانی شار (مەلا سـەلیمی خێزانی) و هاوەڵەکانییان لەسێدارەدا.

7- کورد خاوەنی چەندین میرنـشینی سـەربەخۆ بـووە، ئەمە نەک منەتی عوسـمانییەکان نەبـوو، بەڵکـو عوسـمانییەکان نەیانهێـشتوون و داگیریـانکردوون، میرنــشینی سـۆران یەکـێکە لەو میرنــشینانەی بە لەشکرکێـشی عوسـمانییەکان و فەتـوایەکی (مەلای خەتـێ) لەنـاوبرا، میرنـشینی بۆتـان و میرنـشینی بادینـان و میرنـشینی بابـانیش، سـێ نمــوونەی تــرن کە بە لەشکرکێــشی عوســمانییەکان لەنــاوبراون و داگیرکراون.

8- شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیران) لە تورکیـا، بـۆ سـەندنی مـافی نەتەوەیـــی بـــوو، نەک بـــۆ گێــڕانەوەی سیـــستەمی خەلافەت، بەڵگەنامەکانی تورکیا و بەریتانیا و عێراق و (جەواهیـر لال نەهـرۆ)و (تـۆینبی)ی مێژوونـووس و چەنـدین مێژوونووسـی تـر، شـایەتی بـۆ ئاراستە و رووخساری نەتەوەیی ئەو شۆڕشە دەدەن، چونکە رابەرانی ئەو شۆڕشـــە لە دیـــاربەکر، کە چـــوونە بەردەم پەتـــی ســـێدارە، هاواریانکرد (یاشاسن کوردستان)، واتە بژی کوردستان، نەک (یاشاسـن خەلیفە). بۆ زانیاری زیـاتر بگەڕێـرەوە بـۆ بەشـی دووەمـی وتـارێکی (دکتـۆر کەمـال مەزهەر ئەحـمەد)، لە ژمـارە (374) ی رۆژنـامەی (پاشـکۆی عیـراق)دا، بەناوونیـشانی (نـامەیەکی زانـستی و چەنـد سەرنجێکی زانستی تر).

ئەم بووختـانە بـۆ ئەو شۆڕشـە، کـاتی خۆشـی لەلایەن (کەمـال ئەتـاتورک)ەوە هەڵبەســترا، ئەویــش بەمەبەســتی بەدەســتهێنانی پشتگیریی یەکێتی شۆرەویی و بەریتانیا و فەرەنـسا و بێـدەنگکردنیان لەو کووشتارگەیەی کە بەسەر کوردا هێنای.

ئەو خـاڵانەی ســەرەوە، بـێجگە لە دوایــین خـاڵ، مــشتێکن لە خەروارێک و بەڵگەی سەلمێنەرن بۆ ئەوەی کە هەرگیز عوسمانییەکان مامەڵەی برایەتییان لەگەڵ کورددا پەیڕەونەکـردووە، ئەگەر کـوردیش وەکو نەتەوە و لەبەر کوردبوونی نەچەوسـێندرابێتەوە، ئەوا چەنـدین راپەڕیـــن و شـــۆڕش و خەبـــاتی چەکـــداریی نەتەوەیـــی لە دژی ئیمپراتـۆرییەتی عوسـمانی بەرپـانەدەکرد. هەربـۆیە پـێچەوانەی ئەو بۆچـــوونەی نووســـەر کە دەڵێـــت؛ (تـا برایەتـی بەسـەر پەیوەنـدی نەتەوەکـانی ئەم نـاوچەیەدا زاڵ بـووە...)، دەبـێ نووسـەر دڵنیابێـت خەبـاتی نەتەوەیـــی نەتەوەکـــان، لە چوارچێـــوەی ئیمپراتـــۆرییەتی عوســـمانیدا، ئەو ئیمپراتۆرییەتەیـــان لاوازکـــردو بەرووخانـــدنیان دا،

مێژوونووسی ئازەربایجانی (حەمید عەلەییڤ) لەم ڕووەوە دەڵێ؛ (بێ زیادەڕۆیی، دەتوانین بڵێین کە خەباتی نەتەوەیی نەتەوە چەوساوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بوو بەهۆی رووخانی ئیمپراتۆرییەتەکە) بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێرەوە بۆ کتێبی؛ (کردستان خلال سنوات الحرب العالمية الأولى، د.كمال مظهر احمد).

* نووسەر لە بڕگەیەکی تردا دەڵێ؛ (دەگونجێ دوو نەتەوە یان زیاتر پێکەوە بژین، یەکێکیان دەسەڵاتدار بێت یاخود بە هاوبەشی دەسەڵات بەڕێوە ببەن و... دیاردەی زوڵمیش سیفەتێکی خۆڕسک و سروشتی نەبێ لە پێکهاتەی هیچ نەتەوەیەکدا کە نیشە)، مەبەستی نووسەر بۆ ئەو گونجاندنە، پرۆژەی برایەتی ئیسلامی حزبی رەفاهی ئیسلامییە، لە ئەزموونەکانی مێژوودا، لە دوورەکەیانەوە تا نزیکەکەیان، نموونەیەک نییە لە جێبەجێکردنی برایەتیی راستەقینە، ئەوەی هەبووە بە کردار، ئەوەیە کە ئایینی ئیسلام کراوە بە هۆکارێک بۆ بوون بە خاوەنی ئیمپراتۆرییەت و دەوڵەت و پەیداکردنی دەسەڵات و نفوز و دروستکردنی قەوارەو زاڵکردنی نەریت و کەلتوور و کەلەپووری نەتەوەی باڵادەست بەسەر نەتەوەکانی تردا، کە نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی بەناوی ئایینی ئیسلامەوە، لەلایەن نەتەوەی ترەوە، داگیرکراوەو چەوسێندراوەتەوە.

* نووسەر لەکۆتایی ئەو بڕگەیەدا، پاکانە بۆ ئەو زوڵم و زۆرانە دەکات، کە لەلایەن نەتەوەیەکەوە، نەتەوەیەکی تری پێ دەچەوسێنرێتەوەو زۆر بەراشکاوانەش دەڵێت، دیاردەی زوڵم لە پێکهاتەی هیچ نەتەوەیەکدا نییە، هەموو ئەو پاساودانانەشی تەنها بۆ داکۆکیکردن و پشتیوانیکردنی پرۆژەی برایەتیی حزبی ڕەفاهە!

نەتەوەی تـورک، کە لە خەلافەتـی عوسـمانییەکاندا باڵادەسـتبوون، هەروەها نەتەوەی تورک لەم جارەیاندا بەهۆی گریمانەی باڵادەسـتیی حزبی رەفاهی ئیسلامییەوە، بەگوێرەی ئەو حوکمە رەهایەی نووسەر، لە پێکهاتەیاندا بەهیچ شـێوەیەک، زوڵـم و زۆریـان نەبـووەو نابێـت، بەڵام بەگـوێرەی بڕگەیەکـی پێـشووتری نووسـەر، نەتەوەی کـورد و حکومەتی نەتەوەگەرییانەی هەرێم زوڵم و زۆریان هەبووە و دەبێت!

* نووســەر هەر فریــای داکــۆکیکردن و هێنــانەوەی پاســاو بــۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەکەوێت، سەرنجبدەن لەم بڕگەیەدا، چـۆن داکۆکییان لێدەکا و پاساویان بۆ دەهێنێتەوە، نووسەر دەڵێ: (گەلانـی موسوڵمان وەلایان بۆ خەلافەتی تورکە عوسـمانییەکانیش بـووە... خـۆ ئەگەر لێرە و لەوێ زوڵمیش کرابێ وەک لادان سەیرکراوە).

ئەم دانپیـانەی نووســەر بە هەبـوونی زوڵـم، بەمانـای نەبـوونی دادپەروەریی دێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، لە دیدی نووسـەردا ئەو زوڵم و نـادادپەروەرییە بـۆ نەتەوەی تـورک بەلادان لەقەڵەمـدەدرێ، بەڵام بــۆ ئەم قۆنــاغە ســەخت ودژوارەی نەتەوەکەمــان، نووســەر دادپەروەریی کردووە بە کراسەکەی عوسمان، لە حکومەتی هەرێم.

لە وەڵامی بڕگەکانی پێشوو، ناچاربووم چەنـدین نمـوونە و بەڵـگە لەسەر جەور و ستەمی عوسمانییەکان بخەمەڕوو، لێرەدا نمـوونەیەکی تری بـۆ زیـاددەکەم، کە دڵنیـام نووسـەر وەکـو لادان تێیـدەڕوانێت، ئەویـــــش ئەوەیە کە (ســــــوڵتان ســــــەلیمی یەکەم)ی خەلــــیفەی ئیمپراتـۆرییەتی عوسـمانی کودێتـایەکی بەسـەر (بایەزیـدی یەکەم)ی باوکی خۆیدا کردو فەرمانی لەسێدارەدانی بـۆ هەمـوو براکـانی خـۆی دەرکردو کووشتارێکی دەیان هەزار کەسی بەسـەر خەڵکـی بێتاوانـدا، لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا، ئەنجامـدا و بەهـۆیەوە ئەم سـوڵتانە نـاونرا (یـاوز)، واتە تـۆقێنەر. مـن لە نووسـەر دەپرسـم؛ ئایـا ئەو سـوڵتانە

تۆقێنەرە توانیبـووی دادپەروەریـی بچەسـپێنێت؟، بـۆ زانیـاریی زیـاتر بڕوانە؛ (هەمان وتاری پێشووتری دکتۆر کەمـال مەزهەر ئەحـمەد، لە رۆژنامەی پاشکۆی عێراقدا).

* نووسـەر لەکۆتـایی وتارەکەیـدا دەڵـێ؛ (بەرزکـردنەوەی ئەو دروشمە لەلایەن (رەفـاه)ەوە خـۆی لە خۆیـدا بەڵـگەیەکە لەسـەر ئەوە کە (رەفاه) تێروانینی شۆڤێنیزمیانەی نیـیە و تـورک و کـورد بەبـرا دادەنـێ، ئەوەنـدەی ئاگـاداربم بـرا عەرەبە ئیـسلامیخوازە سـوننییەکانیش هەمـان تێڕوانینیـان هەیە). ئەم داڕشـتنە پەخـشان ئـامێزییەی نووسـەر، نووسـینەکەی منیـشی پەلوپـۆپێهاویـشت، پێچەوانەی حوکمە رەفـاهیی و رەهاییەکـانی نووسـەر، ناچـاربووم نمـوونە و بەڵـگەی سـەلمێنەر بـخەمەڕوو، حزبـی رەفـاه و پـرۆژەکەیم نرخانـد، بـۆ هەڵوێـستی بـرا عەرەبە ئیـسلامیخوازە سـوونە مەزهەبەکـانی ئەو نووسـەرە بەڕێـزە، دوو نمـوونە دەهێنمەوە لەسەر هەڵوێستی برایەتییان بۆ کورد:

1- سعودییە وەکو ناوەندێکی سەرەکی ئیـسلامی سیاسـی سـوونە مەزهەب، کە هەوڵـدەدا بە هـۆی رێکخـراوە خێرخـوازە ئیسلامییەکانەوە نفوز بۆ خۆی پەیدابکا، لە دژی نفوزو پێگەی ئێران، لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، نەوەک بۆ ئامانجی برایەتیی ئیـسلامی، تـاکو ئێستا لە بەرامبەر هەمـوو ئەو چەوسـاندنەوەو پێـشێلکردنانەی مـافی مرۆڤی کورد هـیچ هەڵوێـستێکی داکۆکیکـارانەی لە نەتەوەی کـوردی بـرای موسـوڵمان نەبـووە، بەڵکـو جبەخـانەو چەکـی کیمیـاویی و تەکنەلۆژیای سەربازیی رژێمی داگیرکەری عیراق، کە کوردسـتانی پـێ کیمیاباران و کاول و ئەنفال دەکرا، بڕێکی زۆری بوودجەکەی لەلایەن دەوڵەتی سعودیەوە دەبەخشرا بە ڕژێمی دیکتـاتۆریی عێـراق، وەکـو هاونەتەوەی خۆی!

لەم دواییانەشدا کە (شاحسێن)ی پاشای ئوردن، پرۆژەی فیدراڵی بۆ عێراق پێشنیارکرد بۆ هەرسێ پێکهاتەی کورد و عەرەبی سوونە و عەرەبی شیعە، سەرانی سعودییە بانگهێشتی (شاحسێن)یان کرد بۆ سعودییەو داوایان لێ کرد کە چیدی ئەو پرۆژەیە نەورووژێنێت و لێی پاشگەزببێتەوە، چونکە دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوونی عێراق. شایەنی باسە (جۆرج بۆش)ی سەرۆکی ئەمریکا، لە کاتی راپەڕینی خەڵکی باشووری عیراق و کوردستان، لەسەر داوای (شا فەهد عەبدولعەزیز)ی پاشای سعودییە، کە یەکێک بوو لەوانەی نیگەرانیی خۆی لە داهاتووی عێراق بۆ (جۆرج بۆش) دەربڕیبوو، بەهۆی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە داوای لە (جۆرج بۆش) کردبوو کە جەنگەکە رابگرێ و تیشکی سەوز بۆ (سەدام حسێن) هەڵبکا بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینەکان و داگیرکردنەوەی ناوچە رزگارکراوەکان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی تاکو ئێستا لە هیچ لێدوانێکی رەسمیدا، حکومەتی سعودییە، پشتیوانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەرنەبڕیووە، نەک هەرئەوە، بەڵکو لەپشت پەردەوە کاریشی لە دژ کردووە.

2- نموونەیەکی تر لەسەر ئیسلامیخوازە سوونە مەزهەبەکان، ئەویش ئەوەیە کە ئاماژە بۆ بەیاننامەیەکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئیخوان موسلمین دەکەم، کە لە ژمارە (69) ی ڕۆژی (1991/4/29)ی گۆڤاری (قچایا دولیە)دا بڵاوکراوەتەوەو ژمارە (2) ی ساڵی پێنجەمی (1992)ی گۆڤاری (ئاڵای ئیسلام)یش، لە لاپەڕە (32)یدا، چەند برگەیەکی لێ بڵاوکردۆتەوەو تایبەتە بە هەڵوێستی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمین، لەسەر راپەڕینی ساڵی 1991ی کوردستان. بۆ زانیاری خوێنەران، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین ئەو ناوەندەیە لە ئیسلامی سیاسی کە لقی لە دەیان وڵات و ناوچەی

جیاجیـادا هەیە و ڕێکخراوێکـی سـوونە مەزهەبە و زۆربەی حـزبە ئیسلامی سیاسییەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی پابەنـدن پێـوەی و سـەر بەو ناوەنـدەن، لە بەیاننامەکەیانـدا هـاتووە؛ (لە روانـگەی هەژموونی دەسەڵاتی ئەمریکاوە لە ناوچەکەدا، هانی گەلی بـاکوور و باشـووری عیـراق درا بـۆ بەرپـاکردنی بـزووتنەوەی جوداخـوازی لە لاشەی عیراق)، هەروەها لە بڕگەیەکی تردا هاتووە؛ (لەبەرئەوە ئێمە ئاگادارتاندەکەینەوە کە ئەو دیمەنە دووبارەنەبێتەوەو ئێمەش نەفرەت لە هەموو بزووتنەوەیەکی جوداخوازی نەتەوەیی دەکەین)، دەتـوانین بڵێـین ڕێکخـراوی نێـودەوڵەتی ئیخـوان موسـلمین لەم بەیاننـامەیەدا جەخت لەسەر سێ خـاڵی سـەرەکی دەکـاتەوە، خـاڵە سـەرەکییەکان بریتین لە:

1- راپەڕینـی کوردسـتانی عیـراق پیلانـێکە بـۆ پارچەپـارچەکردنی عێراق.

2- هەڕەشەدەکات کە ئەو جۆرە کارانە (ڕاپەڕین) قبـوڵ ناکـات و بێ هەڵوێست نابێت لەبەرامبەریان.

3- نەفـرەت لە گەیـشتن بە مـافی چـارەنووس و سـەربەخۆیی و رزگـاری کـورد دەکـا و ڕەتیـدەکاتەوە، خۆیـان وتەنـی ئیـستنکاری دەکەن!!

لەکۆتایدا خوازیارم کە کاک (عـومەر عەلـی سیمانی) لێکـدانەوەی هەڵە بـۆ ئەم وەڵامەی (بەنـدە) لەسـەر وتـارەکەی نەکـا، ئەگەر وەڵامیشیدامەوە، تکام وایە نموونە و بەڵگەی سـەلمێنەر بـۆ راسـتیی بیـروڕا و بۆچوونەکـانی بخـاتەڕوو، رەچـاوی ئەوەش بکـات کە ناوەرۆکی نووسین دەبێ بە ڕێبـازێکی لـۆژیکی و بـابەتی و واقیعیـی دابڕێژرێت، نەک لەسەر بنەمای هاوسۆزی و دەمارگیریی!!.



شا حسێن



تۆینبی



نەهرۆ




فەزای دینی لە باکوور زەمینە بوو بۆ حزبی رەفاهی ئیسلامی



شەوکەت قازان



ماهر قیناق



ئەریەکان



بانگەواز بۆ ئاین لە کاریگەری سیاسەت دوور نییە

## فەسڵی پێنجەم

# بینینی ئاینده
# له روانگەی رابردووەوه!

ئەم وتاره وەڵامدانەوەیەکە لە شێوەی (تعقیب) بۆ (وتار)ی پرۆژەی ((برایەتی ئیسلامی) لە نێوان (....!!) و واقعیەتدا)) کە برای نووسەر (عمر علی سیمانی) وەک (تعقیب) لەسەر مێزگردێکی کوردستانی نوێ لە ژمارە (1242) بڵاوی کردۆتەوە.

**نووسینی: ڕێناس صمد**

**ئەم بابەتە، لە ژمارە (1310)،**
**لەڕۆژی (1996/6/16)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبۆتەوە.**

*د.یوسف گۆران (ڕێناس سەمەد)



ـ1968 لە کەرکوک.

-دەرچووی کۆلێژی یاسا زانکۆی بەغدا 1989ـ 1990.

-ماجستێر لە یاسای نێودەوڵەتی (تیرۆری نێو دەوڵەتی)

-دکتۆرا لە دارِشتنی دەستوور و تێزەکەشی بە ناونیشانی رێکخستنی دەستوور لە کۆمەلگەی فرەسییەکاندا.

-سەرنووسەری گۆڤاری سیاسەتی نێودەوڵەتان، شئوون ترکیە، افاق شرق اوسطیە، جێگری سەرنووسەری گۆڤاری سەنتەری ستراتیژی کوردستان بووە.

-مامۆستای زانکۆ و سەرۆك دەستەی راوێژکاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

## جیهانبینی نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

نووسـەر لە روانـگەی (ئـاینی ئیـسلام)ەوە دەروانێـتە سروشـت و جیهان و مرۆڤ، مێژوو لە دیدگای ئـایینەوە حەقیقەتـێکە کە یەکجـار لە یەک ساتەوەختدا هاتۆتە بوون، یەک بەرنامەی ئاسمانی پیـرۆزیش بۆ بەڕێوەبردنی هەیە کە نەگـۆڕ و رەهـایە و سـەرجەم راسـتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤی لەخۆگرتووە.

خاڵی جەوهەری بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگا و پەیوەنـدی مـرۆڤ بە کـۆمەڵەوە "بـاوەڕ"ە، بـاوەڕ بە بەرنـامەی ئاسـمانی پیـرۆز، تـاکە سـەرچاوەی ناسـینی کـۆمەڵگە و گەردوون، بەمجـۆرە (بـاوەڕ) تەنهـا پێناسی مرۆڤە و تەنهـا پێوەریـشە بـۆ ناسـینی سروشـتی راسـتەقینەی مرۆڤ. (رەهایی) و (پیرۆز)ی بەرنامەی ئاسمانی وای لـێ دەکـات کە لە سەروو راستیەکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە بـژی، مێـژوو سـوننەتی بزووتن و گۆڕان دەیناسێنێ و بەرنـامەکەش نەگـۆڕ و نەبـزواوە، بەم پێـیە تێگەیـشتن و چارەسـەرکردنی کێـشە هەمەجۆرەکـان لە قۆنـاغە جیاجیاکــانی مێــژوودا، بەپێــی سیــستمی ئەو بەرنــامەیە، تەنهــا بەپەیرەوکردنی ئەو چارەسـەردەکرێت و هەر بیـرو بڕوایەکـی تـر لە دەرەوەی ئەو هەڵەیەکە یـان (گونـاه)ێـکە و لادانە لە بەرێـوەبردنی راستەقینە و تەنها ئەو دەتوانێـت کۆمەڵگـایەکی (تەبـا) و (برایـانە) و (دادوەرانە) دروستبکات.

چەمکی (برایەتیی ئیسلامی)، کە نووسەر وتـارەکەی خـۆی لەسـەر دامەزرانــدووە راســتەوخۆ لە سیــستمی فیکــری ئەو بەرنــامەیەوە سەرچاوەدەگرێ، چونکە ئەو سیستمە فیکرییەی پێیوایە کە بەرنـامەی

سەرجەم مرۆڤایەتییە بەبێ جیاوازی لە کات و شوێن و تەنها جیاوازییەک لەنێوان نەتەوە و کۆمەڵەکاندا زۆر و کەمی رادەی "باوەڕ"ە. چەمکی (برایەتیی ئیسلامی) واتە یەکسانیی نەتەوە جیاوازەکانە لە ماف و ئەرکەکانیان لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامی کە بە چەمکی ئەوان دەکاتە (خەلافەت)، بەمجۆرە (خەلافەت) بە پەیرەوکردنی ئەو چەمکە سەرجەم ناکۆکییە نەتەوەییەکان چارەسەردەکات، بەبێ پێویستی دامەزراندنی قەوارەی نەتەوەیی سەربەخۆ، چونکە دروشمی سەربەخۆیی و کێشە نەتەوەییەکان بە بڕوای ئەو زادەی کۆمەڵگا "نائیسلامیەکانە".

بەم شێوەیە لە چوارچێوەی (بەرنامەی پیرۆز)دا و لە دەوڵەتی (خەلافەت)دا پەیرەوی (برایەتیی ئیسلامی) لە جێگەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و بوونی سەردەستی و ژێردەستی (دادگەری)یەک بەرپادەکات کە (ئینسافانە) دەروانێتە (رەعیەت)، چونکە خاوەنی (تەرازوویەکی فیکری هاوسەنگە).

ئەوەی سەرەوە کورتەی دیدی نووسەرە بۆ سەرچاوەی (برایەتی ئیسلامی) لە رووی تیۆرییەوە، بەڵام هەروەک نووسەر خۆی هەوڵیداوە بە بەڵگەی مێژووی راستییەکان بسەلمێنێت، ئەوا منیش بەپێویستی دەزانم کە مێژوو لە قۆناغە جیاجیاکانیداو بە سوننەتی خۆی پێناسی "حەقیقەت" ئاشکرابکات.

## چەمکی نەتەوە و کێشەی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامیدا:

لە رووی مێژووییەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە چەمکی (نەتەوە) بەمانا سیاسییەکەی، واتا دروستکردنی قەوارەی سیاسیی

سـەربەخۆ، زادەی قۆنـاغێکی دیـاریکراوە، لە سـەرەتای گەشـەکردنی ڕژێمـی سـەرمایەداری وەک ڕژێمێکـی "ئـابووری — کـۆمەڵایەتی" لە ئەوروپـا و گەشــەکردنی بـازار و پێویـستی دابینکردنــی ڕێوشــوێنی کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و سیاسـیی تـایبەت بە پاراسـتنی بەرهەم و فرۆشــتن کێــشەی نەتەوەی وەک چەمکێکــی مێــژووی هێنــایەگۆڕێ، چـونکە پێکهـاتە سـەرەکیيەکانی نەتەوە (هاوبەشـە کۆمەڵایەتییەکـان) وەک زمــان، فەرهەنــگ، مێــژوو...هتــد. ئەو هۆکــارانە بــوون کە دروستکردنی قەوارە جیاجیاکانی دەسەلماند.

نووســەر، کاتێـک باسـی "سـەڵاحەدینی ئەیـوبی" دەکـات، وەک ســەرکردەیەکی ئیـــسلامی و پێکەوەنـــانی دەوڵەتـــی ئەیـــوبی و حـــوکمکردنی، دەیەوێـــت "ســـەڵاحەدینی" وەک نمـــوونەیەکی (برایەتیـــی ئیـــسلامی) باســـبکات کە بە ڕەگەز کـــورد بـــووەو ســەرکردایەتی ئیـسلامی کـردووە و بیـری بەلای نەتەوەی کـورد و قەوارەی نەتەوەییدا نەچووە. ئەم بۆچوونەی نووسـەر لە سیـستمی فیکـری ئەوەوە سـەرچاوەدەگرێت، ئەو چەمکـی نەتەوە وەک هەر چەمکێکــی تـر لە دەرەوەی مێـژوو دادەنێــت و مــامەڵەی لەگەڵ دەکـات، هەر بـۆیە نەتەوە وەک (بـوونی مـاددی) یـان مێـژووی نەتەوەیەک لەگەڵ چەمکـی نەتەوە بەمانـای سـەرهەڵدانی قەوارەی سیاســـی لەیەک جیاناکـــاتەوە، ئەوەش وای لـــێ دەکـــات کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد (بەکوردیزم)* ناوبـات و ئەو مانـایەی بداتێ کە لادانێکە لە ڕێـگەی (بـاوەڕ) و دەبێـت کـورد بگەڕێـتەوە ســەر ڕێگــا راســتەکە. مێــژووی دەوڵەتــی ئیــسلامی، مێــژووی "دەوڵەت- خێڵ"ە کە لەسایەی ڕژێمێکـی (ئـابووری- کـۆمەڵایەتی) فیوداڵیدا دامەزراوە، لەکۆتاییەکانی ژیانی دەوڵەتـی عوسـمانی وەک دەوڵەتێکــی ئیــسلامی و ئەو کــاتەی بــزووتنەوەی نەتەوایەتــی

ئەوروپای گرتەوە ئیتر وردە وردە (برایەتیی ئیسلامی) لە مێـژووی سیاسیدا بەرەو ئاوابوون چوو. پێدەچێ نووسەر (ئەحـمەدی خـانی) گەورە شاعیری کورد بە (موسڵمان) نەزانێ، لەکاتێکدا کە سـەرەتای هەستی نەتەوایەتی کورد وەک چەمکێکـی "سیاسـی- کـۆمەڵایەتی" لای ئەو ئاشکراکراوە.

نووســەر بــۆ پاســاودانی (فیکــری نــامێژوویی) خــۆی، خــۆی لە راستییەکانی مێژوو لادەدات، ئەوەتا پـێش سـەرهەڵدانی بـزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئەوروپا بۆ ماوەیەکی درێژ یەک یان دوو خێزان حوکمی زۆربەی ئەوروپایان کـردووە، بەڵام لەگەڵ سـەرهەڵداتن و خـۆگرتنی نەتەوە تەنانەت چەمکـی "خێزانـی حـوکمڕان" لە مێـژووی ئەوروپـادا ئاوابوو.

## دەوڵەتی عوسمانی و کێشەی نەتەوایەتیی کورد

ئەوەی لێرەدا جێـی سـەرنجە ئەوەیە، کە نووسـەر لە باسـکردنی دەوڵەتــی عوســمانی و پەیوەنــدی ئەو دەوڵەتە بە نەتەوەکــانی چوارچێوەی دەسەڵاتییەوە، نەک تەنها راستییەکانی شاردۆتەوە، بەڵکو بەئاشـکرا هەنـدێک لایەنـی ئەو مێـژووەی بەئەنقەسـت شـێواندووە. دیارە ئەگەر وای نەکـردایە، ئەوا بـۆ سـەلماندنی چەمکـی (برایەتیـی ئیسلامی) دەکەوتە قەیرانەوە.

بۆ زیاتر روونکردنەوە، پێویستە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی بکەین بە دوو بەشەوە:

1- پێش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە جیهانی ئیسلامیدا.

ئاشـکرایە کە دەوڵەتـی عوسـمانی لە سـاڵەکانی 1298-1299ز بـۆ یەکەمین جار هاتە سەر شانۆی مێژوو یەکەمـین میـری ئەو بنەمـاڵەیە "عوســمان بــن ارنقــل" بــوو.. لەپــاش چەنــد جەنگێکــی خوێنــاوی لە

ئەنادۆڵی تورکیدا توانی ببێتە دەوڵەتێکی گەورە، بەتایبەتی پاش داگیرکردنی بەشێکی زۆر لە ئەوروپا و گرتنی قوستەنتینە لەلایەن سوڵتان (محمدی فاتح) لە ساڵی 1452زدا.

بەڵام پاش شکستی ئەو دەوڵەتە لە ئەوروپا، بەتایبەتی لە جەنگی نزیک (ڤیینا)، دەوڵەتی عوسمانی روویکردە رۆژهەڵاتی ئیسلامی و بۆ داگیرکردنی ناوچە ئیسلامییەکان بە ڕەسمی دروشمی (خەلافەتی ئیسلامی) بەرزکردەوە.

ئێستا ئەو پرسیارە خۆی ئاشکرادەکات، کە ئایا سیاسەتی (برایەتی ئیسلامی) لۆجیکی حوکمی دەوڵەتی عوسمانی بووە؟ ئایا نەتەوە جیاوازەکانی ناوچەکە وەک نووسەر دەڵێ (ولائیان هەبووە بۆ دەوڵەتی عوسمانی؟) ئاشکرایە کە گرتنی وڵاتانی ئیسلامی وەک عیراق، شام، میسر لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لە ئەنجامی جەنگدا بووە، نەک بەئاشتی. شەڕی خوێناویی دەوڵەتی عوسمانی لە دژی دەسەڵاتی "مەمالیک" کەوتنی دووهەم نموونەی ئاشکرای چۆنیەتی فراوانبوونی دەوڵەتی عوسمانییە. وا دیارە "مەمالیک" کافربوون و عوسمانییەکان ئایینی ئیسلامییان بۆ بردبن!. هەروەها پەیڕەوکردنی (برایەتیی ئیسلامی) زۆرتر ئاشکرادەبێت، ئەگەر بزانین کە یەکێک لە هۆکارەکانی شەری چالدیران لە دژی دەوڵەتی سەفەوی کە شا ئیسماعیلی سەفەوی حوکمی دەکرد (ساڵی 1514ز روویدا) ئەو قەتڵ و عامە بوو کە سوڵتان سەلیم لە دژی "شیعە مەزهەبەکان" بەرپایکرد، کە لە بڕیارەکەیدا هاتبوو هەموو (شیعە)کانی هاوئایینی دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان (7 تا 70) ساڵی بکوژرێن و بڕیارەکەش جێبەجێکرا. هەڵبەت من نەم بیستووە مەزهەبی شیعە مەزهەبێکی کافرانە بێ.

دەوڵەتـــی عوســـمانی بـــۆ رووخـــانی ئیمـــارەتی (بەدلـــیس)، کە ئیمارەتێکی بەهێزی کورد بوو، جەنگێکی خوێناوی بەرپاکرد و تیایـدا (بدلیس)ی میری ئیمارەتەکە گیـراو ئەو کتێبخـانە بەنـرخەش کە لەوێ هەبوو سووتێنرا. ئا بەمجۆرە دەوڵەتی عوسمانی مـامەڵەی (برایـانە)ی لەگەڵ نەتەوە موسڵمانەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی کردووە!

2- دەوڵەتی عوسمانی پاش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی:

مێــژووی خوێنــاوی و پــڕ لە کارەســاتی دەوڵەتــی (عوســمانی- ئیسلامی) لێـرەوە بەزەقـی دەسـتپێدەکات، کاتێـک کە بـزووتنەوەی نەتەوایەتـــی، وەک بزووتنەوەیەکـــی فیکـــری سیاســـی ســـەرجەم نەتەوەکانی جیهـانی ئیـسلامی گـرتەوە، بەنەتەوەی تـورک-یـشەوە. ئەوەش لە ژێر کـاریگەریی گەشەسـەندنی سـەرمایەداری و شۆڕشـی مەزنی فەرەنسا 1789ز سەریهەڵدا، بەهۆی نزیکی ئەستەنبوڵ (بـاب العـالی) پـایتەختی ئەوسـای عوسـمانییەکان لە ئەوروپـا، یەکەمجـار بزووتنەوەی نەتەوایەتی نەتەوەی (تورک)ی هەژاند، پاشـان هەمـوو نەتەوەکـانی جیهـانی ئیـسلامی هەر بەو هـۆیەوە بـوو کە سـوڵتان مەحمـــودی دووەم بڕیـــاری هەڵوەشـــاندنەوەی هەمـــوو ئیمـــارەتە کوردییەکانی ئەوسای دەرکرد (بابان، سۆران، بەدرخان)، ئەو بڕیـارە وای لە (بەدرخانییەکـان) کـرد کە پەیمانێـک لەگەڵ هەمـوو هـۆزە کوردەکاندا پێکبهێنن، کە ناونرا (پەیمـانی پیـرۆز)، چـونکە پێیوابـوو ئامانجەکانی ئەو پیـرۆزەو رزگـاریی کوردسـتانی بەداوەدەبـێ، بەڵام پاشان لە ئەنجامی:

1-خیانەتکردنی یەزدان شێر.

2-هاوکاری بەریتانیا بەشـێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ عوسـمانیەکان دژی بـــرا ئاینییەکـــان کە کـــوردە ئەو پەیمـــانە شکـــستی خـــواردوو بەدرخانییەکانیش رووخان.

بەهەمان شێوە (میرنشینی سۆران) روخێنرا کە مێژوو ئاگادارە (مەلای خەتێ) چ رۆڵێکی هەبوو لە شکستی ئەو ئیمارەتەدا. بۆ هەڵوێستی کوردیش لە دوای کەوتنی میرنشینی بابان تەنها شیعرەکەی (سالم) بەسە، کە وادیارە نووسەر پێیخۆش نییە بیخوێنێتەوە:

"ئەسیری نەجم و هیلالە شەوە سولەیمانی

غروبی نەجمی شکۆهی بابان-ی"

ئەمە بوو راستی مامەڵەی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ میرنشینە کوردەکاندا، کە نووسەر پێیوایە لەسایەی برایەتیدا نیمچە سەربەخۆییان هەبووە و نایەوێ باسی رووخاندنیان بکات.

بۆ زیاتر ئاشکراکردنی مامەڵەی دەوڵەتی عوسمانی، دوو نموونە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی عەرەبی باسدەکەم، وەک تووڕەیی ئەو نەتەوەیە لە دەوڵەتی سەردەست:

1-بزووتنەوەی (محەمەد عەلی) لە میسر (محەمەد عەلی پاشا) لە بنەڕەتدا ئەفسەرێکی عوسمانی بوو کە لەگەڵ هێزەکانی عوسمانیدا بۆ داگیرکردنی میسر هاتبوو، پاش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی عەرەبی (محەمەد عەلی) دەستیکرد بە کارکردن بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ناپلیۆن میسری داگیرکردبوو، ئەو پاشایە توانیی ببێتە سەرکردەی میسرییەکان و پاشان زۆر لە وڵاتانی عەرەبی ژێر چەنگی عوسمانییەکانی رزگارکرد و خستنییە ژێر سایەی خۆیەوە. هەتا وای لێهات کە پاش شەڕی (نصیبین) دژی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵانی 1836-1837ز دەوڵەتی عوسمانی کەوتە بەر مەترسیی رووخان، بۆیە بەهاوکاریی هێزی دەریایی بەریتانیا، کە لە ساڵی 1840ز لە فەلەستین دابەزی، توانییان (محەمەد عەلی) بشکێنن و پرۆژە نەتەوەییەکەی سەری نەگرت.

2- شۆڕشــی (شــەریفی مەکــکە) لە ســاڵی 1916 دژی دەوڵەتــی عوسمانی، کە بەهاوکاریی بەریتانیـا بەرپـایکرد، نووسـەر دەڵـێ کەوا (شەریف) پەشیمان بووە، چـونکە بە پیلانـی زانـی دژی (خەلافەت)، بەڵام پەشیمانی ئەو لەوەدا بوو بەریتانیا پەیمانەکانی جێبەجێ نەکـرد کە بەشەریفی دابوو.

ئەوە بوو (برایەتیـی ئیـسلامی) لەسـایەی دەوڵەتـی عوسـمانیدا کە چەندین جار هاوکاریی بەریتانیای دوژمنی ئایینی کرد بۆ رووخاندن و شکستهێنانی بزوتنەوەی برا ئیسلامییەکانی خۆی.

نووسەر لە هەوڵێکی سەرنەکەوتوودا بۆ جـوانکردنی رووی رەشـی مێــژووی دەوڵەتــی عوســمانی و ناشــرینکردنی رووی بــزووتنەوەی نەتەوایەتـــی کـــوردی، هەروەک دەوڵەتە خۆشەویـــستەکەی، لەگەڵ بیروڕای (کەمالیـستەکان و ئیمپریـالیزمی ئینگلیـزی) یەکـدەگرێتەوە و بەئەنقەسـت راسـتیی شۆڕشـی (شـێخ سـەعیدی پیـران) دەشـوێنێت. بەبــڕوای نووســەر شۆڕشــی شــێخ ســەعید، کە لە ســاڵی 1925 لە کوردســتانی تورکیــا دژی (کەمالیــسەتەکان) بەرپــابوو، بەمەبەسـتی ئازادکردنی کوردستان، بۆ گێڕانەوە خەلافەت بـوو، بەڵام بـۆ ناسـینی ئامانجی نەتەوەیی ئەو شۆڕشە، ئەوا لێرەدا دوا وتەکـانی سـەرکردەی گەورەی شۆڕش و یەکێک لە سەرکردەکانی تر باسدەکەم، کە لە کاتی دادگاییکردنییان لە سـاڵی 1952 لە "دادگـای ئیـستیقلال"ی تـورکی لە دیاربەکر ئاشکرایانکرد.

(شێخ سەعید)ی سەرکردە بەرامبەر بە دادگا وتی (لەکۆتایی ژیـانی مندا ئەگەر بۆ نەتەوەکەم بـبمە قوربـان پەشـیمان نـیم... بە کوشـتنی ئێمە میللەتێک نامرێ! (2)

هەروەهـا (جبـران خەلیـل بەگ)ی سـەرکردە لە بەرامـبەر دادگـا دەڵێ: (لەبەرامـبەر ئێـوەدا مـن تەنهـا نـیم، چـونکە مـن لە ئێـران و

میسۆپۆتامیا پاڵپشتم هەیە، لە تورکیاشـدا هێزێکـی گەورەی نەتەوەی کورد هەیە. ئەمرۆ ئێوە لە سێدارەم دەدەن، بەڵام هیچ گومانم نیـیە نەوەکانمان لە ناوتان دەبەن).

کاکی نووسەر، ئەوە بوو ئامانجی شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیـران)، نەک گێـڕانەوەی خەلافەت. هەر بـۆیەش جەمـاوەری کـورد شـوێنی کەوتــن. زۆر ســەیرە کە کەســێکی وەک (جەواهــر لال نهــرۆ) لە کتێبەکەیدا، کە لە زیندان نووسیویەتی، راسـتی شۆڕشـەکە دەزانێـت، ئەگەرچی لە هینستان بوو، بەڵام برای نووسەر ئاگادارنییە!!

ئەمــرۆ لە پــاش ئەو مێــژووەی چەمکــی (برایەتیــی ئیــسلامی) بەخـۆیەوە بینیـووە لە مـامەڵەی دەوڵەتـی ئیـسلامی لەگەڵ نەتەوەی کورد. تۆ بڵێی "پارتی رەفاهی ئیسلامی" تەنها بەو دروشمەی کێشەکە چارەسەربکات؟!

تەنها بەرزکردنەوەی دروشمێک هیچ لە راسـتی سیاسـەتی حزبێـک ناگۆڕێت، ئەوەتا "شێخ عمر غریب" لە وتارێکیدا، کە بەنـاوی (پـارتی رەفــاهی تــورکی و کێــشەی کــورد)ەوە لە گۆڤــاری (ئیــستیقلال)دا بڵاویکــردۆتەوە، دەڵێــت: (هەڵوێــستەکانی پــارتی رەفــاهی تــورکی بەرامبەر کێشەی کورد بە داخەوە ئیجابی نین، بەڵکو سلبین، چـونکە ئەو دان نانێـت بە گەلـی کـورددا وەک گەلێـک و کوردســتان وەک نیــشتمانێک. هەروەک دان دەنێــت بە تــورک و تورکیـا وەک گەل و نیـشتمان، وە لە ئامانجەکـانی پـارتی رەفـاه دروسـتکردنی "تورکیـای گەورە"یە، ئێمە دەپرسین تورکیای گەورە چییە؟).

هەروەها لە جێگایەکی تردا دەڵێـت: (پـارتی رەفـاه یەکـدەگرێ و ئیئتیلاف دەکات لەگەڵ دڕندەترین پارتی تورکیدا، هەر وەک لە ساڵی 1991 لەکاتی هەڵبژاردنی تورکیادا هاوپەیمان بوو لەگەڵ "پارتی کاری نەتەوەیــی تــورکی" کە پــارتێکی نــازی رەگەزپەرســتی تونــدرەوەو

بەئاشـــکرا داوای لە نـــاوبردنی نەتەوەی کـــورد دەکـــات)· ئەمەیە حەقیقەتی پـارتی رەفـاه و (برایەتیـی ئیـسلامی)یەکەی، کە سروشـتی ئاسایی نەتەوەی تورکی سەردەستە·

## نووسەر چۆن دەڕوانێتە مێژوو:

مێژوو لە روانگەی نووسەرەوە، حەقیقەتێکـی چەسـپاو و نەگـۆڕە، حەقیقەتی نموونەیەکی تایبەت لە کـۆمەڵگە و دەسـەڵات، کە مێـژوو زۆر دەمـــێکە جێیهێـــشتووە و گەڕانەوە و دووبـــارەکردنەوەی لەم سەردەمەدا هەر لە خەیاڵی نووسەردا هەیە·

بەپێـــی جیهـــانبینی نووســـەر، مێـــژووی (راســـتەقینە) ئەوەیە کە (بەرنـــامە)کەی ئەو پراکتیکبکـــات، بەبـــێ ئەوەی ســـەرنجبداتە پـــایە واقیعییەکانی مێژووی ئێستاو رابردوو ئەو هەمـوو سـاتێکی مێـژوو لە رابردوویەکی دووردا پێناسـەدەکات، بەکـورتی مێـژوو لای ئەو مانـای نوێ دروستناکات تا کۆنەکان ئاوابن، بەڵکو مێژوو تەنهـا یەک مانـای ڕەهاو نەمری هەیە کە (بەرنامەکە)ی ئەوە، ئەوسات و شوێنانەش کە لە دەرەوەی جیهـانبینی نووســەر کـاردەکەن، ئەوە هەڵەن و دەبـێ راســتبکرێنەوە· کەواتە لەلای ئەو تەنهـا راســت و هەڵە هەیە، وەک ئەوەی ئەو دیارییانـــــدەکات· جیهـــــانبینی نووســـــەر روانینێکـــــی (نـــامێژوویی)یە، کە هەرگیـــز مێـــژووی کۆمەڵگـــا وەک بونیـــادێکی زیندووی گەشەسـەندوو نـابینێ، ئەوەش رەتـدەکاتەوە کە میکـانیزمی جـووڵەی مێـژوو بە گـشت و تایبەتەکـانەوە میکـانیزمێکی نـاوەکی و شـوێنکاتییە و پابەنـدی یاسـاکانی جـووڵەی کـۆمەڵگە و شـێوەکانی جووڵانە·

ئەنجام نووسەر بزووتنەوەی نەتەوایەتـی کـورد، کە بە (کـوردیزم) ناویدەبا، وەک لادانێک لە حەقیقەتی رەهای نامێژوویی (بەرنامەکە)ی

خـۆی تەماشـادەکات و پێیـوایە بەهەڵگرتنـی دروشـمی (برایەتیـی ئیسلامی) هەمـوو کێـشەکان چارەسـەردەکرێن، جـا هەر دەسـەڵات و نەتەوەیەک لە هەر پارچەیەکی کوردستان ئەو دروشمە بەرزدەکاتەوە.

*لە وتـارەکەی نووسـەردا "کـوردیزم" مانـایەکی گاڵتەجـاڕی دەگەیەنێت.

**ئەحمەدی خانی لەنێوان ساڵانی 1650 — 1706ز ژیاوە.

***مەبەست لە (نەجم و هیلال) ئاڵای دەوڵەتی عوسمانی تورکییە.

**سەرچاوەکان**


1)ترکیا دەر جستجوی نقشه تازه دەر منتفه / الانصاری.

2)پەیوەندییەکانی تورک و ئەرمەن لە ساڵی 15 – وە تا ئەمڕۆ / سامسون. گارون چاپخانەی مەد 1969 (تورکی).

3)کوردەکانی ئیمبراتۆرییەتی عوسمانی / جەلیل جەلیلی.



محەمەد عەلی پاشا



ئەحمەدی خانی



دادگای ئیستقلالی تورکیا



شۆرشگێڕانی کورد دەست بەسەرن



کوردستانیان گرفتێکی بەردەوام



ئەندامانی دادگای ئیستیقلالی تورکیا



شا ئیسمائیلی سەفەوی



عیسمەت ئەنینۆ



خالد بەگی جەبرانلی و د.فوئاد



محەمەدی فاتح



سلێمان قانوونی



کەمال فەوزی



ناپلیۆن